رۆمان

# بورکانی رۆح

نوسینی : صلاح جلال

**تێبینی :**
**هیچ کەس و لایەن و حیزبێك بۆی نیە بەبێ پرس و رەزامەندی نوسەر هەستێت بە فۆتۆ و راکێشان و لەبەرا گرتنەوە و بەکتێب کردن و بلاو بونەوە و چاپکردنەوەی ئەم کتێبە..هەروەها ئەوانەی دەیانەوێت کاری وەرگێڕان و شانۆ و سینەما ی لەسەر بکەن پێویستە پرس و رەزامەندی وەربگرن.بە پێچەوانەوە هەرکەس ئەو کارانە بکات دەیدەم بە دادگا.**

**ناوی کتێب : بورکانی رۆح**
**بابەت : رۆمان**
**نوسینی : صلاح جلال**
**چاپی یەکەم :چاپخانەی ئاسمان..شێتخانەی صلاح جلال ٢٠٠٨**
**تایپی مسوەدەی کۆن : شالاو محمد**

## پێشەکی رۆمـانی بورکـانی رۆح بەشـێکە

لەو سەرکێشیەم کە لـە نوسـینیا کردومـە..ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بـوار و فـەزا ئـاڵۆزەی کێشەی نەتـەوەیی کورد و ئەو رۆڵەی بـارزانی کە پتر لە نیو سەدە لە تۆفـانی زەریای بێ ئـاماندا سەرکردایەتی کەشتی شۆڕشی کـردوە و زەمـەنی بـاوکی رۆحـی پـڕ کردەوە و پانتاییەکی لەسەر ئـاستی نـاوخۆ و جیهانـدا گـرت کـە تـا ئێسـتا جگـە لـە هێرش و پیرۆز کردن و نوسینەوەی مێژو خوێندنەوەی بۆ نـەکراوە.. گواسـتنەوەی ئـەم مێژوەش لە فەزای رۆماندا لە سەرکێشی تێپەڕاند و چوە ئەو دیوی مەرگـەوە.. چـونکە لەسەر ئـاستی جیهانیش ئەم هەولانە ناگەنە پە نجەی دەست .

دەمێك بو دەمویست لە مێژویەکی وا ئـاڵوز و چڕا کارێکی وا بکەم کە بە دەیەها کتێـب کۆتـایی نایـەت..ئـەم گواسـتنەوەیەش لـە رێـی ئـەو کارکردنـەی لـە گوتـار و فـەزای رۆمـاندا تـواوەتەوە کە مێژویەکی ئـاڵۆزە و چڕ کردنەوە و تواندنەوەیە لە ساتەوەختی ترسنـاك و کار کردنە لە زەخرەفە و وێنەی زیهنی و میتا مێژو زەمەن و روداو و زمـان و بـون و شـتەکان و یاریـە لـە میتـا مـەرگا لـەو ئاراسـتەیە دەرچـوە کـە بەسـانایی بخوێندرێتەوە .

سەرەتـای نوسینی ئەم رۆمانەش سالی ١٩٩٣ بـە نـاوی ئـاوێنـەی بورکـانی ژەنـراڵ بـە چا پی دەستی بلاومکردەوە کە هەڵەی بێسنوری تیا بو .. وەك کتێبەکـانی تـرم بە فۆتـۆ و بێکەسـی رام کیشـا و بـە چـاپ نـەدەژمێردرا و باشـیش نەدەخوێندرایـەوە.. لەگـەڵ

ئەوەشدا تا ئێستاش لای زۆر لە رۆشنبیر و نوسەران بە کارێکی سەرکەوتو باسکراوە و بەردەوام هانیان دەدام تا چاپی بکەمەوە .. زۆر دەیانگوت : دوای مەرگی خۆت دەفەوتێت چونکە چاپەکەی ناخوێندرێتەوە..تەنها کۆمەڵێك هۆکار رێیەستی نوسین بون لە سەری .

لەو ماوە زۆرەشدا بەهۆی کۆمەڵێك نوسەر و هۆکاری تر نزیکەی دە ساڵە بۆ هیچ ڤیستڤاڵێکی هەولێریش نەچوم ..بۆیەش بۆم چاپ نەکرایەوە و هەمو کتێبەکانی تریشم لەسەر ئەرکی خۆم کردوە و دەزگایەك لەو دو حکومەتە کتێبێکیان بۆ چاپ نەکردوم..هەر بۆیەش ئەم چاپەشی هەر لەسەر ئەرکی خۆم بو..چونکە ئەمڕۆ ئەو نوسەرانەی بونەتە دەربار زۆربەی ئەوانەن کە تەنیا را پورت دەزانن ..ئاشکرایە من لەسەرەتای نوسینمەوە تا ئێستا ئەوە نەبوم ئەو کەسانە بتوانن لە نوسینیشم بگەن و پێویستیم بەو شتە سەرەتاییانەی ئەو بێ سەرەتایانە نیە لە ئەدەبدا.. تەنیا ئەوە نەبێت لایەك نوسینم بۆ بڵاو بکاتەوە..کە ئەو زوڵمەی لە من کراوە لە هیچ کەسێکی تر نەکراوە تا ئێستا.. بەڵام منێك کە بە سەدەها بەڵگەنامەی عەرەبی و کوردیەوە( بین الجنون والگفوله والعبقریه ) پێویستە سەبری ئەیوبی سەدەی گومانم هەبێت.

پاش تایپ کردنەوەی ماوەی پێنج مانگ شەو و رۆژ سەر لەنوێ ئیشم تیا کردەوە و ئەوەندەم گۆڕان تیا کرد کە ناگەڕێتەوە.. دوای ئەوەش ماوەیەکی درێژ تر ئیشم تیا کردەوە..ئەوەیشی کێشەم بو نەبونی لاپتۆپێك بو کە چەند لایەکی سودمەند بۆیان نەناردم و دوا جار خۆم کریم.. بۆیەش هەتا دوای بۆسوی سوتانی رۆح و پروسك بە داخەوە بۆ زۆر کەس و لایەن بەتایبەتی پارتی.. بۆیەش بەبێ کەسی وەك نوسینەکانی ترم ناچار لە ئینتەرنێتدا بڵاوم کردەوە..ئەم پرۆژەیە دەبێتە شاهیدی هەمو راستیەك و ئیتر دەخوێندرێتەوە کە چیە هەتا راستی ئەم نوسینە دەربکەوێت ؟..ئەوەی گەوهەری ئەم نوسینەیە هەمو کەس و خوا دەزانێت رۆحم لەگەڵی توایەوە و

چەندم پارە لەسەر سەرف کردوە بەبێ ئەوەی بەکەسێکم گوتبێت..دنیاش دەزانێت کە من بێلایەنی خۆم بە خوێنم پاراستوە.. لەبەر ئەوەی نیەتم داهێنان بوە و گوێم بە هیچ نەداوە و ئەم سەرکێشیەم کرد کە کەسیش بۆی ناکرێت..چونکە هەمو کەس دەتوانێت مەقالی مێژویی لەسەر بنوسێت بەڵام بە رۆمان کارێکی مەرگاویە..ئەوەش جیهانی سەرکێشی و شێتێتی منە و بەو یاخی بونەوە ناسراوم و بە ئیمپراتۆریەتی شێتی ناونروام لەسەر ئاستی عەرەبیش هەتا (احمد الشیخ .د.قیس کاقم و چەندانی تر) لە لێکۆڵینەوەدا رونیان کردەوە و(د. مالك متەلبی ئەو هاوکێشەیەی دەرخست:(صلاح جلال تۆ بە هەڵە بە ئیمپراتۆری شێتی ناونراویت.. تۆ ئیمپراتۆری مەعریفەیت) بەم روانینە شێتیەوە توانیم لە بواری فەزایەکی بێ وێنەی ترسناك بدەم لە بواری گەورەترین کەسێتی لە مێژوی نەتەوەی کوردا و ئەو مێژوەیشم لەبەرە و نوسین نەبوە لە سەری نە مخوێندبێتەوە..بە تایبەت کتێبەکانی کاك (مەسعود بارزانی) سەرچاوەیەکی باش و ورد و پڕ بایەخ بون بۆ ئەوەی هیچم لێ هەڵە نەبێت و زۆر سودی چاکم لێبینین بە تایبەت دو بەرگەکەی لەسەر شۆڕشی ئەیلول کە تەواو زیرەکانە نوسراونەتەوە..ماندو بونیشم پێوەی لەوە زیاتر بو کە ژیانیشم بە هۆیەوە سوتا ..تا ئەوەی بە قەد ڤێتنام موشەکم بەر کەوتوە و سوتاوم.

سلێمانی ئەنتەرنێتی شار١٥:٤:٢٠٠٨

1 نمەی باران شوشەی پە نجەرەی ژورەکەی
گرتبو..گڵۆپ و تیشك و روناکی لە ژێر سێبەری پەڵە هەوری شاراوەدا مات ببون
گەواڵە گەواڵە وەکو چەرچەفی نهێنی بەسەر ئاسمانی ئەمریکاوە دەکشان و چارۆکەی
هێمنی نەخۆشخانەیان دە پێچایەوە..زەنگی نەبڕ خامۆشی جەستەی دەدڕی و گومان
لە هەمو شتێکەوە دەردەکەوت..وەکو تارای نهێنیەکی نادیار داپۆشی بێت..یان
گەروی زمانێك بەو وشانە بکرێتەوە کە بە زمان تاڵ بون و گوێیان دەخستە سەر
خرۆش ..دەنگی سروشت ئاوێتەی نوزەی گریانێکی خەفە بو..زمانێك لە بێزمانیەوە
تۆڕی ئاماژەی ئاسۆییان لە فەزای روانینا بەرجەستە دەکرد و وێنەی نەفخی نەبینی
سروشتی شاراوەی زەمەنی دور و نزیکیان لێ دەردەکەوت .. لە سەر جەستەی سەر
چرپایەکە گرمۆڵە دەبونەوە و وەك موروی ئاوداری زەمەنی رۆح دەنگیان دەدایەوە .
زەنگی تەلەفۆن هێڵی نامۆی لە شەپۆلی فەزایا کێشا..پزیشکەکە چەرچەفەکەی
خستەوە سەر سنگی و ئامێر و کاغەزی پشکنینی لەسەر مێزەکە دانا و کتو پڕ
گەیەنەرەکەی هەڵگرت:
*هەلاو .. هەلاو........
*....................

دای خستەوە و چاوی پێدا گێڕایەوە و چوەوە سەر مێزەکە .. شرینقەکەی هەڵگرت و
بە دەستی چەپی ڕایوەشاند..ئەویش زەردەخەنە کەوتبوە سەر لێوی و چاوی لەبەر
کۆمەڵە تیشکی ئاوەژودا هەڵدەفڕی و شوشە و دیوار و ڕوانین و مرۆڤ و ئاوێنە و بون و
ژیان و جیهان لەلای ئاوێتە دەبون و لە وێنەی فۆتۆییا لەبەر چاوی تیشکیان
دەدایەوە و بە شنەی شەماڵی بیرەوەریەوە بە جەستەیدا دەکشا و لە سەر لێوی
نیشانەی پشکوتنی گوڵی ئاسۆیی تیا دەدرایەوە.

لە پڕ ئەو تیشکە بە دەزولەی سەدان فلیمی سەر سورهێنەرەوە لە نیگایدا گرمۆڵە بونەوە..لە دوا تەمی بریسکەی شرینقەکەوە خورپە گرتی و گومانی کتو پڕی بە خوێنی دا دەهات و تر پەی دڵی زیا تر دەبو.. بە قەتارەی زەردەخەنەکەیەوە بە کاروانی وند ا رۆ دەچو.. لە ڕەنگ و روی پزیشکەکەی دەڕوانی دو چاوی شینی بە سەر پێستی سور باویدا ڕوخساری هەمە رەنگەی دەخستە گەرداوی ژیانیەوە و دیمەنی تەلسکۆبی نیگای دەکەوتنە سەر شە پۆل..دیوار و گلۆپ و پە نجەرە و دەرگا و دۆشەک و کورسی و گوڵ و شوشە و بۆیاخ و هەمو مادەیەکی لێ ببو بە ئاوێنە و کەفێکی سپی و شێوە و ڕەنگی دیاردەی بونیان دەدایەوە.

گلێنەی چاوی لەو پڕۆڤەیەدا نوقم ببو..برژانگی بە تیژی سێبەری ئەو وێنەیەیان دەکێشا و لە ناو سەدان وێنە و پریشکی ڕەنگا و ڕەنگدا هەڵدەفڕین و روانینی لە بیرەوەری کەفی شرینقەکەوە ڕۆ دەچو .

ئەوە هەر لەسەرەتای چاو کردنەوەی لە چیرۆکی ژەهرخواردوییەوە توشی ئەو ئەشکە نجەیە هاتبو.. ئەو ژانە لە تەمەنی لاوێتیا گرتی و دو هەفتە خستیە سەر پەلاماری مەرگەوە .. کاتێك بۆ یەکەم جار ژەهر خوارد و کرا لەوەوە ئەو گومانە گشتیەی لە ژەهر و شرینقەی کوشندە و مردن و ژیان بۆ دروست بو.

لەو ساتەشدا ئەو گومانەی پەرەی دەسەند و بورکانی تەمەنی دەتەقیەوە و بیری ئەو رەگە شیر پە نجەییەی دەکردەوە کە دەرزی ژەنی نەتەوەیەکی کرد بو.

لەو چرکەیەشدا نەشتەر لە بیرەوەری دەدرا و لەگەڵ خولیا و ئارەزو خەرمانەی تەمەنیدا لە ناو کەفی ژەهراویدا بیرەووری شە پۆلیان دەدا و جەستەی دەتوایەوە ..وەکو پە پولەی ئەزەلی خۆی دەدیەوە و لێلی و تاری و ڕوناکی نیگایان دە پۆشی و ژەهر و ڕەنگی ئاڵۆز چە خماخەیان دەدایەوە و لەو گەرداوەدا بە جۆرێك مۆمیا دەبو تەزوی گەرم خرۆشی دەخستە ناو دەماری و ڕەگی بینین و بیستنی کەوتبونە ڤیدیۆی بیرەوەری دەیان ساڵەوە .. ئاوازی ترسناك وێنەی ژیانیان دەشێواند و ژانی خەفەی

زیندو دەبوەوە و سەر لەنوێ چرۆی نەخۆشی لە خوێنیدا دەکفایەوە و بزەی تاڵی و شادی ڕوانینیان داگیر دەکرد ..بەو روخسارەیشەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بو ئەو تەزوە مێشکی دەگوشیەوە.. کەش و هەوای نەخۆشخانەش شێوازی شانۆی پڕ لە کارەساتیان بۆ دەرخساند.. دیواری سادە و بریقەدار بە رەنگی پەردەی سەوز شە پۆلی هێمنی بیرەوەریی فۆتۆییان دەردەخست.. وێنەی سەدان تابلۆی سریالی پێشانگای دیمەنی خوێن و گۆشتیان دەخستەوە بەر چاو و نەخشەی بە کراوەیی دەدیەوە و شە پۆلی پە یمانی سیڤەر و ئەرزرۆم و جەزائیر و بەغداد و سایکس بیکۆ و ناتۆ وەکو لافاوی ستەم شە پۆلیان دەدایەوە.

ئەو شێیە وەکو خۆرە گۆشتیان دەڕزاند..لەگەڵ ئاوازی مۆسیقای خامۆشدا زەردەخەنە وەك کارگ لەسەر لێوی هەڵدە تۆقا و دەشنایەوە و ڕوانینی ببوە ئاسمانی سەدان قافڵەی مەلی کۆچەری خاکی سوتاو .. دەرزی ژەنی دڵ و خوێن و ڕۆحیان دەکرد و دەکەوتنە سەر شە پۆل و لە کەفی سپیەوە بە تولە ڕێگای دژواری چیای سەر کەشەوە دۆزەخی خوێناویان نیشان دەدایەوە..وەکو لە ئاسمانێکی نەبین بڕوانێت ئاوێنەی دوژە و گڕ و ئاو و دوکەڵ بێت و پروشەی گۆشت بە سەریدا ببارێت.. بەو جۆرە خوێناوی دەیان ساڵی شۆڕش وەکو فوارەی چەمی شاراوەی دڵداری مەرگ و ژیان لەسەر ڕۆحی ئاگریان دەکردەوە..وێنەی هەمو ئەو ساڵانەی لاوان بە سنگی خوێناوی و جێگە زامی گولەی مەرگەوە بە لادا دەهاتن و لە دوا هەناسەدا نەمریان لە سەر خوێنیان دەژیاندەوە:

*بژی کورد و کوردستان.

بەو جۆرە شارای جەستە بە یاری مەرگەوە دروشمی مان یا نەمان یان دەگوتەوە و دوا هەناسە خوڵ بە خوێنیان دەڕەنگا.

ئەو وێنانە لە لای ببون بە ئەلبومی بیرەوەری خوێناوی و سرودی ئەی ڕقیب یان لە مێشکیدا دەکرد بە ئاهەنگ..لەگەڵ نەورۆزی ئەو ساڵەدا سەر تۆپی گوڵی خوێناویان

بۆ گۆپكەی ئازادی بە ڕێ دەكرد.. وەكو هەمو ئەو جارانەی دەكەوتە سەر خورپە و هێز و تینی لە خوێنیەوە دەكفاند و ڕوانینی بە ناو پانتایی بەریندا كێش دەبو.. دەیویست بە سەر هەمو چڵ و گەڵا و گوڵ و بەرد و دارەوە وەكو شنە بای دوای وەشت بكشێ و ببێتە پەپولە و لێوی گوڵی لاپاڵ و بنار و لوتكە و پێدەشت ماچ بكات و بە خوێنی ئاڵ و گەشەوە زەماوەندیان لە گەڵدا بكات..هەمیشە ئەو وێنە و نەغمە و ئاوازانە بە خوێنیدا دەهاتن..وەكو ئەو هەڵبەست و لاوكو حەیران و گۆرانیانەی پێشمەرگە بە سەمای مردنەوە لە گەڵ چرانی كەفی خوێندا لە لێویان دەباری.

ئەو ئاوازانە ببونە خەرمانەی زمانی ئاسۆیی لە لای..لە ساتی بیركردنەوە و ڕۆچوندا فرمێسكی دەرشتە خوار و دەواری ترسناك بە ڕو بەری جەستەیدا هەڵدەدرا.

لەو ساتەشدا كەوتبونە ناو ڕوانین و هەست و مێشكیەوە و مۆسیقای دڵ تەزێن گوێی دەگرت..یادی ئەو ڕۆژە سەختانەی بیر دەهاتەوە كە پتر لە نیو سەدە باروت و ئاگر بارانی فڕۆكە و زرێ پۆش و تۆپ و شەستیر و گولە بەرد و گڵیان دەسوتاند و زەوی بە فرمێسكی لانە روخاو گەرم دادەهات و دار و درەخت دەكەوتن و گژ و گیا و گەڵا و گوڵ لە لاسك دەوەرین و نەغمەی بولبولی خۆش خوان دەخنكا.

چەند ساڵ دابڕانی لەو گۆڕەپانە تەنیایی گرتبویەوە و لە پرۆڤەی گەڕانی چیا و شاخ و كێو و دۆڵ و دەشت و دەر هاتبوە دەر..هەر لەو كاتەی بارەگای نیشتەجێی خۆی بە جێهێشت سەیری سەرین و لباد و چرا لۆكس و تەختەی كتێبخانەكەی كرد و چوار چڵ داری خستە زۆپاكەوە تا تەواو سور بوەوە ..چایچیەكە پەرداخێك چای بۆ هێنا و بە حەپەساویەوە لێی وەرگرت و كلۆیەك شەكری خستە دەمیەوە و بەدەم بیر كردنەوەوە هەڵی قوراند ..ئەوسا هەستا لە كوانوی جێگەی زۆپاكەی روانی و دوا نیگای لە بنمیچ و تەژە و دارە ڕای سەر بان گرت..خەت و ڕەشی و قڵشی دار و دیواری خوێندەوە و هەناسەی هەڵكێشا و هاتە دەر.. بەدەم قوڵپی خەفەی گریانەوە لە

باگردێن و نایلۆنی سەر بانەکەی روانی..ئەوسا لە هەیوان و بەر پە نجەرەی ورد بوەوە و چاوێکی بەم لاو لادا گێڕا و سواری جیٚبەکە بو.

لەو ساتەدا ئەوەندە بە کولْ قولْپی دا شارێك لە روانینیا دروست بو..گۆڕا بە نیشتمانی خۆ کرد و جیهانی پۆشی ..لە هەمو لایەکیشەوە گریان و هاواری پێشمەرگە بەرز بوەوە.. پەلێك لە سەر بانێکەوە تفەنگیان بە گوێسەبانەوە هەڵواسی بو چاویان بڕییوە جیٚبەکە و هەڵدەبەزینەوە..کۆمەڵێکی تر دەستیان بە قایشی تفەنگەوە توند کرد بو خۆیان بەرز دەکردەوە..سێ پێشمەرگە لەسەر گوێسەبانەیەکەوە جامانەیان خستبوە سەر چاو ..لەم لاو لاوە ملە قوتە و چرپە و نالێن دروست ببو.. وەڕسی بە جۆرێك باڵی کێشا بو پۆلە ریشۆڵە بە ئاسمانەوە بێدەنگیان دەشکاند.. شۆفێرەکە سلفی لێدا گریان هەمو قورگێکی گرت و لەگەڵ جولەی جیٚبەکەدا بە یەکجاری تەقیەوە و کەسێك نەما فرمێسك بە رومەتیا نەهاتبێتە خوار..ناوچەکەش وروژا و حە پەی سەگەل و قیژە و قاژەی قاز و قولنگ و بالندە تێکەڵاو بون و هەمو دەنگێکیان خنکاند.

ئەو دەنگ و وێنە و دیمەنانە لە روانینیا بونە بورکانێکی گەورە و ورد سەیری پەڵەی هەوری دەکرد لە سەر ئاستی رۆژئاوا زنجیرەیان دەبەستەوە و بە وێنەی شاخ و دەوەن و دەشت و دار و درەختەوە تێکەڵاو دەبون..دوا جار چاوی نوقاند توانای بینین و بیستنی نەما و هەموی لەلای بون بە وێنەی کەوتنە خوارەوەی گەردون ..بەو وێنەیەوە کەوتە دەریای روانینی ئایندەوە ..لەو ساتەی گەیشتە سەر فەزای سنور دوا ئاوڕی دایەوە و لە سەر لوتکەی شاخێك وەستا .. بە خە نجەر لە ژێر تاشە بەردێکا خوڵی دڕی و بە زمان لستیەوە و قوتی دا .. ئەوی تری لەناو دەستەسڕەکەی دا گرێ دا وخستیە گیرفانیەوە..ئەوسا بە دڵی پڕەوە هەردو دەستی بەلای رۆژئاواو رۆژهەلاتا راست و چەپ کرد و جامانەکەی راخست و روی کردە قیبلە و نوێژی دابەست.

کاتێك سواری جێبەکە بووەوە هەر لە بەشی باشوری دەڕوانی و لە ئاوێنەکەیشـەوە دار و درەخت و کێو و بەرد و خۆڵی دەخوێندەوە و بەرەو فەزای غوربەت هەر قـوڵایی چـاوی تێبڕی بو.

لەو ساتەوە دابڕانی گەورەی بۆ دروست ببو ..دەزولەی مێشك و دڵ و خوێنی سەر قاڵی ئەو پڕۆڤە خەیاڵیە ببو.. ئەوەش ئاوێنەی ئەو ژیانەی بو کە لە بۆتەی ئـەو خاکـەدا رۆحی دەتواندەوە و هەمو شتێکی لە یاد دەکـرد..شیرپە نجە و مـەرگ.. هـەتا کەوتـە ئەو گەرداوەوە رۆژانە لەگەڵ ئازاردا هەناسەی ئاگراوی هەڵدەمژیەوە و بروسکەی ئەو بێ ئارامیە مێژوی پێدەخوێندەوە .. ئەو هێڵە ترسناکەش ژیانیان گۆڕی بـو دیمـەنی ترسناکی ئەو ساتەی دەدیەوە کە لە جەستەیدا چاندیان.

چەند ڕۆژێك لەوە و بەر لەگەڵ تەقینەوەی گرمەی هەوردا ئەو چەخماخەیە گرتیەوە و بەو کرۆکەوە لەسەر شەقامێکی واشنتۆن وەستا.. جلەکانی لە بەر دڵۆپـەی بارانـدا تەڕ ببو سەرماش لەشی یەك دەهێنایـەوە.. بـە چـاوی کز و بـیری ئـاڵۆزاوەوە کەوتـە ڕوانین.

ماوەیەك بێ پشو سەیری ئاسمان و شاخ و دەریا و فەزای خەیاڵی کرد .. نەخشەیەکی سەرتاسـەری نیگـا و نەسـت و هۆشـیان دەگرتـەوە و مۆسـیقای لاوکـی سـور یـان بـیر دەهێنایەوە ..بـەو شـە پۆلانەوە نەشئەی زەمـەنی نـوێ دڵ و رۆحـی دەگرتـەوە و بـەو ئاهەنگ سازیەوە کەوتە سەر سەمای ڕۆحی:

* کۆترێکی سپی تیژ باڵ بەسەر ڕاو ..نامە بەرێتە کۆنگرەی وارشۆ.

هەر وەکو بە کۆتری ئەفسانەییەوە ئەو نامەیە بگەیەنێتـە هـەمو جیهـان بـەو جـۆرە هێزێکی گەورە هەستی خرۆشاند..لە پـڕ توشـی شـالأوی کتـو پـڕی هـات و زەنـگ و مارشـیان بـە گوێیـدا دەهێنـا..وەك و ئـەو ڕۆژانـەی مۆسـیقای دڵ تـەزێنی ئێزگـەی کوردستان لێدەدرا و بە هێمنی گوێی لێ دەگرت.. هەواڵی جەنگی هێـزی پێشـمەرگەی لێکدەدایەوە ..بـە بیسـتنی سـوتان و داگیر کـردن ئـۆقرەی نـەدەما ..کاتێـك کـە بـۆ

نەخشەی سەربازی و هێرش و بەرگری دەچوە ناو هێزی پێشمەرگەوە چاوی دەبڕیە ئاسمان و لێوی خۆی دەکرۆشت..بە حەژمەتەوە لەو جێگەیەی دەڕوانی کە کەوتۆتە ژێر دەستی لەشکری رژێمەوە ..ئەوە فەرمانێکی خەفە بو لەلای لەو ساتانەدا هەستی دەکرد لەت لەت کراوە.

لە شەڕی هەندرێن و زۆزگدا ئازاری زۆری چەشت و بەردەوام بیری لە نەخشەیەکی کاریگەر دەکردەوە .. لە بن دارێکدا لەگەڵ چەند سەرکردەیەك لە پارتی و حیزبی شیوعی و سەرۆك هۆز کۆبوەوە و بە چیلکە نەخشەی هێرشەکەی لە سەر خۆڵەکە بۆ نیشانە کردن:

*ئێوە ئەوانەن لە رۆحی من و میلەتدا هەن ..سور دەزانم کارێك دەکەن لەشکری رژێم هەرگیز هێرش بۆ هەندرێن و زۆزك نەکاتەوە .

بەو قسەیەوە نیشانەی ئەو ناوچەیەی کێشا و بە پە نجەی ئاماژەی بۆ شاخەکە گرتەوە.

گرتنی هەندرێن تەواو غەمباری کرد بو..لەو کاتەی پێیان گوت مژێکی کەسکوندی لە جگەرەکەی دا و نەیهێشت کەس بەو ژانەی بزانێت ..لە سەرکردەی شەشی روانی خەم و ئازار گرتبویەوە و نیگای وردی بەرەو ئاراستەی شاخەکە راگرتبو ..بەو وێنەیەوە روی تێکرد:

*کوردستان سەدان چیای وەکو هەندرێنی تیایە .. نابێت گرتنی شاخێك بەو جۆرە کارمان تێبکات.. رژێم بە فسفۆڕ و پلانی نوکەران گرتی و ئێمەش بە چەکی پارتیزانی و باوەڕ دەیگرینەوە..هەر ئێستا برۆ سەرکردایەتی ئەو جەنگە بکە تا دەیگریتەوە.

لەو ساتەشدا بەو جۆرە لێی روانیەوە و چاوی بە هێزی پێشمەرگەدا گێڕایەوە.

نیوە شەو لەگەڵ یەکەم تیشکی مانگە شەو دا کاتێك سڵاوی نوێژەکەی دایەوە هاتنە لای و مژدەیان پێدا ..بڕوی بەرز کردەوە و خۆشیکەی تۆرا:

*من نامەویٚت بەو جۆرە خـویٚن بڕژیٚـت ..لیوایـەك تـەفر و تونـا ببیٚـت و لیوایـەکیش گەمارۆ ..ئیٚمە بۆ مافمان دەجەنگین بۆ ئاشتی..بە خویٚن ریٚژی کیٚشەکە گەورە دەبیٚت و مافەکەمان دوا دەکەویٚت .

بـەو قسـەیەوە هەسـتا و بـە ژورەکەیـدا کەوتـە هـات و چـۆ و تەزبیحەکـەی لـە نـاو پە نجەکانیدا ئالاٚند بو.. دوا جار سیغاریٚکی پیٚچـایەوە و مـژیٚکی کەسکوندی لیٚـدا.. ئەو خە نجەرەی بەدەستەوە گرت کە لـە شـیٚوەی شمشـیٚرا دروسـت کـرا بـو .. نـەخش و نیگار و شـیٚوازی خویٚنـدەوە و ورد لـە مەعدەنەکـەی روانیـەوە و بـۆنی تۆفـانی روسـیا لوتـی گرتـەوە ..لەوەوە ئاهەنگ سازی رۆحی خستیە بیریٚکی قولٚەوە.

لە شەڕی زۆزك دا بەو جۆرە حەژمەت گرتـی و کتوپڕ لەگەلٚ سـەرکردەی شەشـا چـو بـۆ بەرەی شەڕ ..لەبەر ئاگر بارانی فسفۆڕدا کۆبونەوەی بە فەرماندەی لق و بـەتـالویٚن و هیٚز کرد..لە سەر پارچە کاغەزیٚك ویٚنەی زۆزکی کیٚشا و نەخشەیەکی کاریگەری دانـا ..ئەوسا جگەرەیەکی داگیرساند و چاوی بە هەمویاندا گیٚڕا.. ئەوەندە بـە تـاسـوقەوە سەیری کردن هەلاٚوساوی پیٚلوی چاوی ویٚنەی هەمویانی گرت:

*مـان یـا نـەمان ئـەوە پـە یمانی هەمومانـە و هـەرگیز نابیٚـت بـیر لـە ڕوخـان بکەینـەوە..دەبیٚـت پیٚشـمەرگە فیٚـری مـەرگ یـان سـەرکەوتن بـبن..زۆزك لـە ئەستۆتـاندایە دەبیٚت بیگرنەوە.

بەو قسەیەوە دەستی بە شانی چە پی سەرکردەی شەشا کیٚشـا..هـەتا لەچـاوی ون بـو هەر سەیری دەکرد کە بەرە و چیاکە لەگەلٚ ریزی پیٚشمەرگەدا سەردەکەوت.

بەو ئاکار و بارە دەرونیەوە ورەی دەخستە دلٚەوە و بەو رۆحەیشەوە گیانیـان دەخسـتە سەر لە پی دەستیان و لە چەند کاتژمیٚریٚکدا ئەو جیٚگەیـەیان دەگرتـەوە..ئـەو کاتـە هەناسەی ئۆخەی هەلٚدەکیٚشا.

لە شەڕی کێوە شەڕدا ئەو بێ ئارامیە گرتیەوە و ژانی خەفەی وەرەی گیانبازان رۆحی گرت.. لە حاجی هۆمەران پێشمەرگەی زۆری لێ کۆبوەوە ..لەهەمو لایەکەوە پە نجەی مان یا نەمان بەرز دەبوەوە..چاوی تەنیا ئەوانەی دەخوێندەوە کە دەیزانی بە خوێنیان شاخەکە مۆر دەکەن..چەند سەرکردەی کۆکردەوە و نەخشەی گرتنەوەی بۆ کێشان و سەیری شوێنەواری رژێمی کرد بەسەر لوتکەوە .. مژی لە سیغارەکەی داو کەوتە دەریای بیر کردنەوەوە.

بەو جۆرە بێ ئارام بو هەتا لە نیوە شەودا هەواڵیان بۆ هێنا..بە دەستی چە پی رادوێکەی کز کرد و بەوی تریش ئەو رۆژنامەیەی پێچایەوە کە لە سەر کۆشی بو.. ئەوسا هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا و زەردە نیشتە سەرلێوی:

*دەزانم رۆڵەی کورد لە فسفۆر بەهێز ترن و کێوە رەش دەگرنەوە.

چەند جارەی گیان بازی کێوە ڕەش کێڵگەی نوێی خۆری ئازادی بون لەلای..تەنانەت لەسەر یاری کردنیش ئەو ئازایەتیەی بزر نە دەکرد..چەند ڕۆژێك لە دوای ئەوە لەگەڵ نەخشەی سەربازیدا نوقمی بیر کردنەوەی قوڵ ببو..لە ساتێکدا تەواو ڕۆچو بو سوتانی خاك و گڕی تێزابی بە یاری مەرگاوی پێشمەرگەوە تێکەڵاو دەکرد..لەو کاتەدا سکرتێری ڕۆژنامەیەکی جیهانی هاتە لای..ماوەیەك گفتوگۆی هەمو بارو دۆخێکی لەگەڵدا کرد تەنیا باسی جەنگی کێوە ڕەشی نەکرد..ئەویش ئەو نهێنیەی لە ناو چاوانیدا دەخوێندەوە و بەو بیرەوە غەمباری گرتبویەوە .. هەتا ئەو لە پڕ پە نجەی بۆ شەترە نجەکە ڕاکێشا:

*با یاریەکی شەترەنج بکەین ؟

ئەو داوا کتوپڕیە خستیە گومانەوە و بە خوێندەوەی نهێنی ناو چاویەوە ئەو فێڵەی زانی و سەری لەقاند و پێکەنی:

*فەرمو.

ڕۆژنامە نوس جگەرەیەکی داگیرساند و مژی لێدا.. یەکەم داشی جولاند:

*چۆن ئەو سەركەوتنەتان لە كێوە ڕەش بە دەست هێنا.؟
بەو پرسیارەوە خۆی خواردەوە و موی گرژ بون..جگەرەیەكی داگیرساند و مژێكی كەسكوندی لێدا:
*هێزی پێشمەرگە بە بڕوای مەزنەوە بۆ پارێزگاری لە نیشتمانی داگیر كراو لە ژێر دەستە ی دیكتاتۆری خوێن مژدا خۆیان فیدا كرد.
ڕۆژنامە نوس سەر قاڵی یاری بو..هەتا گەیشتە دوا پێناسە:
*نەبەردی كورد بەو بڕوایەوە ڕوبەڕوی مەرگ دەبنەوە..لەو جەنگەدا رۆحی برایەتی شیوعی و پارتی تێكەڵاو بون..بەو یاریەوە گەیشتنە سەر شاخ..مۆری شەرەفیان نیشانە كرد.
مژێكی تری لە جگەرەكەی دا و دوكەڵی بەرز كردەوە و ئەویش ڕەنگی تێك چو چاوی بەسەر فیل و مەلیكا دەسوڕایەوە و بەترسەوە وەزیری دەركرد و جگەرەكەی فڕێدا و ئەویش برۆی یەك هێنایەوە و پە نجەی هەڵبڕی:
*كش مەلیك .
ئەوە دڵی رۆژنامە نوسی خستە سەر خورپە و ساتێك بیری كردەوە و لە دوا لەرزیندا زەردەخەنەی كۆتایی گرتیەوە:
*بارزانی لە شەتڕە نجدا لە جیهان دەباتەوە.
بەو قسەیەوە لە ناوچاوی روانی بەرامبەری دانیشتبو قەف قەف پشتێنی توند بەستبو.. خە نجەرێك و دارجگەریەكی بەسەر فیشەكدانیدا كرد بو..پڕی چاو و برۆی ببونە فەزای سامناكی و جامانەی ئاوەژۆیشی سێبەری رەنگ سوریان بۆ كرد بو .. بەو سەرسامیەوە بە جۆرێك بیری بە فەزایا پەرش ببو كەوتبوە سەر دەیان پرسیاری سەر سوڕهێنەرەوە..لەو روانینەوە چارەنوسی كوردی دیەوە و قسەكەی خرۆتشۆف لە مێشكیدا چاپ بوەوە:
*وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا لای مستەفا بارزانیە.

بەو بیرەوە سەری هەڵبڕی و چاوی بە ئاسماندا گێڕا و لە گێژاوی سروشتا مات بو .
لەو ساتەشدا ئەو وێنانەی لە نیگای واشنتۆنەوە بینیەوە و بە سەریدا کەوتنە هاوار ..جارێکی تر بەو داچڵەکینە خورپەی گرت و هەنگاوی هەڵهێنایەوە و پە نجەی دەستی گرموڵە کرد و مێشك و دڵی گوشی و لەناو حەژمەتی بونی نەتەوەیا نوقمی دەریای بیرکردنەوە بو.
ئەو هێزە نەبینە لە ژیانیدا ببوە نگین و تەوژمی ئەفسانەیی.. لە جەنگی سەرەتای بارزانەوە تا ئەو ساتە بەو جۆرە بو..لە کاتی هێرشی دوژمناندا ناوچاوی وەك گوڵێك دەردەکەوت کە نەسیمی بەرکەوتبێت .
ئەوە ڕەگێکی دو لایەنەی دەرونی بو لە هەمو چرکەی ژیانیدا بۆ پارێزگاری شەرەف وشەی مردنی لە بیر دەچوەوە و فیداکارانیش لەم لاو لایەوە بە سەر پەتی مردنەوە دەچونە پێشەوە.. پاش سەرکەوتن پاڵی بە دارێکەوە دەدایەوە و هەناسەی هەڵدەکێشا.
ئەو وێنەیەی لە گرتنەوەی نەهلە و شەڕی سەیداندا دیەوە کە لە ئاسمان و زەویەوە ئاگر دەباری ..لەو دوژەیەوە لەسەر تاشە بەردێکەوە پە نجەی هەڵبڕی:
*برایان ئەوەتا ئێوە دەبینن من بە ئارەزوی خۆم مەرگم هەڵبژاردوە..جا ئەو کەسەی مەرگ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت با لە گەڵم بمێنێت..من بەم ڕێگەیەی خۆمدا هەر دەڕۆم بۆ پێشەوە.. پارە و چەك و فیشەکم هەر ئەوەیە کە دەیبینن ..کێ چاوەڕێی هیچم لێ ناکات با بمێنێتەوە..هەتا خۆمان بکەین بە قوربانی ئازادی میلەتەکەمان.
قسەکەی تەواو نەکرد هەمو بەدەنگی بەرز پە یمانی مەرگیان نوێ کردەوە:
*بارزانی تا دوا تنۆکی خوێن لەگەڵتاین ..بارزانی بۆ پێشەوە.
ئەو گیانبازیەی لە هێرشی زاخۆدا دیەوە .. سەرکردەی ناوچەکە خە نجەرەکەی دەرهێنا و لە زەویەکەی چەقاند:
*دەبێت رژێم بەسەر لاشەی منا بپەڕێتەوە.. بارزانی دڵنیابە زاخۆ بەکەس ناگیرێت.

پێشمەرگە هەمو دو پە نجەیان بەرز کردەوە:

*بارزانی تا دوا دڵۆپی خوێن.

ئەو هێزە بو کە دو مانگ هێزی بەربڵاوی رژێم بە فڕۆکە و تانك و تۆپەوە هێرشی کرد و زۆربەی گوند و شارۆچکەی ناوچەکە سوتا .. گەمارۆی ئابوری خرایە سەر و رێگەکان داخران و لە هەمو لایەکەوە هێرش کرا.. فەرماندەی پێشمەرگە بروسکەی سەرکەوتنی لێدا:

*هێرشی رژێم توایەوە و یەکەیەکی سەربازی تەفرو تونا کرا و فرۆکەیەك و چوار زرێ پۆش و هەشتا بار هەڵگر سوتان و بە دەیەها چەکی قورس و سوك کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

لەوانەوە فیداکاری لە هەمو هێزێك بە گەورەتر دەزانی ..کاتێکیش رۆڵەی نەبەردی بدیایە حەزی دەکرد گیانی خۆی پێشکەش بکات..ئەو وێنەیەی بەسەر سەدان تێکۆشەردا ڕشت..لەو ساتە دا ئەو رۆحەی دەخستە دڵیەوە و وێنەی منداڵی ئاسۆیی بۆ دەرەخساند.

ڕۆژێك ئەو هێزەی لەلا دروست بو.. پێشمەرگەیەك هاتە بەردەمی زاری تەتەڵەی دەکرد و دوا جار وشەیەکی لە دەم دەرپەڕی:

*سەرۆك .. .. .. ....

قسەکە لە دەمیدا وشك بو..لەرزی و توانای قسەی نەما..بە کزۆڵەیی سەری بەسەر باڵا کورتەکەیدا دانەواند بو پشتێنێکی توندی بەستبو ..سەیری کرد ناوچاوانی خوێندەوە و دڵی گەرم بو..بەو وێنەیەوە فرمێسك ناوچاوی گرتەوە:

*رۆڵە سێ جار بریندار بویت و دەتەوێت کوردستان بە خوێنت مۆر بکەیت..ئیترناتوانیت لە ناو شارا چالاکی بکەیت.. بڕۆ پلەی سەر لقی وەربگرە شۆڕش پێویستی بە کەسانی وەکو تۆ هەیە.

پێشمەرگە لەبەرچاوی ون بو..لە پڕ کەوتە ئەو گێژاوەوە..لە وێنەیەکی ئەفسانەییدا ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە هاتە بەردەمی دەستی بە جامانەیەك پێچرا بو..خوێن بە سەر بەرگیدا وشك ببو.. بە کزۆڵەیی وەستا:

*سەرۆك قومبەلەیەکم فڕێدایە ناو جێبەکەیان و سیانم لێکوشتن و بون بە قەرەبروت .

ساتێك لێی ڕوانی ئەو تەمەنە لاوێتیە ی لەلا بو بە ڕۆحی نەمر.. ماچی کرد و دەمانچەکەی قەدی بۆ هەڵکێشا.

ڕۆژێك لە بەرە بەیانێکی خوێناوی دا بە هێرشی هەمە لایەنەی ڕژێمەوە بە بێ ئارامیەوە لە چادرکەی هاتە دەر و لەخوار ئەشکەوتەکەوە بە لاڕێیەکا پیاسەی دەکرد..سەدان پێشمەرگە لەم لاو لاوە بە چاوی فیداکاریەوە سەیریان دەکرد..

چەندین پێشمەرگە و فەرماندە هاتنە بەر دەمی:

*سەرۆك ڕێمان بدە دەچین لوتکەکە دەگرینەوە .

ئەو تیشکە لەخوێنیدا مایەوە ئەو فیداکاریە تێکەڵی دەرونی ببو.. پێستی دەم و چاوی لەبەر هەتاوەکەدا ئاوسا بو.

ڕۆژێك لاوێك بەسەر و چاوی پێچراوەوە بە نامەی نهێنیەوە هاتە بەردەمی..دار شەقێکی بە دەستەوە بو برینێکی قوڵ کەوتە سەر دڵی و هەناسەی هەڵکێشا :

*ڕۆڵە خەبات سەختە میلەتێکی قارەمان و تێکۆشەرمان هەیە .

لاوەکە دڵی پڕ بو..ئەویش هەواڵی شەوێی ئێزگەی دەنگی کوردستانی بیر هاتەوە:

*دایك و باوك و خوشکت ڕەمزی نیشتمانن..خۆڕن .

لاوەکە تەواو جۆشی سەند:

*ئێستا منماڵم شۆڕشە و هەتا مردن جەستەم قەڵغانیەتی.

لەو ساتەشدا ئەو وێنانەی لەلا زیندو دەبوەوە..هەر وەکو زەمەن بگەڕێتەوە سەر ئەو روداوانەی رابردو لەگەڵ زەنگی شۆڕشی نوێ یا تێکەڵاو ببێتەوە بەو جۆرەش تەرمی

هەر سێ لاوەکەی بینیەوە بە دوای ئۆتۆمۆبێلی سەربازیدا بە کۆڵانەکاندا کێش دەکران ..بەو ژانەوە دەستی بە سەر سنگیەوە گرت و لە وێنەی فۆتۆییدا ڕوبەری پاڵەوانێتی نیو سەدەی هاتەوە بەر چاو لەگەڵ شالاوی خوێنی ناوەختەدا یاریان دەکرد.

ئەو هێزەی لەگەڵ سروشت و لە دایك بوندا بۆ ڕەخسا بو..ئەو کاتانەی بە منداڵی دیلێتی سێ ساڵیان بۆ دەگێڕایەوە..لەوەوە بێشکەی بونی دەدیەوە و بە تەقینەوەی ئاوێنەی بورکانی ڕۆحی خەفەوە شیری خاوی گڕ و گاڵی بە سەر ڕومەتی دایك و دایەنیەوە دەدیەوە ..وەك ئەو دڵۆپانە پێکهێنەری ئالای گەشی سەربەستی بو بن بەو جۆرە دەیانپێچایەوە و بە سەر لقی ژیانەوە ئەو خوێناوەیان نیشان دەدایەوە.

لەو ساتەشدا ئەو تەلیسمانە پێچا بویانەوە..لە ناو ورەی ئۆتومبێل و کارگە و هاتو چۆی خەڵکی و وروژاندنی زمان و دەنگی واشنتۆندا نوقم ببو.. لە پڕێکدا وەك و هەزاران دەنگ بە سەریداهات :

*سەرۆك..بارزانی .. پێشەوای کورد .

ئەو دەنگانە بون بە هاوار و وێنەی ئەفسانەیی ژوری لە سێدارە دانی هێنایە بەر چاو.. سی لاو پەڕۆی سوریان خرا بوە مل و سرودی ئەی رەقیبیان دەگوتەوە و بە چاوەڕوانی مەرگەوە چاویان بڕیبوە ئاسۆ..وەك ئەو ساتانەی دەدیەوە کە لە ڕۆژنامەی خەباتدا هەواڵی لاوانی بەر پەتی سێدارەی دەخوێندنەوە ..لە پڕ لە نیگایدا توانەوە و بون بە باڵندەی ئەفسانەیی و میلۆنانیان لێ دروست بوەوە.

چەند ساڵ بو ئەو وێنەیە گرتبویەوە و ڕۆژ و شەوی بەو هیوایەوە بە سەر دەبرد..لەو ساتانەی بیری دەکردەوە رۆحی دەتوایەوە و چەندین پێشانگای سەختی دەدیەوە.. رۆژێك نیگای بە چلی ئاسۆوە نیشتەوە و ئاسمان بوە شە پۆلی رۆح.. کۆچی سوری مەلی بێ باڵ لە فەزای عیشقی نەمریەوە سات بە سات بەرە و هێڵی سنور پەرەیان دەسەند و میل بە میلیان دادە پۆشی .

ساتێك بە قوڵی لێی روانین ئەوسا ئاسمانیان تەی کرد و پۆل پۆل فەزایان کێڵا و لە فۆتۆناتی کۆتاییا بون بە باڵندەی ئەفسانەیی و دایناسۆری سەرەتاییان لە دۆژەی هەسارەی بەردا تواندەوە.

بەو روانینەوە کەوتە گەڕان وێنەی قەلەڕەش و بایەقوشی دەدیەوە و لە چوار سنورەوە وێنەی تەونی جاڵجاڵۆکە هەوری ئاگریان بە سەر رۆحی ملیۆنانا دەڕشت.. دەپچڕان و دروست دەبونەوە.

لە کەفی شرینقەکەیشەوە لە شە پۆلی فەزای مێژوی بیرەوەریا تۆمار دەبونەوەو لە گەرداوی بیر و ئەندێشەی سەختیەوە وێنەی شوشەی منداڵی شیری سەرەتای گومانی ژەهراویان دەدایەوە .

رۆژێك لە هاتنە دەرەوەی سۆپەرمارکێتێك ئەوەی دیەوە..ژن و پیاوێك بەگریانەوە چاوەڕوانیان دەکرد:

*ئەم پیاوە ژەنراڵ بارزانیە؟.

بەو قسەیەوە باوەشیان پیا کرد:

*ئێمە نەوەی ئەندرانیکی پاشای ئەرمەنین کە ئەم ژەنراڵە لە دەستی تورك رزگاری کرد..ئەگەر ئێوە ناتوانن خزمەتی بکەن دەمانەوێت بێتە لامان هەتا مردن خزمەتکاری دەکەین.

ئەو دیمەنە تۆوی ئەو رۆحە ئەفسوناویەی لەلا دەچاندەوە و بەو گومانەوە بە ئاسمانەوە دەتوایەوە و دەبو بە مەلی ئازادی.. بە ئاوێنەی بیرەوەریەوە شوشەی نەخۆشی تێکدەشکاند و بەهێزی ئەفسانەییەوە بۆ ئەشکەوتی ئاسۆ بەخش دەگەڕایەوە و لە هەوری بارانی دڵدارانا ئاوێتە دەبووەوە .

ئەو تێکەڵاو بونە رۆژانە لە ئەمریکا دەیگرتەوە و زۆر جار دەبو بە سەمەندەلی رۆح و ئاگری سنوری دەبڕی .

ئەو ڕوانینانە ئاواز و زامی قوڵیان دەخستە دڵیەوە و شارای تیشکی ڕوانینی مۆمیای جیهانی ئاڵۆزکا و دەکرد..گومانی هەمیشەیی وەك و درەخت بەسەر مێژویدا پەخش دەبووەوە و خرۆشیان بە خوێنیدا دەهێنا..بەو جۆرەش لەگەڵ ژیانی مان و نەمانیدا بە نەخشەی ئاسۆییەوە زەردە سەرلێوی دەگرتەوە.

بەو روانینەوە تابلۆیەکی سروشتی لەبەر چاویدا نەخشا بو بە هێڵی جیا جیاوە سنوریان دەتەنی و دیمەنی کاراکتەری رۆحیان دەکێشا بە خوێن خەت خەت ببو .

ئەو نەخشەیە قەتارەی رۆحی خستبوە سەر لێوی و وێنەی تابلۆی نەمر رەنگی دەدایەوە و هەمیشە لە چرکە ساتی بیرەوەریدا دەیدیەوە.

چەند رۆژێك لەوە و بەر ئەو تابلۆیەی لە شەپۆلی فەزایا بینیەوە ..وێنەی باڵندەیەکی گەردونی لە جەستەی شیرە خۆرەدا کێشرا بو..رۆحی بە فەزایا دەکشا و لە هەورا دەتوایەوە و برژانگ و تیشکی چاوی بە هێزی سەرسوڕهێنەرەوە تۆوی نەمریان دەچاند.

ئەو هێزەی لە روانینی پێشمەرگەوە لە شەڕی حاجی هۆمەران و ناوچەکانی تردا دیەوە..لە ژێر ئەو سێبەرە خەیاڵیەدا بەو وێنەیەوە ئەو ڕاستیەیان نیشانە دەکردەوە و لەگەڵ کیمیاوی و زەمین بە زەمینا دەتوانەوە و دەبون بە شەپۆل و بە بای ئەفسانەوە تێکەلاو دەبون.

لەو ساتەشدا بروسکەی ئەو جەنگانە لە روانینی واشنتۆنەوە دەیگرتەوە و لە نیگایەوە شەوقی تریان دەدایەوە و تەمی ڕوانینیان دەپێچایەوە و ئاوازی چیای بڵند دەهاتەوە بەر گوێی ..گەلاو لاسك و دار و درەخت و گژ و گیا بە نەسیمی هەناسەیەوە دەشنانەوە و نیگای بە ریشاڵی گیای نەمریەوە تەزی بو..بە ناو کەژ و کێو و دەشتی خەیالاویدا خەندە دەهاتەوە سەرلێوی و ئەوینیان بۆ دەگرتەوە.

ئەو وێنەیە ئەو جارانەی دەخستەوە بەر چاو کە بەسەر پوش وپەلاش و ڕەنگی پەڕیویدا دەگەڕاو دار و بەرد و پێدەشتی مۆر دەکردەوە و تەلیسمی ئەفسانەیی ئاسۆیی بەسەر دەواری ڕەش باوی جگەر سوتاواندا دەڕشت.
ئەوانە لە دڵیدا ببونە نەشتەری بون و نەبون و دایکان ڕیشەی جگەریان دەردەهێنا و هەر کات چاوی بە ڕۆڵە کوژراوێك بکەوتایە و موی ڕاست دەبونەوە.
جارێك تەواو داچڵەکی ڕەش پۆشێك بە قژی ئاڵۆسکاوەوە هاتە بەردەمی.. حەژمەت بەسەر پێستی گرژ و مۆنیدا چینی بەستبو چڕ وچاوی ڕەش داگەڕا بو..فرمێسك لە سەر پێلوی قەتیس ببون و دەلەرزی..لەگەڵ گومانی کتو پڕدا وەستا و دەستی خستە سەر سنگی:
*سەرۆکی کورد چوار کوڕم کوژرا .
بە بینینی حە پەسا و بەو ژانەوە خورپەی ریشەی دایکان دڵی خستە سەر جۆش و بەو وێنە ئالۆزەوە ساتێك راما..ئەوسا قەڵەمی دەرهێنا و لەسەر کاغەزەکە رایگرت..ئەویش خۆی لە زەوی توند کرد و نەیهێشت حەرفێك بنوسێت کتوپڕ قژی ڕنیەوە:
*هاتوم سەنگەری کوڕەکانم بگرم ئێمە دایکین سەرۆك..گەورەم .. بارزانی .
بەو خۆ بەخشیەوە موی بەرز بونەوە و فیشەکدان و دەمانچەی قەدی بۆ کردەوە و تفەنگەکەیشی ڕاکێشا و دەستی بۆ ڕاگرت.
لەو ساتەی چوە دەر..خشەی ڕۆیشتنی بە قایش و زنجیرەوە وێنەی سامناکی بەجێ هێشت و لە پڕ وێنەی مارگرێت ی بیر هاتەوە.. بالای شۆخی و پێستی گەنم ڕەنگی.. خۆڕسکی و پارتی زانێتی و قارەمانێتی.
کاتێك کە سەیری دەکرد لە وێنەی ئەو کچانە دەیدیەوە کە لە ڕۆمانی ڕوسیدا خوێندبویەوە.. ئەویشی وەکو کەسایەتی نینا دەهاتەوە بەرچاو..لەو کاتەی دەیدی شیعرێکی بەخوێنیدا دەگێڕا:

*نێرو مێ ھەردو بەجوتە بۆ وەتەن ھەوڵێ نەدەن .. دورە دەرچونی لە دیلی مەل بەباڵێ نا فڕێ.

بەو شێوەیەش لە مارگرێتی دەڕوانیەوە ھەتا بو بە ئازارێکی سەخت و لە وێنەیەکی ترسناکا بینرایەوە بە قژی ئاڵۆزکاو و رومەتی ژاکاو و چاوی خوماریەوە.. رەنگی شەڕواڵ و مراد خانی لە گەڵ خۆڵا ئاوێتە ببون و بە وردە زیخ ئە نجن ئە نجن ببون و دو گولە سەر سنگی گرتبو ..خوین جەستەی پۆشی بو.

ئەوە بو بە ئازاری دەرونی و زامێکی قوڵ بو لە دڵیدا..لە دوای ئەوە بەسەر کارەساتی شۆڕش دا دەچوەوە .. لە گۆنگرەی یەکێتی ئافرەتاندا ئاماژەی پێدا :

*ئالآی ئازادی لە دڵی گەلدایە و نێر و مێ ھەڵیدەکەن.. پێویستە سەربەستی لە خۆمانەوە بە دەست بێت..ئەوەش بزانن شۆڕشی ئێمە تایبە تمەندی نەتەوەیکە پێویستە نەریتی بپارێزرێت ..ئەمانە برینی سەختی ئەم شۆڕشە و ئاستی ھۆشیاری ئەم گەلەیە.

جارێك بەو بیرەوە چیلکەی لە خۆڵەکە وەردا و وێنەی شۆڕشێکی کێشا لە شێوەی کەشتی نوح ..نێر و مێ و وردو درشتی تێکرد.

بەو ھەراسانیەوە بیری لێدەکردەوە ھەتا وێنەی خوشکە لەیلا لە نیگایدا پرشنگی دەدایەوە.. ئەشکە نجە و ئازار و خۆڕاگری دەدیەوە.. ھەتا دوا ساتی لە سێدارە دانی خۆی و چوار ھەڤاڵەکەی بە سرودی ئەی رەقیبەوە وەك و سەرتۆپی خەبات لەگەڵ دەیان وێنەی ترا لە شالآوی بیرەوەری تێکۆشانەوە دەیبینینەوە ..زۆر جار ئەو نهێنیانەی دڵی بۆ سکرتێری یەکێتی ئافرەتان دەکردەوە :

*ھەوڵ بدەن لە رێی رێکخستنی ئافرەتانەوە بناغەی شۆڕش بەھێز بکەن .. ئێوە پێشەنگی ئەم شۆڕشەن بەبێ ئەوەی بەخۆتان بزانن..لایە لایە و سۆزی ئێوە قەڵغانی پارتیە.

لەو روانینەوە دەزولەی ھێزی خۆرسکی دایك جەستەی شیتەڵ دەکردەوە.

بەیانیەك لەگەڵ خۆر هەڵاتندا لە چادرکەی هاتە دەر.. پاش ئەوەی دەم و چاوی شت چوە لای ئاگرەکە و خۆی گەرم کردەوە ..چێشت لێنەرەکە گوێنیەکی بۆ راخست و فەرموی کرد :

*سەرۆك لە بەر تۆپ باران ماستمان بۆ نەهاتوە جگە لە نان و چا هیچی ترمان نیە.
کولێرەیەکی تەنوری دایە دەست و دۆلکەیەك چای بۆ تێکرد..لەو ساتەدا دەنگی فڕۆکە هات کتوپڕ چلۆسکەی داری ئاگریان بە ئاو کوژاندەوە هەتا دوکەڵ نەما ..ئەوسا هەستا لە ئاسمانی روانی و پاشان دانیشتەوە .. پاش ئەوەی نان و چای خوارد لەگەڵ دو پاسەوانا ئەسپیان زین کرد و سێ سوارە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی کەوتنە غار.
چادرەکە کەوتبوە بەر نشێویەك بە درەخت و تاشە بەرد شارابوەوە..چەند کونە تەیارەیەك لەم لاو لایەوە هەڵکەندرا بو گەڵای درەختیان بەسەرا درا بو..جێبەکەی بارەگایش تەواو بە گەڵا دا پۆشرا بو.. لە هەمو لایەکەوە تاش و بەردەڵانی بو لارێیەکی هەبو بۆ بناری شاخەکەی ئەو بەر دەچو..سێ سوار بە نەرمە غار کزەی با و شەفەقی خۆریان دەبڕی و لەگەڵ رەنگی جامانەی ئاوەژۆی سوری سەریاندا وێنەی شە پۆلاویان خستبوە ناو فەزا.. قیژە و کڕوزانەوەیەکی بەهێزیش بە کزەی باوە لە دۆڵێکا دەهات و کاری دەکردە سەر دەرون .
بە بیستنی ئەو دەنگە نامۆیە حە پەسا و یەکڕاست بەرەو روی لغاوی ڕاکێشا.. کاتێك گەیشتە بەر دەمی قریشکەکە بەهێز تر بو ..ژنێکی قەیرەی کورتە بالا فرمێسك بەسەر ڕەشی دەم وچاویا لە سەر کوڵمیەوە دەهاتە خوارەوە و حەژمەت بەسەر پێستی گرژ و مۆنیدا چینی بەستبو عەباکەی بە دەستیەوە بو..هاواری بە تەزوی بایەکەوە تێکەڵ دەبو وەك موروی ئاودار دەنگی دەدایەوە ..ئەویش لغاوی ئەسپەکەی توند کرد و لە بەردەمیدا وەستا :

*خوشکە چیە بۆچی هاوار دەکەیت .؟

ژنەکە حە پەسا فرمێسکی قەتیس ببون و بە وێنەی کوڕەکەیەوە قریشکەیەکی کرد و وەك و شەوە زەنگ روخساری گۆڕا :

*دەچم بۆ بارەگای بارزانی .

بەو قسەیەوە چاوی ئاوسا و کەفیش لە دەمی ئەسپەکەی دەردە پەڕی و هالاَوی لیَ بەرز دەبوەوە بەو پێیەش دەستی بەرز دەکردەوە و دەجولاَ..ناچار لغاوی بە هێز تر راکێشا و لکی جامانەی لە سەر دەم و چاوی لابرد..ئەویش توشی وێنەی کتوپڕی هات و کاتێك کە لە ناو چاوی روانی سلەمیەوە و حە پەسا.. لەگەلَ گومانی جۆراو جۆردا شلەژا و هالاَوی لوتی و ئەسپەکەیش بەسەرو رویدا دەهات و ئەوەندەی تر قژی ئالۆسکا و وێنەی مەرگ و ژیانەوەی دەدا :

*سەرۆك کوڕەکەم گیراوە من بەشیری خۆم پەروەردەم کردوە و شاری نەدیوە و پاراستن بە تۆمەت خەلَکی زۆریان کوشت.

ئەوەی گوت و بە لەرزینەوە وەستا و هێزی ئاگرینی لە رۆحیدا کاریگەر بون و ساتێك سەیری کرد بە سەر زینەکەوە پەیوەستە بو..ئەویش دو نامەی لە فەقیانەی کراسەکەی دەرهێنا و بە لەرزینەوە دایە دەستی..لەو نیگا و ڕوانینەیەوە لە بورکانی رۆحیدا شەوقی ئاوێنەی دایکی دەدیەوە و بەو وێنەیەوە ئاماژەی بۆ پاسەوانێکی کرد و لێوی خۆی کرۆشت:

*بچۆ کوڕەکەی لەبەر گولە باران بۆ ڕزگار بکە..ڕۆحی جەلادەکەی دەربکێشە و بیخەرە جەستەی ئەوەوە .

بەو قسەیەوە جیا بونەوە..دو سوار بەرە و رۆژهەلاَت و تاقە سوارە و تەلیسمێکی پیادەش بەرەو خۆر ئاوا دایان کێشا و لەگەلَ تیشکی خۆر و زرمەی تەقینەوەی تۆپدا دور دەکەوتنەوە و دەتوانەوە.

ئەو سێبەرە لەبەر چاوی نەدەکشایەوە و وێنەی قارەمانێتی ژنان ببوە ئاوێنە لەلای ..هەمیشە بیری لە خۆ ڕاگریان دەکردەوە.

جارێك بە وێنەیەكی ئەفسانەییەوە خورپەی زەمەنی ناوەختە گرتیەوە و بەو هێزەوە سەیری ئاسمانی كرد..وێنەی ژنێكی هاتەوە بەرچاو وەك و ئەو ساتە لەو گەرداوەدا نوقم بووەوە.. بە قژی ئاڵۆز و نیگای شێواوە بە هۆرەوە نەخۆشخانەی چیای لەو دۆڵەدا كردبووەوە و برینداری تیمار دەكرد.. پەڕۆی دادەدڕی و بە پێستە و قامیش برینی دەبەست و گولە تۆپیش لەم لایەوە دەتەقیەوە .

لەو ساتەشدا بەو شێوەیە بە روانینیەوە نوسایەوە و بە هیچ شتێك لێی نەدەبووەوە.. ساتێك روانینی لە فەزای ئەو جێگەیەدا بەر جەستە كردەوە هەر تیشكی دەدایەوە ..هەتا مشتێك خۆڵی بەوێنەكەدا كرد :

* دادە ئەجێ تۆ نیشتمانیت ..دایكیت .

ئەو وێنانە هەمیشە لەبەر چاویدا بون هەرگیز لە بیری نەدەچونەوە.

جارێكیان لە سەر ڕا پۆرتێك ئەو ڕازەی دركاند :

*هێزی دایك مەزنە هەتا تاوان نەگاتە سەر ئێسك بڕیاری كوشتن مەدەن.

سەرۆك دادگا پەڕەیەكی هەڵدایەوە :

*بەڵێ مەزنە..تەنیا ئەوانەی دورن لە بەزەیی هێزی دایك..سەدان دایكیان بێ ڕۆڵە كردوە.

*بەڵێ مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی دایك و خاك لە ژیان بێبەریە..ئەوەش بزانە هەمو كەسێك دایكی هەیە و لە هەمو تاوانێكیا بۆی دەگری .

بەو جۆرە ئەستێرەی هێزی دایك بەسەر ئالأی بونیەوە خەرمانەی دەكرد و شارای كتو پڕیان لە نیگایدا دەسازاند و سرودی خوێن چڕ دەیگرتەوە.

لەو ساتەشدا لەگەڵ نەغمە و ئاوازی تێكەلأوی ساتی مۆڵ بودا خورپە دەیگرتەوە.. تیشكی چاوی بە سەدان تابلۆی ڕەنگا و ڕەنگ گیرا بو.. كەش و شێی مۆڵكراوی ژورەكەش بەسەر و ڕویدا دەهات و لەگەڵ هەناسەیدا تێكەڵ دەبون ..دەنگی سروشت و هاتو چۆ و دەنگ و زرمە و خشەی ناو نەخۆشخانەش كەشێتی و گومانیان دروست

دەكرد..تیشكی گڵۆپیش وەكو بروسكەی خواوەندی بە تیشك و هێزی شوشەیی لە چوار دەوری ژورەكەدا ڕەنگیان دەدایەوە..وێنەی ڕوخساری ماتەمینی لەگەڵ شێی سروشت لەسەر دیدەی ئاهەنگ سازی هەمو ڕەنگێكیان دەكرد..شە پۆلی بیرەوەری لەسەر لوتكەی ئاوی خەیاڵاوی پەخش دەبونەوە.!!

**٢ ژورەکـە دیمـەنی ئەفسـانەیی گرتبـو**

وەك هەمو مادەیەك نهێنی پرسیار بێت و بو بێتە فەزای نهێنی مێژو .. ڕەنگی کەفاوی شرینقەکەش بیرەوەری مێژوی خوێناویان دەدایەوە ..بە دیمەن و بۆن و ڕەنـگ و دەنـگ و چرپە و هەناسە و رۆحی سروشتەوە شێوازی ئاوێتەییان گرتبو ..بۆنی جۆراو جـۆری تیادا تێکەڵاو دەبون و زمانیان لە بێزمانی دا دەکردەوە .. لە تونێلی فـەزاوە زەمـەنی بـانگەشەی ڕێکەوتە مەرگ یاری رۆحیان دەکرد.. ژورەکەش بـە دیـاردەی سروشـتی رازا بوەوە..چەند چە پکە گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ لە سەر مێز و پە نجەرە و کۆمیدی دانرا بـون و بۆنی هەمە چەشنیان بڵاو دەکردەوە و رەنگ و تـامی چیـای سـەر کەشـیان بـە سـەر و ڕویدا دەهێنـایەوە..وەکـو هـەمو ئـەو سـاتـانەی بـۆنی بـە گـوڵی بەهاریـەوە دەکـرد و بیرەوەریان لە دەریای تۆفاندا نوقم دەکرد.

ئەو بـۆن و بەرامەیـە لـە سـەرەتـای بونیـەوە لـە دەرونـی دەبـاری و هەمیشـە هەسـتی پێدەکرد و بیرەوەری مێژوییان دەخستە نیگایەوە.. وەك ئەو جارانەی رۆژانە لە هـەمو بۆنە و یاد و سەرکەوتنێکدا دەیدیـەوە ..کـاتێـك پـاش دوانـزە سـاڵ لـە دەربـەدەری گەیشـتەوە نیشـتمان ملیۆنـان کـەس لـە کـورد و عـەرەب بـەو دەرونـەوە پێشـوازیان لێکـرد..لـە دەریاچـەوە سـەوڵی دەیـەها بەلـەم شـە پۆلی خسـتبوە نـاو ئـاو و لـە وشکانیشەوە ئۆتـۆمبیـل و ئەسـپە عەرەبانـە کـۆڵان و جـادە و ڕێـی گشـتیان بـە ورە و هۆڕێن خرۆشاند بو.. سۆزی نیشتمان پەروەری ئەوەندە جۆشی سـەند بـو وەك هـەوری بەهار بە سەریدا دەباری و منداڵان بە سرودەوە هەڵدەبەزینەوە و پیاو و ژن دەسـتیان درێژ دەکـرد و هوتـافیـان دەگوتـەوە و چـە پکە گوڵیـان هەڵـدەدا.. بـە جورێك لـەناو جێبەکەوە هەردو دەستی بەرز کردبوەوە و سۆزی بۆ جەماوەر دەباراند..هـەتـا دوا سـات

بە بڵند گۆ دەنگی هەڵبڕی و لە ناو ئاپورەی ئەو ڕۆح بارانەوە بە جۆرێك سەرسامی گرتبویەوە لە ئاسمانی دەڕوانی هەتا ڕستەیەکی مرواری بدۆزێتەوە:

*رۆڵەی بە شەرەف و تێکۆشەری شاری بەسرە و برایانی عەرەب و کورد دەرتان خست کە ڕۆح و دڵی جەماوەری عێراق یەکە پێویستە هەمومان بیپارێزین .. من لە ئاستی ئەو پێشوازیەی ئێوەدا زمانم لاڵە و نازانم بەچی ڕستەیەك سوپاستان بکەم .

لە یەکەم ساتدا عوبەیدولای کوڕی دەستەیەك گوڵی دایە دەست و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و حیزبی سیاسی تر و جەماوەر گوڵ بارانیان کرد.

تیشکی خۆر لە ڕۆژ هەڵاتەوە تیر دەردەکەوت و لەگەڵ تاریکی بەری ڕۆژ ئاوایا دەبونە تارای ئاسۆیی شار و بە ئاسمانەوە لەگەڵ دوکەڵی پەرشی لولەی کارگە و چاڵ و پاڵاوتەی نەوتا تێکەڵاو دەبون و سیمای شارەکەیان گۆڕی بو بە نیشتمانی خەیاڵی. .بە گڕی دەرونیەوە لەگەڵ کەشەی ئاسمانا یاریان دەکرد و بە ڕەنگی گوڵی تێکەڵە ڕۆحی و سروشتیەوە ببوە بوکێکی دەستکرد.

لەوەوە بیرەوەری ژیانی بە گوڵی ئاشکراو نەبینی دەدیەوە کە وەك تەون لە هەمو ئان و ساتێکدابە وێنەی جۆراو جۆرەوە دەوری بتەنن.

جارێك لەسەر شە پۆلی ئاوی ئاراز ئەو وێنەیەی دیەوە. .کاتێك لە پاڵ دارێکا دانیشت بو بە دوربین سەیری لوتکە و بنار و لاپاڵی دەکرد و لە پەڕینەوەی هەڤاڵانی دەڕوانی لەم بەری ئاوەکەوە بۆ ئەو بەر. .لەو ساتەدا ڕادوێکەی کردەوە و گوێی بە دەنگی حاجی عەلی ڕەزم ئارا کەوتە سەر خرۆش:

*ئەتوانم بڵێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا کەس لە شەڕی پارتیزانیدا ناگاتە بارزانیان .

پێشمەرگە لەم بەر و ئەو بەرەوە کەوتنە هەڵپەڕین و چەپڵە لە شاخ و کێوا دەنگی دایەوە . .لەوەوە ئەو گوڵ بارانە لە چاویەوە تیشکی دەدایەوە و شەوی دواییش سەدان

گوڵی تری ئازادی بۆ ڕەخساند..لە کاتێکدا ڕادوێی خستە سەر لەندەن لە سێدارەدانی چوار ئەفسەری خوێندەوە.

بە هەواڵی مەرگ و ژیانیانەوە چاوی نوقاند لە بورکانی خەفەی رۆحەوە لە گوڵی نەمرەیەوە دەکشان..وەکو ئەو ساتەی لێی جیا بونەوە و لەبەر سێبەری چیا و دۆڵا چونە ژێر دارێکەوە دەستی خستە سەر قەدەکەی:

*ئێمە بوینەتە داری بەر گەردەلول لەم گەشتەدا بەهیلاك دەچن ..ئێوە بگەڕێنەوە و پەیوەندی بە سەرکردەی یەکەوە بکەن.. لەسەر هەمو بەردێك یاریتان لەگەڵ مەرگ تۆمار بوە و بون بە گوڵی سەربەستی .

هەر چواریان دڵیان پڕ بو..لەتاو گریان بێدەنگ بون بە هەنسکەوە وەستان .. سێبەری شاخ و کێو دەواری نهێنی مێژویان دەنەخشاند و چوار جەستە و رۆح زمانی پێکهاتەییان لە فرمێسکیانا تۆمار ببو.

بەو وێنە و رۆحەوە ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە لەسەر بانی بارەگای بارزان لە وەڵامی رۆژنامەی هاواری ئینسانیدا پە نجەی گرتە شاخێك:

*ئەو سنورەی کە کوردستانی جیا کردۆتەوە دەست کردە و من واز لە بستێکی ناهێنم .

بەو قسەیەوە گەشانەوە و بە قوڵی چاویان بڕیبوە ناو چاوی وەك قوتی بدەن ..ئەویش سەیری کردن و پە نجەی درێژ کردەوە:

*هیچ گەلێکی جیهان وەك کورد نەبوە هەمو مێژوی قوربانی بو بێت و لە مافی ژێر دەستەییش بێبەش بێت ..دەبێت ئەم تەوقە وەك ئەفسانەی داستان تێکبشکێت.

ئەو بیر و وێنەیە کاری تێکرد و دڵی پڕ بو وەك و فریشتەی نەمر دەیبینینەوە.

لەو ساتەشدا ئەو بۆن و بەرامە و دیمەنەی لە شەپۆلی ئەو پێشوازیەوە دیەوە و لە یەکەم چرکەوە بزەی سەر لێوی دەپشکوت..وەکو ئەو سەرکەوتنانەی کە بە هەڵمژینی گوڵی کێویەوە بۆنی بەسەردا پەخش دەکردەوە .

رەنگ و بەرامەی ئەو بۆنە لە سەردەمی ئاوارەییدا پتر گرتبویەوە.. لە ساتی بیرەوەری و هیوای دوا رۆژەوە هەمیشە بۆنی بەخونچەی داهاتووەوە دەکرد و دەحەوایەوە و هەڵیدەمژیەوە.

لە بەرە بەیانی ئەو ئازادیەی دوای مردنی ستالین دروست بو جارێك بەو جۆرە گەشایەوە و بە بیری جموجوڵی سیاسیەوە بەخەیاڵ چاوی بە ئاسماندا دەگێڕا و لە ڕاڕەوەکەوە پیاسەی دەکرد و لە فەزای بیرەوەری دەڕوانی..لەو ساتەدا لە ناکاو تەپەی پێ دایچڵەکاند و چەند کەسێك لە قادرمەکانەوە سەرکەوتن بەوردی لە پانتایی ڕاڕەوەکەوە نیگای تێبڕین ..دو هەڤاڵی و لاوێکی بالاّ ناوەنجی قاتێك چاکەت و پانتۆڵی شینی لە بەر دابو لەبەر تیشکی گڵۆپەکەدا دەبریسکانەوە و شەوقیان دەخستە دەم و چاویەوە وەك کارگ ڕەنگی سپی پێستیان دەردەخست و بە دڵۆپەی پێلویشیەوە ڕەنگی تۆخیان گرتبو..کاتێك گەیشتنە لای ساتێك بە دو دڵیەوە حەپەسا .. هەتا ئەو هاواری ڕۆحی دەقی بێدەنگی شکاند و خۆی پێ ناساند:

*سەرکردەی سێم هاتوم بۆ کۆنگرەی لاوان و ئافرەتان لە چین..لە ڕێگەی سوریاوە بە قاچاخ ڕێگەم بڕی و ویستم چاوم پێت بکەوێت.

بەو قسەیەوە باوەشی پیا کرد و فرمێسکی بزەی خۆشیش بە جۆرێك چاوی گرتنەوە حەپەسا بون ..سەرکردەی سێ بە فرمێسکەوە لە نیگا و ڕوخساری دەڕوانی و بۆینباخ و چاکەت و پانتۆڵی لەگەڵ ئەو وێنەیەدا بەراورد دەکردەوە کە بەجلی کوردیەوە بینیبوی..ئەویش ڕۆشنایی لە سەر چیا و لوتکە دەگیرسایەوە بەو وێنە ئاڵۆزانەوە مەلی بێدەنگی سەربڕی:

*هەڤاڵی خۆشەویست بەخێر هاتیت بە دیدارت دەرونم گەشایەوە .؟

ئەو دیدارە ئازاری کەم کردەوە و بیرەوەریەکی پرشنگ دار بو لەلای هێشوی ئەو هیوایەی بۆ دەهۆنیەوە کە ڕۆژانە ئاخی پێ دەخوارد ..هەتا بە زەنگی چواردەی گەلاوێژەوە گوێی زرینگایەوە و لە خۆشیا ئارامی نەما و بە ڕادوێ و ڕۆژنامەوە خۆی

خەریك دەكرد هەتا ناوی ئەو ئەفسەرانەی بیست كە لە شۆڕشی بارزاندا بە جمو جوڵی شۆڕشگێڕی دەزانین و پەیوەندی لە گەڵیاندا هەبو ..ئەوە خۆشی و بۆنی ئەو ڕۆژەی خستە دەرونیەوە..كاتێكیش سواری فڕۆكە بو چاوی بڕییوە لوتكەی چیا و بەو هیوایەوە لە فڕۆكەخانەی میسر دابەزی و چاوی بە جەمال عەبدولناسركەوت .

لەو ساتەشدا لە شە پۆلی ئەو شارەوە ئەو وێنانەی دیەوە و كاتێكیش بەرە و بەغداد كەوتنە رێ لە هەمو لایەكەوە جەماوەر بەو گیانەوە لە سەر جادەی گشتی پێشوازیان لێدەكردن .. بەبینینی سەرۆك كۆمار و كار بەدەستانیش سێبەری ئەو دیموكراتیەتە گرتیەوە كە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەدا بانگەشەیان بۆ دەكرد بەو خونچەیەوە بارزان و موسڵ و هەولێر و سلێمانی و زۆربەی گوند و قوڕخ و تاقە ماڵە گەڕا و هەمو بارەگای پارتی بەسەر كردەوە.. كەسایەتی ناودار و شۆڕشگێڕی بینی.. لە گردی سەیوانیش چە پكە گوڵی ئازادی خستە سەر مەزاری شەهیدان و چوە سەر گۆڕی شێخ مەحمودی حەفید و پە یمانی بۆ دوپات كردەوە:

*ئەی باوكی خۆشەویستم..باوكی گیان و مێژوییم..داخوازیم ئەوەیە لەسەر بیر و باوەڕی نەمرتان لانەدەم..تا دوا تنۆكی خوێنم ئامادەم بۆ بەربەرەكانی ئیمپریالیزم و نۆكەرانی و تێدەكۆشم بۆ ئازادی و شادی گەلی عێراق .

ئەو گولانەی لە هەمو بیرەوەری ژیانیدا لە ساڵ ڕۆژ و چلە و یاد و جەژن و نەورۆز و ڕۆژانی تایەتی و نامە و ڕا پۆرت و گفت و گۆ و ئێزگەشدا دەیبینیەوە..هەر بەو گوڵ بارانەوە لە هەمو كۆنگرەكاندا بە سەرۆك هەڵدەبژێردرایەوە.

لەو ساتەشدا هەمو ئەو وێنانە لە ناو ئاوێنەی بەهێزی بیرەوەریدا لە كەفی شرینقەكەوە لە بەر چاوی شە پۆلیان دەدایەوە..وێنەی ئەو سالانەی دەهاتەوە بەرچاو كە وتوێژی لەگەڵ حیزب و نیشتمان پەروەراندا دەبون بە ئاسۆی فراوان بۆ زەمینە خۆشكردنی ئاشتی.. لە گوتار و قسەیدا بەردەوام ئەوەی دەردەخست و ئەو ڕاستی یەی خستە بەردەمی سەرۆك كۆمار:

*عەرەب برا گەورەیە لە عێراقدا با غەدر لە برا بچوك نەكات..ساڵەهایە كورد كەوتۆتە بەر شاڵاوی بێبەزەیی..ئێمەش لەم وڵاتەدا مافمان هەیە و نەتەوەین.. با هەمومان لە سایەی ڕژێمی دیموكراتیدا بژین و بە ئاشتی هەمو كێشەیەك چارە سەر بكەین..شەڕ وخوێن ڕشتن تەنیا كاولكاری و نەخۆشی وڵاتە.

بەو بیرەوە لەگەڵ سەركردەی چوار كۆبوەوە.. ڕێنمایی بۆ ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن دایە ..كە هەوڵی پاراستنی برایەتی كورد و عەرەب و كەمایەتیەكان بدەن و پاراستنی بەرژەوەندی گەلانی عێراق بەرە و ئاشتی و برایەتی.

پاش دو ساڵ ئەو شادیەی تۆرا و نا ئارامی باڵی كێشا و ناخۆشی گرتیەوە .. بۆ یەش كەوتە خۆ و ئاگاداری هەمو ڕێكخستنی پارتی كردەوە و لەو گەشتەی بۆ روسیا یارمەتی بۆ كڕینی چەك وەرگرت و بەناوی پاراستنی سنورەوە كۆمەڵێك چەكیشیان لە رژێم وەرگرت ..شێخ ئەحمەد لەگەڵ نوێنەری وەزارەتدا بردیەوە بۆ بارزان و ئەویش دوای ئەوە بە یەكجاری بەغدای بە جێهێشت.. بە جۆرێك شەوێك لە كەركوك مایەوە تا بەیانی ئاویشی نەخواردەوە و كتوپڕ چوەوە بارزان و دوای ئەوە بارودۆخ تێك چو..لە باشور و باكورەوە ڕۆژ بە ڕۆژ نیشتمان پەروەران بۆ زیندان بەڕێ دەكران..ڕۆژانە لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا ڕوداوی نوێی ترسناك بڵاو دەبوەوە.. بەو ئاماژەیەوە نیشانەی ترسناكی بیری پوچەڵ بونی ڕژێمی دەخوێندەوە و لە كۆبونەوەیەكدا ئەوەی دركاند:

*سەرۆك كۆمار توشی نەخۆشی نێرگز بوە و بۆرژوازی عەرەبیش لەگەڵ كۆمەڵێك لە تێكدەرانی حیزبی شیوعی ڕۆژانە گوێی پڕ دەكەن.

دوای ئەوە لە بەغداد ڕۆژنامە و بڵاوكراوەی پارتی و زۆر بارەگای تر داخران و ئەندامان زۆریان گیران و چەرچەفی كوشتار كشا..ئاگر و ئاسن بون بە دەسەڵاتی سێ ساڵەی سەركەوتن بەو تارا خوێناویەوە كارەسات بەرچاویان دەگرتەوە..تفەنگی كردە شانی و فیشەكدان و خەنجەر و دەمانچەی بەست و لەم سەر بۆ ئەو سەر بەسەر

گەلاّی وەریوی ئازادیدا دەگیرسایەوە..دەیان جار گوندی سوتاو و کاولی بینی.. گۆشت و ئێسقانی ڕەنگاڵە بوی بەسەر بەرد و داریدا دەدیەوە..یەکەم بۆمبارانیش راستەو خۆ ناوچەی بارزانی گرتەوە و هەمو گوندەکانی کەوتنە بەر بۆمباران و شاخ و کێوی ئاگر درا و چادری بارزانیش سوتا..لەو ساتەدا کە فڕۆکە بۆمبارانیان دەکرد سەرکردەی حەوت لە بن بەردێك دانیشتبو.. لە بیری ئەو نەهامەتی و کوشتار و سوتانەوە کتوپڕ ئەوەی بەبیریدا هات کە ببوە خولیای پاراستنی نهێنی و هەڵگرتنی بەڵگەنامە بو..بەو پە یمانەوە بیری ئەو جانتایەی بارزانی کەوتەوە کە لە چادرەکەدا بو.. بە پەلە رایکرد فڕاندی و نەگەیشتەوە جێگەی خۆی راستەو خۆ موشەکێك گرتیەوە..ئەو جانتایەیش بو بە یەکەم ئەرشیفی.

بەو جۆرەش ئاگر هەمو لایەکی گرتەوە..دوایی رژێم بە هێزێکی گەورەوە لە جاش و یەکە نیزامیەکان هێرشێکی بەر بلاّوی کردەوە سەر بارزان.. لە قوڵی ئاکرێ و بەری ئاکرێ هێرشیان هێنا و شەڕی گەورە هەمو ناوچەی بارزانی گرتەوە..عەبدولکەریم نامەی بۆ نارد کە داوای لێبوردن بکات و رێکبکەێت تا کۆشکێکی لە بەغداد بداتێ.. لەو ساتەدا رۆحی بە فەزایا فڕی و وەلاّمی بۆ نوسیەوە:

*تۆ داوای لێبوردن لە گەلی عێراق بکە لەو تاوانە کوشتارکاریانەت کە قەسا بخانەت داناوە..من رۆڵەی گیانبازی ئەم گەلەم لە سەنگەری فیداکاری بۆ ئاشتی.. ئەگەر خوا فرسەتم بدات دەبێت پێت بڵێم کێ تاوانبارە ..من هەر رێگەم نەمێنێت ئەوا مردنم هەیە کە جوانترین کۆشکی مرۆڤە بۆ سەربەرزی..نەك تەسلیم بون بە دیکتاتۆر.

دوای ئەوە لە بەری ئاکرێ و چیای پێرسەوە جاش و سوپا هێرشیان کرد بەرە و بارزان و شەڕی خوێناوی روی کردە ناوچەکە.

بەم نەخشەیەوە هەستی کرد تەنیا مەبەست لەناو بردنی رەگی شۆڕشە و بیری مان یا نەمان مێشکی گرت و خۆی سەرکردایەتی مەیدانی پێشەوەی هەمو شەڕەکانی کرد..

كە لە دۆڵی نەهلە لەگەڵ بیست پێشمەرگەیدا گەمارۆ بون و بە سوپا و جاشی رژێم تێکەڵاو بون و بە ئەفسانە دەرچون..بەو جۆرەش بەبێ دەرامەتی و کاول کاری جەنگان.

دوای ئەوەش هۆز و ناوچەی تر شەڕی گەورەیان کرد و هەتا لە زاوێتە جەنگێك کرا کە رەورەوەی رژێمی گۆڕی و سوپای هێرش بەری تەفر و تونا بو..تا هەمو هەرێمی بادینان کەوتە ژێر دەستی شۆڕشەوە..سەرکردەی سێش لەناوچەی چەمی رێزان کەوتە خۆ و کۆمەڵێك بەرگری و هێرشی کرد..ئەوسا بەرەو ناوچەی سۆران و شەڕی قەلای رایات..ئەوەشی کە دەنگدانەوەی جیهانی لێکەوتەوە گرتنی عەین زالە بو کە کۆمپانیای نەوتی تیا دامەزرا بو بە دەیەها کارمەندی بیانیەوە بە هەمو دام و دەزگایەوە کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگە.

ئەو هێرشە چڕە هەتا کودەتای بەعسیەکان بەردەوامی هەبو..ئەوەش هۆکاری ئەوە بو کە نەخشەی لەناو بردنی بارزانی و ناوچەکەی کێشرا بو.. بۆیەش چەندین بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسی نارد هەتا بەشداری شەڕ بکەن و لە هەمو لایەکەوە هێرش بکرێت..بەلام جەنگ تەنیا ئەو ناوچەیەی گرتبو.. ئاگری بە سەردا دەباری و جارێکی تریش دو یەکە بە هاوکاری حەوت هەزار جاش هێرشیان هێنا..زۆربەی ناوچەکانیان گرت..بارەگای بارزانیش لە گەلێی دەلاش دابڕا و سوپا ئەو دیویان گرت..زەوی لەبەر ئاگر بارانی فڕۆکەو تۆپا وشك داهاتبو..تاقە پێگەیەکی شۆڕش ئەو خەستەخانەیە بو کە سەرکردەی نۆ بەیاوەری دو برین پێچ لە ئەشکەوتێکا کردبویانەوە و برینداریان تیا تیمار دەکرد.

بەو دۆژە مەرگاویەوە لە ریزی پێشەوەدا هێزی ئەفسانەی شۆڕش و بەرگری پەخش دەکرد و هەمو تواناى رژێمی لە هێرشی یەك بە دوای یەکدا وشك کرد و شەڕ بەرە و خۆشناوەتی و ناوچەکانی تر بلاو بوەوە.

ئەو رۆحە بو پێشمەرگەی وا لێکرد بو رۆحیان بفرێت.. چەند جارەی هێرش بۆ ئـاکری چیای پیرس لە چـاوی پێشـمەرگەوە رۆحـی بـارزانی بـە ئـاسمانـەوە دەبینرایـەوە کـە سوپای رژێم بە سێبەر دەتوانـەوە..ئـەو هێـز و رۆحـە لـە شـەری هەبیـەت سـوڵتان و سپیلکیشەوە رەنگیان دەدایەوە و بە فەزایا بڵاو دەبوەوە کە چل و پێـنج رۆژ لـە چیای مەتینا بەرگری کرا.. هەتا بەو سوێندەی خوارد بویان بۆ بارزانی بـە جـەنگی نێـزە و خە نجەر سـەدەها چـەکی جـۆرا و جـۆری قـورس و سـوك کەوتـە دەسـتی پێشـمەرگە و تەواوی مەتین بە دەیەها دیل و کوژرا و گیرایەوە.

دوای کودەتای هەشتی شوبات فەرمانی وەستانی شەڕی بە هێزی پێشمەرگە دا و چەند جار گفت و گۆ کرا..هەتا تایەر یەحیا هات بۆ چوار قورنـە و چـەندین نوێنەرایـەتی تر.. بەعسیەکان لـەو پە یمانانـە دەهاتنـە دواوە کـە بـەر لـە کودەتاکـە دابویـان و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد.. ئەوانیش کەوتنـە کاولکـاری و سـوتـان ..هـەتا لەگـەڵ سوریاشدا یـەك کـەوتن و لیوایـەك هاتـە نـاوەوە و بـە تـەواوی لـە نـاو بـرا .. دوای ئەوەش سەرکردایەتی شۆڕش توانی هەر لە زاخۆوە هەتا خانەقین بخاتە ژێر دەسـتی خۆیەوە.

دوای دە مانگ کودەتای تشـرینی دوەم سـەرکەوت ئـەمانیش شۆڕشیان بـە گفتـو گـۆوە سەرقاڵ کرد ..هەتا خۆیان گرت و شەڕیشیان هەڵگیرسـاندەوە..لـە هـەمو لایەکـەوە کەوتنـە هێـرش کـە گرنگترینیـان شـەڕی سـەفین بـو کـە پـە نجا رۆژی خایانـد کـە عەبدولسەلام خۆی هاتە شەقلاوە.. دوایی سـەفین بـو بـە مـانگیکی دەسـتکرد کـە بـە قولایی روانین سەیری نەکەنەوە.

دوای کەوتنە خـوارەوەی عەبدولسـەلام لـە فڕۆکـە عەبـدولرەحمان بـەزاز دەسـەلاتی گرتە دەسـت و ئـەمیش دوای شکسـتەکانی ملـی بـۆ رێکـەوتن داو خـۆی بەیاننامەکـەی خوێندەوە..هەتـا دوا جار لە بەر زێوە لە ژێر رەشماڵێکا بەیەك گەیشتن و کۆبونەوە.

چەند ساڵێك بەو چەشنە بۆمبا و ناپاڵم و فسفۆڕ لەسەر خاك دەتەقینەوە..فڕۆكە ئاسمانیان تەی دەكرد و شاخ و ئەشكەوت ببونە لانەی هاوڵاتی..ئاگر بەسەر هەمو جێگەیەكدا دەباری.. زنجیری زرێپۆش نیشانەی كەلە سەری بەسەر خاكەوە دەنەخشاند..تۆپی گەورە و بچوك كەوتبونە كار.. سەرباز بە سەر تیپی پۆستاڵ سوردا هەنگاویان دەنا.

رۆژێك سێ فڕۆكە گوندێكیان لە نزیك بارەگای خۆیەوە سوتاند..لەگەڵ یەكەم تەقینەوەدا لە ئەشكەوتەكە هاتە دەر و بە دوربین كەوتە روانینی ئاگر و دوكەڵ.

گوندەكە كەوتبوە سەر بەرزاییەك سنگی بۆ رۆژئاوا كردبوەوە و فڕۆكەش بۆمبا لە دوای بۆمبایان فڕی دەداو دوكەڵ و كڵپەی ئاگر تەواوی خانو كەلاوەی گرتبوەوە.. دەست و قاچ بە حەواوە یاریان دەكرد..مەڕ و بزن و مانگا و سەگ و تولە و كەر و وڵاخ لە مەوجی خوێنا هەڵدەبەزینەوە.

دو دۆشكا لەسەر لوتكەوە كەوتنە دەسترێژ..ئەوسا فڕۆكە بۆمبا رێژەكە لەگەڵ كشانی دوكەڵ دا لەگەڵ دو فڕۆكەی تر بەرەو پایتەخت گەڕانەوە.

بەو وێنەیەوە هەناسەی هەڵكێشا و دوربینی كردەوە ملی و روی كردە سەركردەی نۆ:

*فیرعەون زوڵمی وای كردوە ؟ ئەمانە بۆ مافی مرۆڤ حەلاڵە چونكە عێراق نەوتی هەیە .

بەو قسەیەوە دەستی چەپی كردەوە بە قوڵی قاپوتەكەیدا و سەركردەی هەشت چاویلكەكەی لەسەر چاوی لابرد:

* پێدەچێت جاسوس نەخشەی ئەم ناوچەیەی دابێتنێ .. پێویستە زۆر وریا بن بۆ ئەوەی خۆفرۆش زەفەرمان پێ نەبەن.

سەركردەی نۆ پەنجەی بۆ شاخەكەی ئەو بەر راكێشا:

*سەرۆك زۆر رێ و شوێنی ئاسایشمان داناوە.. بەلام ئەم بۆمبارانە نەخشەیە بۆ بارەگای تۆ و دەستی خەڵكی خۆفرۆشی تیایە .

ئەو قسەیە خستیە ناو بیرێکی قوڵەوە سەری بادا و لە دوکەڵەکەی روانیەوە:
*زۆربەی گوند و شارۆچکەی تر سوتاون ئەوانیش بارەگای بارزانیان لێیە.؟ ئەمە کاری مرۆڤە؟..من هەر رۆژە بارەگایەکم هەیە سوك و سوێ لەم ئەشکەوتەوە بۆ ئەوی تر.
سەرکردەی نۆ ئەوەندەی سەرما بو جامانەیەکی سوری لە ملی ئاڵاند بو بە لێکدانەوەی قسەی ئەوەوە مات ببو ..لە سەرکردەی حەوتی دەڕوانی و دوا جار پەنجەی هەڵبڕی:
*ئێستا فسفۆڕ و مادەی کیمیاوی و ژەهراوی دەڕێژن کە هەموی بە پێی یاسای مافی مرۆڤ قەدەغەن و بۆ کورد کوشتن حەڵاڵن..ئەمریکا مافی پشیلە دەدات هی کورد نادات.
سەرکردەی حەوت و هەشت بەرەو ئەشکەوتی راگەیاندن سەرکەوتن و ئەویش دوا مژی لە سیغارەکەی داو هاتەوە ناو ئەشکەوتەکە و ئەوەندە بەحەژمەتەوە لە ناو چادرەکەیدا دانیشت پەنجەی چو بە شیتاڵی لبادەکەی ژێری و ئازاری پێگەیاند .
ئەشکەوتەکە کەوتبوە خوار لوتکەی شاخەکە و بەرە و خۆر هەڵات سنگی کردبوەوە و بەرزی شاخەکە و دار و درەخت و تاشە بەردی درێژ شارد بویانەوە ..کانیەکی گەورە لەبەر دەمیدا هەڵدە قوڵا..لە پاڵ تاشە بەردێکی تەنیشتیەوە دیوارێك بە قوڕ دروست کرا بو سەری بە دار و نایلۆن گیرا بو گەڵای پەلکە داری خرابوە سەر.. دو ریز کوچکە بەرد و تەنورێك و مەنجەڵ و قاپ و قاچاغی تیا بو کرابوە جێگەی چێشت و نان .
چادری بارزانی لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا لەسەر تاشە بەرد هەڵدرا بو .. داری بەڵمی لە سەر لێژنە کرا بو.. بەتانی و لبادیان بەسەرەوە راخرا بو وەك دۆشەك نەرم ببو .. جگە لە بەتانی و سەرین و رادوێ و چرا لۆکسێك و شەترەنج و جانتایەکی قاوەیی هیچی تری تیا نەبو .

لەو ساتەشدا ئازار بەر پەنجەی قاچی گەیشتبو لە کاتێکا ئەو ژانەی دەچەشت پێشمەرگەیەك هاتە ژورەوە:

*سەرۆك ئەو لبادە دەدورمەوە .

پێشمەرگە لبادەکەی لول کرد و بردیە دەرەوە و بە سوژن و بەن خەریکی دورینەوەی بو ..ئەویش قەڵەمی خستە سەر کاغەز و کەوتە نوسین .

بەو شێوەیە هەمیشە بە بۆردومانی هاوڵاتیان ژیانی دەشێوا و موچڕکە دەیگرتەوە و ئەوانەی دەکرد بە ڕاپۆرتێك و بۆ یاسای مافی مرۆڤ و جیهان بەرزی دەکردنەوە .

بەو جۆرەش رۆژانە بە دوربین لە ناوچەکانی دەڕوانی ڕوبەڕوی ئاگر و ئاسن دەبونەوە..دەیان جەستە دابێژراوی بینی.. ڕۆژێك پێشمەرگەیەکیان هێنایە بەردەمی:

*نیشانەی سەر کەوتنە تۆ تەنیا یەك جەستەیت..سیانزە کاتژمێر بە تەنیا لە ژێر فرۆکە و زرێپۆشدا ڕوبەڕوی لەشکری رژێم بویتەوە..بۆچی ئەم گەلە ناگاتە ئامانج کە هەزاران ڕۆڵەی وەك و تۆی هەیە.

ئەو بڕوایەی هەمیشە پتەو تر دەبو ..قەڵای گۆشت و ئێسقانی لە تۆپ و فرۆکە بە بەهێز تر دەزانی و هەموی لەو پاڵەوانێتیانەوە دەدیەوە کە لە شەڕەکانی پیرەمەگرون و قەرەداغ و چوارتا و ئەزمر و زینەتیر و بەرەی رەواندز و کێوە رەش و ناوچەکانی تردا لە گیانی پێشمەرگەوە بەر جەستەی دەکردەوە:

*قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە

ئیتیفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگری

لەو ساتەشدا لە کەفی شرینقەکەوە ئەو وێنانە نیگایان دەگرتەوە.. وەك تاڵە دەزوی خەیاڵی بە روانینیەوە نوسا بون و هەموی لەلای زیندو دەبونەوە.. ئەوانەش ئەو گەرداوەیان خستبوە دەرونیەوە و لە رۆحی نەتەوەدا تواوەوە و رۆژانە هەزاران لە بەر چاویدا یاری مەرگ و ژیانیان دەکرد..خاکێك لە بەر ئاگری دۆژەدا دەسوتا .. مێژوی

ئەو شۆڕشە وەکو گەڵای درەخت فۆتۆیی دەهاتنەوە پێش چاویەوە و هێرشی گەروی عومەر ئاغای بینیەوە کە یەك لیوای تیا توایەوە و زۆزك و هەندرێن و گۆڕستانی هێرش هەڵدەدرانەوە تیایاندا.. بەو وێنانەوە هەناسەی گڕاوی هەڵدەمژیەوە.
ڕۆژانە ئەو گەردەلولە دەیگرتەوە ..جارێك بەو جۆرە سینەی بەبورکانی دەرونی سوتاند لە وەڵامی ڕۆژنامەنوسێکی ئەمریکیا مات بو ..کوپە قاوەکەی لە لێوی لابرد و ئەو هەناسەیەی هەڵمژیەوە و دەستی بە سەریەوە گرت و کۆکی ..وەك هەوای ئەو ئازارانە لێی بداتەوە بەو بڕوا بەهێزەوە لە زەریای خەباتا کەوتە بیرێکی قوڵەوە:
*لەبەر ئەوەی شۆڕش سەرنەکەوت بۆیە بیرەوەری خۆم نانوسمەوە..ئەوە پێویستە بیهێڵمەوە بۆ زمانی ڕەسەن.
بەو قسەیەوە پە نجەی بە ڕومەتیەوە گرت ..بەو وشانە حەژمەت گرتیەوە و دوا نیگای گرتە ڕۆژنامە نوس و کەوتە بیری قوڵەوە و دوا ساتی کارەساتی شۆڕشی هاتەوە پێش چاو..وەك ئەو ساتە لە تیشکی ئاسۆیی سەر کەلەوە تێکەڵاو دەبونەوە کاتێك ڕۆژنامە نوسێك ئەو بیرەی وروژاند:
*هۆی کەوتنی شۆڕش چی بو ؟
*هیچ هاوڕێیەکمان لەجیهاندا نیە..باری سیاسی جیهانیش ئەمڕۆ ئەوەیە کە شۆڕش واز بهێنێت و بە شێوەیەکی کاتی وازمان هێنا.
*مانای لەبیری تۆدا مانای شۆڕش هەیە؟
*هەر شۆڕشێك کە داوای مافی نەتەوەیەك بکات لە ڕوی سیاسیەوە ناکەوێت.. ئەمڕۆ یان سبەینێ هەر دەبێت هەستێتەوە و ئەو مافە بە دەست بهێنێت.
بەر لەوەی ماڵ ئاوایی بکات پە نجەی هەڵبڕی و بە هەواوە خەتی کێشا:
*چەندین تەن لە مافی مرۆڤ بە بەرمیلێك نەوت دەفرۆشرێت .

ئەو وێنە ئاڵۆزە لە بەر چاویدا بو هەمیشە مێشکیان تەنی بو ..لە توانەوەی گزنگەوە رۆژانە مەشخەڵێکی نوێ دەیگرتەوە ..هەر بەو رۆحەوە دوا ئاسۆی کوردی بۆ رۆژنامە نوسێك دەرخست:

*هەیکەل لە ئەهراما بینوسە.. نەك میسر بە دنیا بڵێ: کاری من تەواو بەڵام کورد بە کەس نافەوتێت ..دیسان ڕێبەرانی تر لە داوێنی دایکی نیشتماندا سەر هەڵدەداتەوە.

پە نجەی لە لێوی لابرد و هەناسەی قوڵی هەڵکێشا و مژێکی کەسکوندی لە سیغارەکەیدا:

*من دەمتوانی لەسەر شەڕ کردن بەردەوام بم.. بەڵام بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت و ئەو جەنگە نیوە جیهانیە لەسەر کورد لاچێت وامان پێ باش بو بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بە بزوتنەوەکە بهێنین.. بەهۆی پیری و نەخۆشیەوە دەوری من کۆتایی هات بەڵام هەرگیز ناکرێت کۆتاییەك بۆ کورد دابنرێت.

بەو بیرەوە دوا قومی لە قاوەکە دا و کەوتە بیری قوڵەوە ئەویش هەستی پێکرد و بێدەنگ بو .

لەو ساتەشدا لە کەفی شرینقەکە و بۆن و بەرامەی بیرەوەریەوە هەمو ئەو دیمەنانەی بە ئاسمانی روانینیەوە دیەوە و وەك ئەو ساتە کەوتەوە ناو تۆڕی روداوی دوا رۆژ و بڕوای بەهێز تر دەبو. لەگەڵ بۆن و ئاوازی نامۆ و زریکەی نەزانراوی هۆڵ و ڕاڕە و و ژور و نەخۆشخانەدا پتر ئەو هێزەی بۆ دەڕسکا.. وەك و لە ناو شارای حەشارگەی مردن و ژینەوە لە مرۆڤایەتی بڕوانێت بەو جۆرە هەست و نەستی شارایەوە و رۆحی توایەوە و مۆمیای نەمری بو:

فەزا بە فراوانی سەرهەڵدان و بیر و یادەوەری بونی نەتەوەوە پۆشرا بو .. کەشەی هەوری زەمەن بە بروسکەی تێزاب رۆحی تێکەڵاو کرد.. بە وێنەی تیشکی فیزیاییەوە رۆحی ئاوێتەی فۆتۆنی نەمری بو .. کەفی رۆح بە تریشقەی رۆژی ناکاتی خەوی

نەفخەوە بە بیرەوەری ساتی شیر پەنجەوە مۆمیای کرد بو ..ساتی رۆح دابڕان لە جەستە و هۆش لە بیر و بیر لە تۆڕی فەسلەجە .. گەلا ڕێزانی مێژوی بونی نەتەوە و خاك ببونە تۆڕی خواوەندی و بە دەم زایەڵەی رۆژگاری زێڕینەوە وێنەی مەلی کۆچەری لە فەزای روانینا هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە .. تیشکی تەلیکسی ئاوێنەی رۆح شەپۆلی ئەو رۆژانەی دەدایەوە کە ئاسمان و زەوی حەزی جوت بونیان دەجولا و مانگ و ئەستێرە بە ژوانی ئاوارەییەوە تروسکەی سەر خەویان لە سێبەری یەکترا دەشکاند .

زەریای رۆح لە رەوی پەنهانی ترازانی جەستەدا گەیشتە شەپۆلی بێسارانی فەزای بون و ئاسمانی سپی کرد ..شارای تەڤینەوەی چرۆی رۆحیش زمانی بێدەنگی لە هێلکەی زەمەنی نادیارا بە تێکەڵ بونی جەستە دەشکاند .. دەنگی بون لە بێزمانی رۆح بەرجەستە دەبو .. پۆل پۆل دەنیشتنەوە و هەڵدەفڕین .. رۆحی لە ساتی دابڕان و چرکەی یەکگرتنەوەیەوە بە خۆری ئازادی توابووەوە.. لە شەبێخونی رۆح باراندا دڵدارانی نیشتمان تێکەلاو دەبون ..ئەو ساتە بو کە مەسیح پەیمانی یەکگرتنەوەی بە دڵدارانی دابو..ژوانی بون بو بە زەمەنی نەبون هەتا لە ئەڤینی فەزای نادیارا جوت بن ..شەپۆلی با هەناسەی گڕاوی دەهێنا و رۆحی زەمەنی تێکەلاو دەکرد .. کۆچی سور ئاوێتەی شەفەقی ئەو رۆحانە دەبو کە تازە لە هێلکەدانا هەڵدەهاتن و دەچونە شیلاوگەوە .. فەزا بە شەپۆلی رۆحی تەواوە پۆشرا بو جگە لە کەفی رۆح هیچی تری تیا نەبو.. بۆشایی سپی سپی ..لەو شالاوەوە زمانی گڕوگاڵی ساوای شیری گرتبو پەنجەی رۆحی دەمژی ...شەپۆلی رۆحی زەمەنی نادیار بە زمانی زەرادەشتەوە زمانی هەسارەییان لە شیلاوگی بونەوەری نا زەمەنا کردەوە و شالاویان خستە بۆشایی :

*ئێمە نەوەی سەرەتاین بە پەیامی ئاینی زەرادەشتەوە لە جیهان جیا بوینەوە و بوین بە خاوەن داب و نەریت .. قولەی ئاگرمان نیشانەی شوناسی هەموتانی لە

فەزایا بەرجەستە کرد.. چی بایەقوشێك بو خوێندی و چارەنوسی کوردی گرێدا ؟!
ئاینی ئێمە دەوڵەتی ساسانی رەگەز کوردی دامەزراند لە زەمەنی درێژی جیهانا.. بۆچی روخا ؟ دوای گرتنی قوستەنتینیە چۆن ئەو دەوڵەتە بەهێزەیان خنکاند و بۆچی لەشکری ئێمە هەمو ئەو سەردەمانە تێکشکا و کورد نەیتوانی جارێکی تر خۆی بگرێتەوە .؟!

شەپۆل زەریای مەحشەری رۆحی سازاند بو ..فەزا بە شانۆی بون پۆشرا ..هابیل و قابیل شمشێری کوشتاریان فڕێ دا ..دەنگێك لە کۆتایی رەوەوە دەقی بێدەنگی شکاند:

*ئێمە ئەو کاتە سەرداری جیهان بوین ..چونکە دور بوین لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و خاکمان سەخت و چڕ بو بە بێ زانیاری و تێکەلاوی گەلانی تر دواکەوتین .. ئەوەی زانیمان عەقلی خۆمان بو..کاتێکیش تێکشکاین خۆمان نەگرتەوە.

رۆحی تواوەی ببوە تەلیکسی مێژو..ئەوە ئەو ساتە بو خەرمانەی ژیانی لە سەر کۆ دەکردەوە.. جارێکی تر رۆحی لە زنجیرەی روداوی نەتەوەیا توایەوە و دەنگێکی تر فەزای خستە سەر بانگەشە :

*چونکە دوای ئێمە عەقلی دەریا کەوتە کار و گەلان سودیان لێ بینی.. رۆمی بێزەنتی هات و ساسانی روخاند وخاکی داگیرکرد..ئێمەش دور کەوتینەوە لە ئاو و بەرە و وشکانی و سەختی چیا هاتین..ئەمەش کارەساتێك بو بە درێژایی مێژو کوردی لە داخرانا پێچایەوە و بناغە لە دوای ئەو دەوڵەتە دانەرێژرا.. ئەمەش نەوەی دوای ئێمەی دورخستەوە و جوگرافیا کلیل درا و نەوەش رۆژ لەدوای رۆژ بە بێهێزی هاتن .

رۆحی بونی نەتەوە جولایەوە و هەمو کەوتنە سەر شەپۆلی زمانی بون لە نەبون .. دەنگی تێکەڵ بە بروسکە شەپۆلی وەستاند:

*شەکانەوەی گڕی قولە دامرکایەوە ..زەمەنیش بۆ چەندین سەدە کەڵەکە بو ..نە مەسیحیەت و نە ئیسلام و نە هیچ بیرێکی تر نەبوە فریاد رەس..چونکە ئێمە گوتاری خۆمان نەبو.. هەمو ئاینێك بەسەرمانا زاڵ دەبو ..دەبوە داگیرکەری عەقڵ و خاك و بۆیە بە بێکەسی و دورە پەرێزی لە جوگرافیای تەنیایدا خنکاین .

شە پۆلی یادەوەری نوێ فەزایان شێواند .. بە گڕوگاڵی سیمۆتیکی و وێنەی نادیار ئاماژەی بێدەنگیان شکاند :

*بە درێژایی مێژو نەتەوە شیرازە پچڕاو و پەرت و بڵاو بون .. رۆحێکی موغناتیسی گێژی دەدا هەتا رۆحی نەتەوە کۆ بکاتەوە .. پشتاو پشت دەهات و لە سەردەمی جۆرا و جۆردا سەردەبڕدرا .. چەندین رۆحی مەلۆتکە خرانە ناو روبارەوە ..یان شەوە دەیفڕاندن و تێکەڵی رۆحی باوکی خۆیانیان دەکرد ..ئەوەی کارەساتی ئێمە بو رۆحی رۆحیمان فڕێندرا و توناو تونی زەمەن لەم پشت دەچوەوە ئەوی تر .

بروسکەی رۆح پزیسکی لە گەردونا دەدا و ئەستێرەی یادەوەری دەتەقینەوە..دەنگی زایەڵەی زەمەن لە رۆحی هاوچەرخا زەنگۆڵەی دا :

*تۆی باوکی رۆحی لە زەمەنی درەنگ و ناوەختەدا لە دایك بویت .. چەرچەفی رۆحت دەکشا و ئاسمانی نیشتمانی دەگرت.. نەتەوەش پەرش و بڵاو لە دۆژەی خاکی گەمارۆ دراوا کەوتبوە سەر بانگەشەی رێکەوتە مەرگ.. پۆلێك رۆح دەسوتێنران و زمانمان دەبەسترا و هاوار لە گەروا دەخنکا.

دەنگی رۆح تێکەڵاو بون ..زمانی زەمەن بو بە کەفی خواوەندی ..بروسکە فەزای گرتەوە:

*زەمەنی گرانی رۆح هات و کوڕ لەدایك و دایە لە کۆرپە ..جەستەش لە رۆح تەریو ببو ..رەوی دایناسۆر بە ئاسمانەوە رۆحی ئێمەیان دەپێچایەوە ..هەتا رۆحمان بە موغناتیسی رۆحتەوە یەکنەگرێتەوە ..تۆش بەرماڵی جوگرافیای زەمەنت راخستبو

..رۆژانە چاوت دەبڕیە فەزای روانین و بورجت دەژمارد ..لە ئەستێرەی بەختی جیهان ورد دەبویتەوە و رۆژێك گوتت :

*هیچ لە چارەنوسی ئێمە نیە .. تەنیا چارەسەر ئەوەیە پێویستە رۆحمان لە جەستە جیا بکەینەوە و بانگەشەی مەرگ بکەین بۆ ئاشتی ..کفن مانای ئاشتیە لە مەرگ ..رۆح لەم جەستەیە جیا دەبێتەوە و دەچێتە ئەوی تر.. وەرن با رۆحمان بۆ ئەو جەستانە بەخت بکەین کە لە دایك نەبون ..با رۆحمان لە جەستەی نەوەی ئایندەیا ئاسودە بێت .

بە کەفی رۆح چیا و دەشتت تواندەوە هەتا نەوە و خاك کۆ بکەیتەوە ..کۆلارەی رۆحت هەڵدا هەتا بە تەزوی هەور کێش کەیت.. نەهات و بە بورجی قەدەر گیرساینەوە ..شەوێك کفنت پۆشی و چەند بەرماڵێکت راخست و چایچی بارەگات بانگ کرد :

*من ئەمشەو دەچمە خەڵوەی مەرگەوە و نان و چا ناخۆم .. کەس نەیەت بۆلام .

تا درەنگان لەم بەرماڵەوە دەچویتە سەر ئەوی تر..دوایی نەخشەت راخست و بەو سەرە قەڵەمەی کە بە چەقۆ تیژت کرد بو کەوتیتە دیاری کردنی سنور.. فرمێسك کاغەزی نەخشەی کوردستانی تەڕ کرد و چاوت پڕ بو لە ئاو و بەشەکەتی ڕۆحی خەفەوە راکشایت و دەستی چە پت هەر لە سەر کاغەزەکە گرتبو ..خۆت تواندەوە و نیشتمانت قوت دا .. کاتێك راچەنیت گزنگ لە تەقینا بو ..روت کردە سوچی دیواری پێشەوە سیواخی قڵش و درزی وردی تێکەوتبو.. سەیری چەپ و راست و سەر و خوارت کرد بە درز خەت خەت ببون.. لەگەڵ گرنجی و قڵشی تەژەی ژورەکەدا لە روانینتا تێکەلاو بون و چاوت کردەوە.. وەك بۆ نابینا یا خود رۆحی سەدەی بیست و دو قسە بکەیت بە دەنگی کزۆڵەوە زمانت جولاند:

*چۆن بتوانین لە فەزا دوریان بخەینەوە و هەوری ولاتان راکێشین ..؟! ئێمە تازە وشکانیمان دۆژەیە و جوگرافیا نەتەوەی خنکاندەوە و لەت لەت و

پەرتەوازەیە..دەبێت نەوەی ئایندە ئەم تەلیسمەلە ئاسمانەوە تێکبشکێنن..جەنگ و ئاشتی ئێمە دەچێتە فەزا و ئاسمانەوە.

رۆژانە لە دایك بوی نەتەوەت دەکردە کوڵ و چیا بە چیا دەتگێڕان ..هەتا بۆ ناو کۆبونەوەی نهێنی دەتبردن .. کاتێك سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلت دی گوتت:

*ملوێنان شیرە خۆرەی رۆحیم لە باوەشدایە.

سەیری خۆت بکە ئێستاش رۆحی مێژوی نەتەوە بون بە گەردونی بێ خانەیی وەك لە دەرەوەی فەزا لە نا فەزایا نیشتەجێ بوبن بێ لانە و ژیان رۆحی نەتەوە لەسەر رۆحت نیشتۆتەوە .

شە پۆلی نەوەی تازە هەڵهاتو هەناسەیان بە ئامـاژەی بـون خنکـا.. پە نجەیان بۆ زەمەنی خوێن بەرز کردەوە:

*ئەو نیشتمانەی کە هیوا و ویست و ئاواتتە و بەدرێژایی تەمەنت دەتویست دروست بکرێت و ئێستاش چاوەڕوانی دەکەیت.. لە ناوەڕاستەوە بە شمشێری هابیل کراوە بە دو لەتەوە ..کاروانی رۆح بەم دیو و ئەو دیوی دا دەکەونە خوارەوە و دەکەونە ناو لافاوی نوح.. سەیر بکە ئێمە هەمو بکوژی یەکین لە نیشتمانی رۆحا بۆخاك و نەتەوە یەکمان گرتوە.

رۆحێك باوەشی گرتەوە :

*من ئەم قابیلەم کوشت ..ئەو هابیلەش منی کوشتەوە.. بروانە ئێمە نوێنەری زەمەنی سەدەی بیست و یەکین ..ئێستا دوای ئەوەی زەمەنێکە رەو گەیشتۆتە کۆتایی لە قوژبنێکەوە دو هەور بەسەر وڵاتا هەڵی کردوە وتەرزە بارانی خاك دەکەن ..زەمەن وەك موی لێهاتوە هاکا بەریەك کەوتن .

گڕوگاڵێك هەمو دەنگێکی وەستاند:

*ئیستا زەمەن پێویستی بە عاسای موسایە کە جادوی ئەفسانە هەڵلوشێت ..زەمەن عاسای دەوێت.

گڕو گاڵی شه پۆلی ئاینده هێلکەی ڕۆحیان فڕێدا و فەزایان شێواند:
*ئێمە دەچینە شیلاوگی دوای کوشتارەوە ..دوای کارەساتی زەمەنی درێژ و کشانی ڕۆحی تۆ دەچین فەزا دەگرین و شوێنەواری ڕەشی زەمەنی دایناسۆر دەسڕینەوە.. بۆ ڕوانینی دوای گۆڕانی ڕۆحی ئەوان بە ئێمە و ئێمە بەوانی دواتر جێگەی خۆمان دەگرینەوە ..ئێستا ساتی شۆڕێنەوەی تۆوی ڕۆحی نەوەی نوێیە لە زەریای ڕۆحی نەتەوەیا ..نیشتمان بە بای شیلاوگی پاك دەكرێتەوە ..ساتی نەفخی ئەزەلی نیشتمانە.. دایکی کورد بەرماڵی لەسەر ئەو جوگرافیایە ڕاخستوە کە ڕۆحی تواوەی ئێوە چاوەڕوانی دەکەن.. هەمو لە بای نەفخی ڕۆحی نیشتمانا لە دایك دەبینەوە .. ئیتر ئاسودە بە و ڕۆحت لەو چاوەڕوانیە قوتار بکە.. بڕۆن خۆت و زەریای ڕۆحی تواوە بۆ فەزای خۆشبەختی.. بڕۆ ئیتر پشوی ئازار بدە.
ئەو مۆمیا بونە سروشتێکی ڕۆحی بو ڕۆژانە لە زەریای ئەو بیرەوەریانەوە دەیگرت ..لەو ساتەشدا لەگەڵ دوا دەنگا چاوی تروکاند و لەو کەفە دەرونیەوە لە کەفی شرینقەکەدا مۆمیا بوەوە .. پزیشکەکەش شرینقەکەی بە دەستەوە بو..نیگای لەسەر کەفە کوشندەکە دەگیرسایەوە..ڕۆشنایی بەری مێژویان لە تابلۆی ئاوێتەییدا نیشان دەدایەوە..لە ژێر سێبەری یادی بەهێزدا مات ببو..شێی بیرەوەری کاروانی مێژوی ئالای خوێناوی گەلێك لەسەر زەوی مردن یاری بکەن..گاڵتەیان بە گیان دەرچون دەهات..لەو پڕۆڤەیەوە مردنی لە یاد دەچو..دەچوە ناو کاروانی بە هێزی و مەرگی دەشاردەوە..لەگەڵ گوڵی گەشاوەی سەر پە نجەرەکەدا تێکەڵاو دەبون.. لقێکی نەمر بون بە سەر ژیانیا پەخش دەبونەوە..فرمێسکی ناو چاویشی وێنەی نەمری ئەو گەلەیان دەنەخشاند !

٣ خەرمانەی تیشكی ئاڵۆزی ژورەكە بە

ئەستێرەی گەڕۆكی گەردونیەوە دەسوڕایەوە و مۆمیـای خـەوی قـوڵی ئـەزەلی خۆڕسكی بون و نەبونی كرد بـو.. پەلكـە زێڕینـەی بـیرەوەری لـە نیگایـەوە دەكشـا و تەلیسـمی تەمی تـاریك وەكو ئاوێنە لە فەزای ئاسـۆییا سـەدەها وێنـەی لـە روانینیـدا ئاوێتـە دەكرد و زمانی لە بێ زمانیەوە دەخستە گۆ و لاوان بە سنگی شـەق بـوەوە لـە لوتكـە و بنار و دەشت و دەر و كوچە و بازاڕدا ڕەنگیان تیا دەدایەوە.

بەو وێنانەوە ئاسمان ببوە دوكـەڵ كێشـی ژان و هەناسـەی خەفـە و بەسـەریدا پەخش دەبوەوە..دەریای یاد و چركەساتی مێـژو دەكەوتـە شـە پۆلی هـەتا هـەتایی و كەشـی تیشك و دەنگ و ڕەنگ و سیما و بۆنی ژورەكەش ببونە شـێیەكی خـۆ خـواردوی ڕەنگـا و ڕەنگی ئاوێنەی بیرەوەری..تیشك و بۆیاخی دیوار سەمای زەماوەندی هێمنیان دەنوانـد

وەکو بە گاسنی خەزان گەڵای تەمەن لە لێواری ژیاندا بوەرێنن بەو جۆرە ئەلەمنیۆم و پارچەی بریقەدار بە یەکەوە زمانی جەستەییان لەبێ جەستەییەوە دروست دەکرد.
بەو روانینەوە چاوی بڕییوە کەفی هەمیشەیی و لە دەریای نامۆییدا دەخولایەوە و موی گرژ ببو.. بە تیشکی نەبینەوە دەرونی دەکفا و بڕستی لێدە بڕا و ماتی گرتبویەوە و سارد و سڕ ببو.. بە جۆرێك زاری بەسترا بو وەکو هەست و نەستی لەگەڵیدا مۆمیا بو بێت..بەو جۆرەش گەڵای گومانی دەوەری و چرۆی دەکردەوە و لەگەڵ هەناسەیدا ڕاستی ژیانی سەرتاسەریان دەگوتەوە..سرود و لاوك و گۆرانی و حەیران و بەستە و شیعر و ئاوازی نەتەوەیی لە مێشکیدا دەزرنگایەوە و وەرینی گەڵای گیانی هەزاران لاو لە دیدەیەوە تێکەڵی تەمی فرمێسکی قەتیسماوی دەبون و وێنەی بەندیخانەی هەتایی دیاریان دەدا.
ئەو شاڵاوە ڕۆشناییان گرتبووەوە..هەر لە پڕ بە تکە فرمێسکێك پرسەی دەگێڕان و پێڵوی ببوە دوژەی ئەشکی خوێناوی و دەرونی دەکفاند و پەتی دەسرازە دەبون بە سێدارەی هەزاران شیرە خۆرە.
ئەو سوتوانە بە جەرگ و دڵیەوە دەنوسان و زۆر جار پەیوەستە دەبووەوە و بێهۆشی بەسەر وشەکانیدا زاڵ دەبو :
*ئەوەی بە سەر کورد هاتوە بەسەر هیچ گەلێکی تری دنیادا نەهاتوە ..ئەویش ئەوەیە ئاسمان و زەوی و دەریامان نیە و هەر چوار لامان دوژمنمانن.. لە کوێوە بانگی چۆلەکەیەك بکەین فریامان بکەوێت ..تەنیا فریاد ڕەسمان هەر ئاگرە و ئاگر .
بەو وشانەوە کۆتەڵی مردنی هەزارانی دەکرد .. دەستی بەسەر سنگیدا دەکێشا و چاوی لە ناو ئەشکیدا دەنوقاند .
چەند ڕۆژ لەوە و بەر ئەو تیشك و بروسکەیە گرتیەوە و هێز و بڕستی لێ بڕی و لەناو باخچەیەکی پڕلە گوڵزاردا دانیشت بو چاوی بڕییوە گەڵای گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ..لە هەر ڕەنگێکەوە وێنەیەکی دەدیەوە و هاواری بەسەردا بەرز دەبووەوە و گوڵزار

و چیمەن خوین ڕەنگ ببون..لە پڕێکا هەموی لە دیدەیدا تۆران و بە ئازارەوە کەوتە ڕوانین و ڕوی کردە گوڵێك و لە ناخەوە گریا ..گەلا و گوڵ و لاسك ببونە هەزاران ڕۆحی ئەزەلی مەلی کۆچکردوی ئەستێرەی شەهید.. هەر گوڵێکی لەجەستەیەکدا دەدیەوە و لە گەڵیدا دەکەوتە قسە ..هەزاران ڕۆڵە کوژراو دەستیان بۆ دەگرتەوە و هەناسەیان هەڵدەمژیەوە و خوێنیان وشك دەکرد..لە پڕێکدا تیشکی ئاوێنەیەکی بەهێز لێیدا و بەسەریدا بلاو دەبوەوە وەك و ئەو ساتانەی بە منداڵی وێنەی نیشتمان بیر و هۆش و هەست و روانین و سەرنجی گرتبوەوە ..لەو ساتەشدا ئەو تەوژمە گرتیەوە و چرکەی ژیانی لوش دا.

ئەو شالاوە بەرهاتی خەباتی نە پساوەی بارزان بو ..دەیان ساڵ بو تابلۆی تەلێکس لە دیدەیدا باق و بریقی دەکرد..هەر لەو دڵۆپە شیرانەی لە بەندیخانە دا بەسەر ڕومەتیەوە نیشانەی دوا ڕۆژیان بۆ دەکێشا .. هەتا لە ئاوێنەی خوێناوی ڕاستی بارزاندا بێشکەی زەینیان بۆ دروست دەکرد و کەوتە سەر مەشقی چەك و شەڕ و هەڵمەت بردن..ڕوانینی لەسەر حیکایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی و ڕوداوی میلی دەبون بە کەفی بەهێز و دەتوانەوە و دەکشان.

ئەو وێنەیە بۆ یەکەم جار لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لە ئاوێنەی زیهنیدا کەوتە تیشکدانەوە.. بە هێزێکی گەورەوە لە بارزانەوە کەوتە ڕێ ..لە گەلاو گوڵی دارستان و خاك و خۆڵی دەڕوانی و لە هەمو چرکەیەکدا لەگەڵ خشەی هەنگاویدا پتر خۆی بەهێز دەکرد..دەستی بە قایشی تفەنگەکەیەوە دەگرت هەتا پەیمانی شێخ عەبدولسەلام دوپات بکاتەوە:

*سەرکردەی بە ناحەق شەهید کراو..هێزی بارزان نابێت شوێنەواری تۆ ون بکات.

بەو ئامانجەوە شاخ و کێوی بەجێ دەهێشت..کارەساتی ئەو جەنگانەی سەرە ڕێگای بە گەلای وەریو دەزانی..یەکەم جار کە کەوتنە بەر تەقەی هۆزێك ئەو ڕاستیەی سەلماند و کتوپڕ نەخشەی کێشا و پێنج دەستەی جیا کردەوە..بە لای باکور و باشور دا

قەد بڕیان کرد و هێزەکەش لەسەر ڕێگاوە دەڕۆیشتن..لە پڕێکدا گەمارۆ بون و ناچار ڕایان کرد.

لەو تەپ و تۆزەوە لە ئاگرێك نزیك کەوتەوە لەسەر لوتکە شەوقی دەدایەوە..چلۆسکێکی هەلگرت و لەخۆڵە مێشەکەی وەردا ..لەو ساتەدا دو دیلیان هێنایە بەر دەمی و سەیری کردن :

*ئێوە چۆن سەنگەر لە برای خۆتان دەگرن ؟! لەبەر ئەوەی سەرۆك هۆز هەڵی خەڵەتاندون بڕۆن ئازادن.

بەو جۆرە بەسەر ئەو ناوچەیەدا تێ دەپەڕین ..لە بن دار و سەر لوتکەوە فیشەکیان پێوە دەنرا..لە نێوان دەربەندێکدا لە سێ لوتکەوە دایاننە بەر گولە.

ئەو نەخشەیەی ترسناك هاتە بەر چاو کتو پڕ شەش دەستەی جیا کردەوە و پێشیان کەوت.. لە ماوەیەکی کەمدا بەرزایی و لوتکە چەکداریان پێوە نەما..گەلای دار و دەوەن ڕادەوەشین و چۆڵی سەنگەریان بە هێمنی شنەی باوە دەردەخست .

بەو هێزەوە لەگەڵ گەردەلولدا هەنگاوی دەنا..لە هەمو جەنگێکدا فیشەکی دەتەقاند و بەسەر گرد و تە پۆلکەدا سەردەکەوت و نیشانەی دەگرتەوە.

کاتێك لە سلێمانی نزیك کەوتنەوە دو داڵە کەر خۆرە بە سەریاندا تێپەڕین ..کزە بایەکی بەهێزیش کشا لە دۆڵێکا خڕ ببونەوە و لە دیمەنی سروشتیان دەڕوانی .. پیرێژنێك بە دەم چیلکە کۆکردنەوەوە بە هۆرەی بە سۆز شیوەنی بە دیل گیرانی شێخ مەحمودی دەکرد .

ئەوە هەواڵی کۆتایی شەڕی خستە گوێیەوە..دوای پشویەکی کورت فەرمانی گەڕانەوەی بە هێزەکەیدا..فرمێسك و ئاهی بە دیل گیرانی شێخی بە دەشت و شاخ و کێودا دەڕشت..لەسەر بەرزایی بارزانیشدا بەسەر ئەو گەشتەیدا دەچوەوە و خۆی لە کۆجیتۆی فراواندا دەدیەوە .

خشەیەکی بەهێز لە ئۆتۆمبێلێکەوە هات و بە هۆڕینی بەردەوامەوە لەسەر شۆستەکە گیرسایەوە و ئەو بیرە بەهێزەی پچڕاند.

لەو ساتەشدا ئەو وێنەیە گرتیەوە و دوا نیگای لە گوڵەکان گرتەوە هێزێکی نەبین خوێنی دەجۆشاند ئەوە خستیە سەر خورپەی کتوپڕی و بەو ئازارەوە گوڵزارەکەی بەجێهێشت.

لەو ساتەشدا لە تیشکی شرینقەکەوە ئەو دیمەنە لێیدایەوە و هێندەی ترمێشکی کەوتە سەر شەپۆل و سەدان بیرەوەری چەخماخەی پێدەدا و توشی دەریای بیرکردنەوە دەهات..کەفەکەی وەك تەلێکس بە مێژوی بون دەرزی ژەنی دەکرد و شێرپەنجە تێکەڵاوی ئاوێنە و بورکانی بیر کردنەوەی دەبون و لە تیشکی ئاوێنەییدا هەمو کارەساتێکی بیر دەهێنایەوە.

دەیانساڵ بو ئەو دژایەتیەی لەو رەگەوە هەبو گومانی جۆراو جۆر دەیگرتەوە ..هەر لە جەنگی سەرەتایی بارزانەوە ئەو ترسناکیە گرتبویەوە و شەڕی هۆز و تیرە ریشەیان دەردەهێنا و وەك و شیرپەنجەی دەیبینینەوە.

بۆ یەکەم جار لەجەنگی ئاشوریدا ئەو ترسناکیە پێچایەوە..کاتێك هێرشیان هێنایە سەر ناوچەی بارزان حەژمەتی لێدەباری و بەسەر لوتکەوە سەرکردایەتی دەکرد و هەناسەی هەڵدەکێشا:

*ئینگلیز فریوی دان بۆ برا کوژی..دەیەوێت تۆوی دوبەرەکی لە ناوماندا بچێنێت..ئەم میلەتە بۆ ئەوەندە بە تەپڵی دوژمنان فریو دەخوات؟.

ئەو تەزوە دوای شکاندنیشیان گرتیەوە ..هەتا جاری دوەم هەمان چەشن کەوتنەوە بەر شاڵاوی بەرگری بارزان..لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تۆوە لە دەماریدا هەر ترسناکی دەردەخست هەتا چارەسەری ئەو ناکۆکیە کرا.

لەو ساڵانەدا چەندین جار توشی ئەو کێشەیە هات بەسەر دار و بەردی گەشتی دورە وڵاتی هەزاران نەشتەری ویژدانی دەخستە دڵیەوە..جارێك بە یەکجاری کەوتە ناو

ئەو گێژاوەوە و لە خاکێکدا گیرسایەوە دەست و مەچەك بەخوێنی یەکتری سور ببون..
لە دو ولاتدا بە لولەی تفەنگ ڕچەی دەشکاند..یادگاری لەگەڵ ئەندرانێك ئەلبومێکی ڕازاوەی ژیانی بو..لەسەر سنوری سوریا لەسەر کێشەکان گفتوگۆی لەگەڵدا کرد..لەو ساتەی لێی جیا بووەوە ڕستەیەکی کردە یادگاری ژیانیان:
*ئەندرانێك تۆ پاشای ئەرمەنیت مادام تورك خیانەتیان لێ کردیت سەربەرزیت و تاوانت لەسەر شان نیە..مێژو وەکو دەریا وایە لێرە دەبێتە چڵکاو و لەو لاوە پاك دەبێتەوە و کەس ناتوانێت چەواشەی بکات.
ئەوە بیرەوەریەکی سەخت بو لە شارای تەمەنیدا خڕ دەبووەوە و وێنەی ئەندرانێك و ژنەکەی بەسەر ساماڵی بیر کردنەوەیدا لە ژێر درەختی چواردە گەلای جەستەی بارزانەوە لە کۆجیتۆی ژیانیدا تۆمار ببو هەمیشە ئەو ڕاستیەیان دەگوتەوە.
ئەو ترسناکیە هەمیشە لە دڵیدا بو..برینی خوێناوی ئەو گێژاوەش گرتیەوە و لە ناو ئازاردا دەخولایەوە..شان بە شانی شێرپە نجە جارێکی تر خوێنیان دەمژیەوە و تەنها لەو کاتانەدا دەحەوایەوە کە شەڕی براکوژی نەدەما و کۆتایی دەهات.
بۆ دوەم جاریش خەزانی دو بەرەکی بەهێز تر گەلای شۆڕشی دەوەراند و شەو و رۆژی لێکردبوە یەك و لەم سەرەوە دەچوە ئەوسەر و دەگەڕایەوە هەتا ئەو ئاگرە نەهێڵێت..ئەوەش زۆر ترسناك دەهاتە بەر چاو و راستەو خۆ لەناو دڵی پارتیەوە دروست بو.. دوای لابردنی سەرکردەی یەك لە سکرتێری پارتی سەرکردەی دو جێگەی گرتەوە و رۆژ بە رۆژ ئەو ناکۆکیە پەرەی دەسەند.
ئەو سالانەی شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا بارەگای مەکتەبی سیاسیش لە بەغداد گوێزرایەوە و بەوەش دور کەوتنەوەی لەگەڵ باڵی چەپا دروست بو ئەو لە بارزان و ئەوان لە مالومە و ماوەت..ئەوەش بو بە هۆکاری زەمینە خۆشکردنی سەرکردەی دو بۆ دژایەتی کردنی و ئەویش بەردەوام لە هەوڵی نەهێشتنی ئەو ناکۆکیەدا بو لە ڕێی نامە و گفت و گۆوە ئەویش بەردەوام و هەوڵی ناو زڕاندنی دەدا..هەتا ناچار بو داوای

بەستنی کۆنگرەی شەش بکات لە قەلادزە ..بەمەش ئاگاداری کردنەوە و ئەو باڵە بەشداریان نەکرد و لە کۆنگرەش لابران و سەرکردەی چوار بو بەسکرتێری پارتی.

بەر لە دوبەرەکی زۆر جار بە جیاواز نامەی بۆ ئەو و سەرکردەی سێ دەنوسی و پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەی سێدا زۆر بە هێز بو..بەجوتە کۆ دەبونەوە و هەمیشە دەیگوت : کوڕمە.

زۆر جار دەیکردە نوێنەری کاری گرنگی شۆڕش..جارێك ئەو نوێنەرایەتیەی پێکرد کاتێك رژێم داوای گفت و گۆی کرد راستەوخۆ دەست نیشانی کرد.. دوای ئەوەش هات بۆ سلێمانی هەر لە دوریانی شارەوە ژن و منداڵ و گەنج و پیر وەستا بون و هەتا بەردەرکی سەرا چەپڵە رێزانیان دەکرد.. ئۆتۆمبیل و ئەسپە عەرەبانە و تراکتۆر شاریان خرۆشاند بو ..زۆریش بە سواری پاسکیل و ماتۆڕ ئەم سەراو سەریان دەکرد .. کوچە و کوڵان و شەقامی شار رەش ببونەوە.. کاتێك گەیشتە بەر دەرکی سەرا و دابەزی خستیانە سەر شان ..بەو جۆرەش کێشیان کرد هەتا بردیانە سەر بالاخانەیەکی بەرز و بڵند گوێ بە دەمیەوە نا و پیرۆزبایی لێکردن.

جەماوەر خرۆشا و هوتاف و چەپڵە و هاواریان بەرز بووەوە:

*نوێنەرەکەی بارزانی مام جەلال تالەبانی.

هروژمی خەڵکی بەجۆرێك بو بستە بۆشایی نەما بو ..سەر دیوار و بان و بن پاساریش گیرا بو ..ئەویش دەستی بەرز کردبووەوە و لەبەر تیشکی خۆر و سێبەری چیای ئەزمەڕدا وەك ئەستێرە دەدرەوشایەوە و جار جار خۆی وەردەگێڕا و لەگەڵ زنجیرە شاخی قەرەداغدا ئەڤینی نوێ دەکردوە ..دوا جار بەدەم هوتافی جەماوەرەوە دەنگی هەڵبڕی:

*لامەرکەزی ناوەرۆکی دیموکراتیە ئەمەش مانای رزگاری کورد نیە بەڵکو هەنگاوێکە بەرەو رزگاری.

بەو جۆرە سەرکردەی سێ خۆشەویست بو لەلای ..دوای ئەوەش کاتێك دو بەرەکی یەکلا بووەوە مەکتەبی سیاسی نزیك کەوتەوە لە بارەگای خۆی.. رۆژانە لەگەڵ ئەندامانا

دادەنیشت و هەمیشە گفت و گۆی پلانی شۆڕشی لەگەڵدا دەکردنـەوە و پەیوەنـدی بـە ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـیەوە بـە هێـز بـو. .لـە بڕیـاری شۆڕشـدا پـرس و ڕای وەردەگرتن و لە کۆنگرە و کۆبونەوەکانیشدا بێدەنگ دادەنیشـت و گـوێی لـە ڕا پـۆرتی هەمویان دەگرت و پاشـان دەکەوتـە قسـە و ڕەخنـە و پێشـنیاز و هەرچـی دەزانـی بـێ دودڵی و دەیخستە ڕو..جگە لەوانەش لەسەر کێشەی گرنگ بە جیـا گفتوگـۆی لەگـەڵ دەکردن ..بە تـایبەتی سەرکردەی چوار جێگەی سەرکردەی سێی گرتـەوە .. یـەکێك بـو لـەو ئەندامانـەی زۆر خۆشەویسـت بـو لـەلای لـە هـەمو کارەکـانی شۆڕشـا لـە گـەڵیا کۆدەبوەوە و دوای ئـەویش ئـەو پەیوەندیـەی لەگـەڵ سـەرکردەی نوێـا زۆر بـەهێز بـو تەنانەت خۆی ژنی بۆ هێنـاو زۆر جێگـەی متمانـەی بـو لـە زۆر کـاری گرنگـا دەیکـردە نوێنەری خۆی.

دوای ئەو جیابونەوەیە ناکوکی گەورە دروست بـو .. هـەتا بـاڵی چـەپ جیـا بونـەوە و دوای ئەوەش بەرەو ناوچەی سۆران هات و باڵی چەپ لە هەمەدانی ئێران گیرسانەوە.

ئەوانە ئاگریان دەخسـتە دەرونیـەوە و شـەڕی خوێنـاوی دەماریـان دەردەکێشـا.. پـاش گەڕانەوەیان شادمان بو..سێ سەد کـەس گەڕابونـەوە و لـە دۆڵـە ڕەقـە بـە چـاودێری عەباسا ئاغا نیشتەجێێ کردن و نامەی بۆ هێزی پێشمەرگە نوسی هەتـا جـارێکی تـر ئەو جەنگە هەڵنەگیرسێتەوە:

*نامەوێت هیچ ئەندامێکی پارتی ئەوەی ڕێز لـە پارتی و بـارزانی دەگرێـت قسـەیەك بکات کە ببێتە مایەی برین کولاندنەوە.. هـەر کـەس سەرپێچـی بکـات سـزای گـەورە دەدرێت.

بەڵام دوای ئەوە بەماوەیەك سەرکردەی دو لەتارانەوە بە فڕۆکە لە بەغداد دابـەزی و جگە لە سەرکردەی هەشت و دە کە گەڕانەوە ناو پارتی ئیتر هەمویان چونە ناو ڕژێم.

دوای ئـەوە شـەش سـاڵ ئـەو پەردەیـە بـە ئێسـك و پروسـك و خوێنـاوەوە بـەر چـاوی گرتەوە..کاتێك کە ئیمزای ڕێکەوتن نامـەی یـانزەی ئـازاری کـرد هەناسـەی ئۆخـەی

هەڵکێشا ..لەو ساتەدا ئەو وێنەیە بەبەر چاویدا ڕابوردەوە و لەناخی خۆیەوە وردە کاری کردەوە و قەڵەمی لەسەر مێزەکە دانا..حەردان تکریتی بە شێوازێکی شانۆییانە نهێنی دڵی نەکردەوە:

*دەربارەی باڵی چە پی پارتی چارەنوسیان چی دەبێت ؟.

ئەو خەمە سەرەکیە ببوە هەورێکی رەش لەبەر چاویدا بۆیە لەو ساتەشدا بەبێ وەستان دایکرد:

*ئەوە کێشەی ناوخۆیی خۆمانە و هیچ پەیوەندیەکی بە ئێوەوە نیە.

دوای گەڕانەوەی سەرکردەی حەوت لە سلێمانی هاتە لای و پێشنیازی باڵی چە پی پێگوت.. کە نوێنەریان هاتبوە لای لە بارەگای لقی چواری پارتی و ئەویش پاش کۆبونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و لێبوردنی گشتی دەرکرد و سەرکردەی سێش بڕیاری گەڕانەوەی دا ..ئەوە دڵخۆشی کرد و لەو کۆبونەوەیەدا ئاماژەی پێدا:

*هەڵوێستی ئەوانیش پڕ بایەخە کە داوای لێبوردنیان کردوە.. لەسەر چارەنوسی کورد ناچارین نەخشەی رژێم سەرە و خوار بکەینەوە.

ئەوەی گوت چاوی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیا گێڕا ..هەمو بێدەنگ بون و پە نجەیان بە رومەتیانەوە گرتبو.. زۆربەی سەرکردەکان پە نجەیان هەڵبڕی:

*دەبێت بدرێنە دادگا ..چەند ساڵە لە ناو زرێپۆش و فڕۆکەوە کوردستان دەسوتێنن و رۆڵەی کورد بەکوشت دەدەن.

سەرکردەی نۆ لکی جامانەکەی هەڵپێچایەوە :

*ئەگەر لێان خۆش ببین ئیتر دەکەونەوە رێکخستن و کێشە نانەوە .

سەرکردەی هەشت دوا وشەی را پۆرتەکەی نوسی:

*تازە ناتوانن هیچ بکەن و ئێمەش لە پێناوی کوردا ناچاری ئاشتین .. پارتی خۆی بە خاوەنی کورد دەزانێت پێویستە لێبوردە بێت.

بەو قسانەوە توشی تێرامانێکی قوڵ هات و بیرێکی پەرش گرتیەوە و مژێکی کەسکوندی لە سیغارەکەی دایەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا.. سەرکردەی حەوتی بانگ کرد و بە هێواشی پێگوت :

*ئەم کارە دەدەمە دەست تۆ نابێت بهێڵیت کەس پە نجەیان بۆ ببات ..ئەمە لەسەر ئێمە دەکەوێتەوە چونکە من پەنام داون.. مەبەستیشم رون و ئاشکرایە لەلات کە دەبێت تەواو وریا بیت لە سەلامەتیان.

هەر بەو تەوژمەوە چووە ژورەکەی و سندوقەکەی کردەوە دەیەها نامەی دەرهینا و هەموی خستە زۆپاکەوە ..ئەوسا کەوتە بیرکردنەوەی قوڵەوە و بەسەر جەستەی خوێناوی شۆڕشدا چووەوە:

*سور و مەلایی..مەلایی و جەلالی ئەمانە دەستی دوژمن و دەلالەتی دواکەوتویی کۆمەڵن.

بەو بیرەوە لە ناخدا خۆی خواردەوە و لە چنینی حەسیری بنمیچەکەوە نەخشەی فراوانی دیەوە و رەشی و شکاوی و پارچە بونی مێشکی تێك ئالاند بە جۆرێك کەوتە سەر خورپە.

جارێك ئەو خورپەیە گرتیەوە ..کاتێك لە دیوەخانی خاڵە رەزا دانیشتبو ئێزگەی بەغداد باسی شەڕی ناوخۆی دەکرد تەواو شڵەژا و هەناسەیەکی هەڵکێشا:

*ئەوەتا رژێم دەیەوێت کورد بکات بە نێچیری سیاسەتی گلاوی و ئێسقا نمان خوێناوی بکات.

خاڵە رەزا دوا قومی لە پیاڵە چاکە دا و دەستی بە رانیدا کێشا:

*ئەمرۆ لەگەڵ شۆفێرێکی عەرەبدا سەرکەوتم بۆ کەرکوك بەجۆرێکی زۆر ناخۆش باسی جەلالی و مەلایی دەگێڕایەوە.

بەو روداوە زۆر دڵ گران بو رادوێکەی کز کرد ..دانیشتوان بێدەنگ بون ئەویش چاوی بڕییوە ئەو دو کولەکە وشکەی کە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابون و لەبەر گڕی چرا

لۆكسەكەدا دەدرەوشانەوە..بەو بیرەوە مایەوە هەتا ئەو ساتەی خەوتیش هەر بیری لەو ترسناكیە دەكردەوە ..كاتێكیش هاتە دەر لە سەر پردی ناوەڕاستی ئاوایی پەڕیەوە وەستا و لە شاخە قوچی ڕوانی ..خۆر بە تیژی لە شاخی دابانی دەدا و شاخی كوتێلەش سێبەر گرتبوەیەوە بەو جۆرە لە بەرزایی هەردو بەری مالانی ڕوانیەوە وچاوی بە درێژایی ئاوەكەدا گێڕایەوە كە بە كەوانەیی و خواری لە ناوەڕاستەوە گوندەكەیان كردبو بە دو بەشەوە.

بەو دیمەنەوە و بەرەو مزگەوت هەنگاوی هەلهێنایەوە ژنێك گسكی دەدا .. شیاكە و تەرس و پیسی پاك دەكردەوە ..لەو ساتەدا پێشمەرگە دەنگیان بە سەرا بەرز كردەوە ئەویش شێتی گرت بوی و قسەی دەكرد ..بەر لەوەی ئەوان قسەی پێبلێنەوە ئاماژەی بێدەنگی كرد و بە سەر دارە دو پەلكەكەدا بۆ حوجرەی فەقێكان سەركەوت .. ئەو بیرە ترسناكەش وەك هێلی نامۆیی سات بە سات لە مێشكیدا پەرش دەبوەوە.

لەو ڕوانینەیشەوە ئەوەی بیرهاتەوە و تەلزمی حەسیرەكە ببوە مەشخەلی ئازار بەو وێنە ترسناكەوە ڕاست بوەوە و سیغارێكی پێچایەوە و مژێكی كەسكوندی لێدا..لە كۆبونەوەیەكدا ئەوەی ڕونكردەوە :

*من هەر مستەفام سبەینێ دەمرم و میلەت دەمێنێتەوە ..نامەوێت ئەندام و ڕۆڵەی میلەت ئەو قسانە بكەنەوە كە هی دوژمنن ..جەلالی و مەلایی ئەمانە مانای چین؟.

ئەو نیشانانە هەتا كۆتایی شۆڕش لە بەر چاویدا بون..مەترسی براكوژی هەمیشە دەیگرتەوە ..جارێك هیوای لە كوژانەوەی زڕ بو ئەوەی لە ناخیدا بو هەڵی ڕشت:

*داخەكەم بۆ هاوڕێیان فەهد و عبدولسەلام لە شەڕی بارزاندا بانگەوازی هاوكاریان دەكردین بۆ گەلی عێراق..ئەو گوللانەی بە ئێمەوە دەنران ڕۆژانە ئەوانی لە بەغداد دەهەژاند و بە ڕۆژنامەیان بە بانگەواز و شیعری جەواهیریەوە سلاویان لە چیای بلند دەكرد..بەلام ئێستا خەلكی تێكدەریان زۆرە لە بری هاوكاری دەمانكوژن .

لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا لە کۆنگرەکانی پارتیا دوپاتی مێشك ئاودانی بە تیشکی تیۆری مارکسی لینینی دەکردەوە..ئەو ساڵانەیش کە لە روسیا بو لە خوێندنەوە و روانین و بەراوردا نەهاتە سەر ئەوەی ببێتە شیوعی و دژیشیان نەدەوەستا ..هەمیشە بە رۆڵە و رەگی نیشتمانی دەزانین.

جارێك بەو جۆرە دڵی بۆ کردنەوە..دوای ئەوەی عەبدولکەریم کەوتە پەلاماریان ناچار بون بدەنە شاخ و مام برایم سکرتێری حیزب خۆی هات بۆ لای ..هەتا گەیشتە بارەگا دو دڵی لای هاوتا پارتیەکەی نیشان دەدا و بە گومانەوە هەنگاویان دەنا.

پاش ئەوەی دو رۆژ بە پێ رۆیشتن ئەوسا بە شاخێکا هەڵگەڕان لەبەر خۆیانەوە بێزاری هیلاکیان دەردەبڕی.. نوێنەری قوتابیانی کەرکوك قاچی بڵقی کرد بو جار جارە دەوەستا و هاواری دەکرد:

*مام هەژار ئەمەش مەکە بە بەزمی شاعیرە هەرزەکە وەرە دەستم بگرە.

ئەویش دەگەڕایەوە سەری و دەستی رادەکێشا و دەکەوتە پێکەنین..مام برا یمیش لە سەر بەردێك دادەنیشت ..بەو جۆرە هەمویان ماندو ببون و چاویان دەبڕیە بەرزایی:

*بارەگای بارزانی لە سەر مانگە.

هەژار سەیری ئاسمانی کرد:

*بارەگای بارزانی هەر رۆژە لە شوێنێکە کێ دەڵێت ئێستا نەچوتە جێگەیەکی تر و نابێت دو رۆژی تر بڕۆین بە پێ.

کاتێك نزیك بونەوە..هاوتا پارتیەکەیان دەستی بۆ ئەشکەوتەکە راکێشا و بارەگای بارزانی نیشاندان ..ئەویش لەو ساتەدا هاتبوە دەر و لەگەڵ سەرکردەی هەشت و نۆ و دە و حەوتدا پیاسەی دەکرد.. کاتێك بینینی وەر چەرخایەوە و پێشوازی لێکردن هەر بەو جۆرەش مام برا یمی ماچ کرد و چونە ناو ئەشکەوتەکەو لەناو چادرەکەدا دانیشتن .. پاش ئەوەی سینیەك چا هات و خواردیانەوە و سفرە راخرا ..کولێرە و

برنجی سور و پیازی قاشکراو لە سەر خوانەکە دانرا..دوای نان خواردن جگەرەی بەسەر هەمویاندا دابەش کرد:

*ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە هەمومانە..ببینە باران فرمێسك بسڕین و ببینە کورە یەك لە باوەش بگرین و ئاگر بین بۆ پاراستنی.

بەو قسەیەوە جانتاکەی کردەوە و نامەی بۆ مەکتەبی سیاسی و لق و سەرۆك هۆز و عەشیرەت نوسی:

* پێویستە هاوکاری حیزبی شیوعی بکەن چونکە ئەوان کوردستان ماڵی خۆیانە.. هەر کەس ڕێز لە پارتی و بارزانی دەگرێت پێویستە ڕێزی ئەوانیش بگرێت.

بەو بیرەوە دوا مژی کەسکوندی هەڵمژیەوە و جگەرەکەی کوژاندەوە..بەو جۆرە پشویەکی ڕۆحی دا و مێشکی لەو ڕوداوانە دور کەوتەوە ..ناوچەی زۆر گرنگی پێسپاردن و بەجۆرێك هاوکاری دەکردن لە پارتی جیای نەدەکردنەوە.. هەتا جارێك عەزیز حاج لەگەڵ سەرکردەی چوارا هاتە لای بەمەبەستی جیا بونەوە کتوپڕ دەستی بە سەر فەزای دیلمانا بەرزکردەوە:

*من ئەو ڕێیە لە هەمو کەس دەگرم کەبیەوێت حیزبی شیوعی کەرت بکات..هەرگیز پارتی ئەو ڕێگەیە بەکەس نادات.

ئەوانەش ئێسك و مۆخیان گرتبو لە خەرمانەی دەست پێکردنەوەی شەڕیشدا تەواو نیگەرانی گرتیەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ توشی ئەو هەواڵی شەڕ دەهات و هەتا کەوتەوە ئەو گەرداوەوە..لەگەڵ چەرچەفی کاولکاری کوردستاندا ئەو بەراوردەی دەکرد:

*شیوعی هاو پە یمانی ڕژێمن..ڕوسیاش یارمەتی عێراق دەدات..ئەم سوپاگەیە لە ئەمەریکا خراپترە..بە دەرمانی تیمار دەکرێین و بە گولەی دە پێکرێین..لە هەردو حاڵەتیشدا هەر دۆستایەتیان باشترە .

بەو شێوەیە لە یەکێتی سۆڤیەتی دەڕوانی و بە سوپاگەی سۆشیالیستی دەزانین.. لە سەرەتای شۆڕشەوە بەردەوام پەیوەندی بە زۆربەی وڵاتانی سۆشیالیزمیەوە هەبو لە

ڕێی نامە و نوێنەرەوە بە خرۆتشۆف و ئەتەناسۆن و برجنیف و پریماکۆف و کۆسیکن و هەمو کاربەدەستانی کریملن و جیهانەوە..لەسالانی یەکەمی شۆڕشەوە یارمەتی شۆڕش روسیا بو هەتا سالی حەفتا و دو ئەوکاتە ئەمریکا رای گۆڕی و تا کۆتایی یارمەتی دا..لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەولی هاوسەنگی لەگەڵ دەدان و خۆی بە رۆلەی ئاشتی و یەکسانی دەزانی..جارێك شاعیرێك ئەو پرسیارەی لێکرد.. لەگەڵ جولانی ئەسپی چە پا ئەو گرێیەی کردەوە:

*من زمانی دایکی شۆڕشی گەلانی جیهان و زمانی دایك و داگیرکەرانی چوار سنور بەباشی دەزانم و شارەزای کلتوریانم.

بەو روانینەوە بەو رووداوانە توشی ئازاری سەخت دەهات ..بە هەوالی ئێزگە و ڕۆژنامەوە وێنەی ترسناکی دەدیەوە و لە کۆبونەوەیەکدا ئەوەی خستە رو:

*بۆ هەر مەبەست و دژایەتیەك بێت چەند جارە شەڕی برا کوژی لە ناو زری پۆش و فڕۆکەوە یەخەمان دەگرێت..شەڕی ئە مجارە پەیوەندی بە سیاسەتی نێو دەولەتی روسیاوە هەیە و ناوخۆیی نیە..لە مۆسکۆ باران بباریێت لێرە چەتر هەلدەدەن.

سەرکردەی دە را پۆرتەکەی پێچایەوە:

* پارتی هەمیشە لە بەرەی رژێمەوە سەنگەری لێگیراوە و دوایش هەر لێبورد نمان کردوە لەو هەمو رۆلەیەی بەناحەق لێمان کوژراوە.

لەو سالەشدا هەوالی کاول بونی نیشتمان رۆژانە مێشکیان دەگرت ..بارینی ئاگر و ئاسن و کوشتنی رەشۆکی ..ڕۆژێکیان بە ئازاری دارستانی رۆحەوە ڕا پۆرتی بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان بەرز کردەوە:

*فڕۆکەی عێراق پتر لە چوار سەد کەس هاولاتی بێتاوانیان لە منالڵ و ژن و پەکەوتە لە شارۆچکەی قەلادزێ شەهید کردوە..لە هەلە بجەش هەمان شێوە و دەیان شارۆچکەی تر بەو چەشنە لە ژێر ئاگردان..ئێمەش مرۆڤین ئایا کەس لە مافی مرۆڤ ناکۆلێتەوە ؟!

دوا نوسینی نامەکە بێزاری باراند:

*با جیهان و مافی مرۆڤ و ئافرەتان و لاوان بێنە دەنگ..دەیان ساڵە ئەم نیشتمانە بۆمبا دەگرێتەوە..کوا مافی مرۆڤ..کوا ؟ !

ڕۆژانە دەیان هەواڵی وا ترسناکی دەبیست..نا پاڵم بەسەر هەمو جێگایەکدا فڕێ دەدرایە خوار و فسفۆڕ و بۆمبا دەتەقێنرایەوە چەندین جار خۆی و پاسەوانی کەوتنە ژێر بۆمباران.

ئەو وێنەیە لەبەر چاوی نەدەڕەویەوە و لە ناو ئاگر و ئاسنی شەڕ هەڵگیرساندا دەست و پە نجەی ناو گێژەڵوکەی ڕوژگاری دەدیەوە..ڕۆژێك تەواو ئازار گرتیەوە و لەو شە پۆلە فیداکاریانەوە ئەو دەستانەی دەدیەوە کە بە خوێنی لاوان سور ببون..لەو ساتەدا پیاوێکی ڕیش درێژ بە شڵەژاویەوە هاتە ژورەکەی:

*سەرۆك بۆچی ڕوتم دەکەیتەوە ؟

*بۆچی ڕوتت دەکەمەوە چی زوڵمێکت لێکراوە بۆم باس بکە.؟

*بارێك توتنم پێ بو لە گومرگی یەکەم سێ دینار گومرگ کرام و لە دوەم شەقازلەیەکیان لێدام و لە سێیەم گوتیان قاچاغە و هەمویان برد .

*توتنەکەت بایی چەندە.؟

*دوانزە دینار .

دەستی ڕاکێشا دوانزە دیناری دایە دەستی و ملی وەرچەرخاند:

*وەرە شەقازلەکەش لە بنا گوێم بدە با دڵت پاك ببێتەوە .

پیاوەکە چوە دەر..ئەویش بە دەم هەناسەی گەرمەوە کەوتە بیری ترسناکەوە لەو ساتەدا لە بیرەوەری کارلۆینی ئینگلیزیدا نوقم بو ..وەك ئەو ساتە کەوتەوە شەترەنج لەگەڵیا و داشێکی جوڵاند:

*دەوڵـەتی تـورك و عـەرەب هـەتا شـای ئێـران کوردیـان لـە نەخوێنـدەواری و کـەم سەودایی قەتیس کردوە.. تۆ چۆن دەتوانیت لە ناو کۆمەڵگایەکی وادا بە خۆت بڵێـی: من رابەرم؟.

بـەو پرسـیارەوە لێـوی خـۆی کرۆشـت و داشـێکی جولانـد ..ئـەویش کتـوپڕ وەزیـری دەرکرد..ئەویش لێ روانی و داشێکی تری جولانـدەوە ..ئـەو وەزیـری بـردە پێشـەوە و ئەمیش ئەسپی دەرکرد و بیری لەو پرسیارە دەکـردەوە و جـارێکی تـر لـە نـاخی کـوردا دەیتواندەوە بەو بیرەوە دوا جار رێگەی بۆ فیلی چە پیش کردەوە:

*رابەرێکم وەکو رێگە و چیای سەختی کوردستان چۆن بـەرزی و نزمـی و سـەرەو ژوری و خـواری هەیـە ئـاوا پێویسـتە لـە عـەقڵی کۆمـەڵگا بگـەیت و بـە چەشـنە پێویسـتە سەرکردایەتی بکرێت .

رۆژنامەنوس بە سەرقاڵی یاریەوە هەر بیری دەکردەوە و دوا جـار وەزیـری لەبـەر کشـا لابرد:

*بارزانی تۆ بە تەنیا هەر سەرکردەیەك نیت بەڵکو بیر مەند و فەیلەسوفیت .

لەو ساتەشدا ئەوەی بیر هاتەوە و هێزێکی پەرش گرتیەوە ..بێدەنگی ژورەکەی گـرت بـو سـاتێك لـە هـەمویانی روانـی و لێـوی خـۆی کرۆشـت و سـیغارێکی پێچـایەوە.. سەرکردەی پێنج چاویلکەکەی راست کردەوە:

*ئـەوە کـاری چـەند مشـە خۆرێکـە کـە پێویسـتە لێپرسـینەوەی تـەواویان لەگـەڵـدا بکرێت.

بەو بیرەوە مژێکی توندی لە سیغارەکەی دایەوە و کوڵە پشتی جلەکانی کردەوە:

*ئەمانە دەردی ئەم شۆڕشـەن پێویسـتە زۆر بـە وردی بـە دوای هۆکـار و ئە نجامیانـدا بڕۆین.

سەرکردەی دە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:

*شۆڕش بە خوێنی گیانبازان زەریایەکی پێکهێناوە گوناهە ئەم مشەخۆرانە بمێنن و ئەو رۆحە پاکانە پیس بکەن.

سەرکردەی پێنج رۆژنامەکەی بەر دەمی پێچایەوە:

*شۆڕشی ئێمە زۆر جیاوازە بیرت دێت سەرکردەی سێ ئەو دیاریانەی لە ئافرەتانی جیهانەوە هێنایەوە بۆ درا بە ناهیدە خان لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئافرەتێکی تر نەبو؟کەواتە هەروا زو ناتوانین شۆڕش پاك بکەینەوە ..گرنگ ئەوەیە گیانبازی لە سەدا نەوەت و حەوتە و مشەخۆری لە سەدا سێیە.

لەو ساتەشدا لە فەزای ژورەکەوە دەهاتنە نیگایەوە و وەك تەون رۆشناییان دەتەنی لە نیگای چاویدا ئەو خوێناوەی دەدیەوە و جەستەی بەریەك کەوتو دەهاتنەوە بەرچاوی..لە ڕوخساری کۆجیتۆی بونیدا ڕەنگیان دەدایەوە و وێنەی بونیان لە نەبونا دەشتەوە و نیشتمانێکی نوێیان لەو دیو بیر و زمان و روانینەوە بەر جەستە دەکرد و لە نیگایدا پەرش دەبونەوە و پێکدەهاتنەوە؟! لە گەڵ جەستەدا یاری رۆحیان دەکردەوە و فەزایەکی نوێیان لە نا فەزا بەرجەستە دەکرد و لە نیگایەوە دەبونەوە بە چاوشارکێی لە دایك بون.

## ٤ بۆنێکی تفت ژورەکەی گرتبو هەمو رەنگ

و تام و بۆنێك لە پریاسکەی بیرەوەریەوە پێچرابوەوە وەك جیهان لە وێنەیەکدا تواببێتەوە و لە دیدەیدا ئاوێزەی یادەوەری پەخش بکەنەوە بەو جۆرە روانینی بە دوای روداوەوە چنرا بو.. لە تیشکی شرینقەکەیشەوە بە شالاوێکی ترسناك ئاوێتە دەبونەوە و رەنگ و وێنە و روخسارێکی تەلێکسی بە فەزاوە دەنەخشاند وەك و ئەو رۆژانەی سەیری ئاوێنەی بریقە داری ژیانی دەکرد و بەو بیرە ئالۆزانەیەوە ئاسمان ببوە ئاوێنەی ئەو نەخشانەی لەو ساتانەدا دەیکێشان..ئەوانە مێشکیان دەتەنی .. لەو ساتەشدا ئەو بۆن و بەرامەیەی بە سەردا پەخش دەکردەوە و لەو بۆنە تەلێکسیەدا وەك ئەو ساتە توایەوە و ئەو تەوژمە ژناویە گرتیەوە و هێڵ و نەخشەی سەرتاسەری وەك تەون پێچایانەوە.

رۆژێك بەو ئازارەوە دەرگای ژورەکەی کلیل داو چوە سەر مێزەکەی کەوتە نەخشە کێشان دوا سات موچرکەیەك گرتیەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە شالاوی

بیرەوەریدا نوقم بو ..بە لێکدانەوە و گومانی مێژووەوە چرپەی لە خۆی بڕییو..لەو ساتەدا میاوەی دو پشیلە ئەو بێدەنگیەیان شکاند و قەڵەمی لە سەر کاغەزەکە لابرد..ساتێك بەبێدەنگی لە دیوار و گڵۆپ و پەردە ورد بووەوە ئەوسا جگەرەیەکی داگیرساند مژی لێدا و دەرگاکەی کردەوە و دانیشتەوە و کەوتە بیری ئایندەوە .

لەو ساتەدا تەقەیەك هات و چەند چرپەیەکیش هاتە گوێیەوە و دەنگی هەڵبڕی سێ کەس بە دوای یەکا هاتنە ژورەوە کتو پڕ هەستا و چو بە پیریانەوە :

*شاعیر بەسەر شیعرەکانتا هاتیت بیرم لێدەکردنەوە.

ئەوەی گوت بە خۆشیەوە دەستی گرت و لەلای چە پیەوە دانیشاند و سەرکردەی شەش و حەوتیش لە بەرامبەریەوە دانیشتن ..شاعیر یەکراست نیگای بەو هێڵکاریەوە گیرسایەوە کە لە سەر مێزەکە کێشرابو..ساتێك هەمویان بە بێدەنگی لێیان دەڕوانی و ئەویش خۆی چەماندبووەوە و لەو نەخشەیە ورد دەبووەوە ..ئەوە چەند ساڵێك لەوە و بەری بیر دەهێنایەوە کاتێك لە بیرێکی پەرشدا خۆی دەخواردەوە و دەیویست بچێتە لای هەتا ئەو پرسیارەی لێبکات..بەو چەشنە لەسەر تاشە بەردێك ئێشکی گرت هەتا لە چادرەکەیەوە هاتە دەر و چوە سەر لاڕێی خوارو کەوتە پیاسە کردن..لەو کاتەدا خۆی ئامادە کرد و بە دو کتێبی کراوەوە هاتە بەر دەمی و پەنجەی خستە سەر لاپەڕەیەك:

*سەرۆك ئەگەر ببینە دەوڵەت سنوری دەریا یمان نیە؟.

ئەو پرسیارە بیری وروژاند و دەستی چەپی بە سەر شانیدا کێشا:

*بیرت لە کوێ بزر کردوە شەرەف نامەت وەرگێڕاوە و ئەوە نازانیت ئەی تەنگی هورمز.؟

ئەوە چەند ساڵێکی بەسەردا رۆیشت بو لەو ساتەدا جارێکی ترئەو کرۆکە گرتیەوە:

*کارەساتی ئێمە نەبونی سنوری دەریایی بو ئەوە پەیوەندی لە جیهان دابڕین ؟.

لەو ساتەدا ئەوە بە مێشکی ئەویشدا تێپەڕی و زەردە گرتیەوە و کۆکی ..دوا جار دەستی بە دەمیەوە گرت:

*لەبەر نەبونی دەسەلاَت خاکمان دزراوە و هەوڵی لە بیر چونەوەی زمانی دایك دراوە لەو ناوچانەدا..بۆیەش دور کەوتنەوەمان لە دەریا بە درێژایی مێژو ئێمەی لە بازرگانی و بازاڕی هاوبەش و پەیوەندی جیهانێتی دابڕیوە لە هەمو رویەکەوە.

شاعیر پە نجەی لە دەمیدا بو بیری دەکردەوە..سەرکردەی شەش قەڵەمی لەسەر کاغەزەکە بەرز کردەوە:

*ئاو و نەوت ئەمڕۆ زۆربەی جەنگ و کێشەی جیهانیان پێکهێناوە.. پە یمانی شا و عێراقیش گۆڕینی کەنداوی عەرەبی بو بە فارسی.. دەشێت ئەم ئاڵو گۆرە ببێتە نەگبەتی تەواو بۆ دوا ڕۆژیان.؟

لەو پرسیارە توشی تولە ڕێی زۆر هات و لەو ساتەشدا چاوی گێڕا.. بەو روانینەوە هێزی دایە بەر خۆی و خۆی راست کردەوە:

*دەبێت عەرەب واز لە کەنداو بهێنن ؟ یان شا بیانداتەوە ؟ ئەم کێشەیە زۆر گەورەیە..دەزانن لێرەدا گرنگی شۆڕشی خۆمان دەبینینەوە چەندە بەهێز بو.

بەو قسەیەوە کۆکی و چاوی گێڕا و پڕ بە سینەی هەناسەی هەڵکێشا ..لەو ساتەدا هەمویان بێدەنگ بون.. شاعیر قەڵەمەکەی دەرهێنا:

*سەرۆك تۆ ئەو پە یمانەت زۆر لە ئێمە بە ترسناکتر دەزانی بۆخۆیان..چەند جار ئەوەت گوتەوە کە دڵنیا بن و خۆتان ئامادە بکەن بۆ شۆڕش؟

بەو پرسیارە ئاڵۆزی گرتیەوە و ساتێك لە خۆی و دەور و بەری ڕاما ئەوسا ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

*تۆ بیر لەمە بکەرەوە کەنداوی عەرەبی دەگۆڕن بە فارسی ..؟ هیچ کەسێك بۆ نەمانی خۆیشی ئەوە ناکات..تۆ لەسەر خاکت خۆت بە کوشت دەدەیت و ئەو دەیفرۆشێت بە نەمانی تۆ ..کە نەوەی ئەو خاکەیت تەنیا لەبەر ئەوەی مافت ناداتێ.

سەرکردەی حەوت تا ئەو کاتە بێدەنگ بو لەو ساتەدا پەنجەی لەسەر نیشانەکەی سەر رومەتی لابرد :

*بیرم دێت ئاماژەت پێدا : مادام کەنداوی عەرەبی دراوە بە بارمتەمان ئێمە براوە ترین لەوەی کە ئاگرو ئاسن بمانسوتێنن..کورد دەتوانێت دوای پشویەك بەهێز تر هەستێتەوە..بەلام ئەم ناکوکیە گەورەیە و چارەسەر ناکرێت .؟!

* ئەو ساتە ئەو کارەساتە زۆر گەورە بو دەمزانی لەو کاتەدا چیم پێدەلێن.. نمونەی دو دایکەکەم هێنایەوە کە نا حەقیقیەکە ویستی کۆرپەی کورد دولەت بکات..بۆیە ئەمزانی بەرگەی ئەو کوشتارە ناگرم کە دەمزانی چی لە کوردی بێکەس دەکات و کەسیش باسی نەدەکردین..بۆیە گوتم : دەتوانین شۆڕش بکەینەوە با ئەم ئاگرە بێ ئامانە لادەین و ئەو سەبرە ئەیوبیەم خستە سەر خۆم .

بەو بیرەوە ئازار مێشکی گرت و پەنجەی لە سەر رومەتی لابرد و ئاخێکی هەڵکێشا.. ئەوانیش پەنجەیان بە لێویانەوە گرتبو..ساتێك بەو جۆرە مانەوە و لە دیمەنی ئەو فەزایەدا مات ببون .

ژورەکەدا کەوتبوە بەری خواروی خانوەکەوە و پەنجەرەیەکی چوار تاکی لە بەشی باشوریەوە هەبو تەنیا دو گڵۆپی تیا بو ..تابلۆیەك لەلای درێژی رۆژهەلاتەوە هەڵواسرا بو سوار چاکێك بەسەر ئەسپێکی رائیدەوە بو حەوت ئەسپی تر بەناو زریان و وەیشومەیا بەدوایدا غاریان دەدا .. تاقمێك قەنەفەی تیا دانرا بو .. مێزێك لە ناوەڕاستەوە بە شوشەیەك گوڵ رازابوەوە و تەلەفزیۆنێك لە گۆشەی پێشەوە بو رادوێیەك و شەترەنجێکی لە پاڵدا بو .

لەو ساتەشدا بێدەنگی باڵی کێشا بو شێوەیەکی خامۆشی دەردەکەوت..شاعیر دیمەنی ناوەوەی خوێندەوە و جگەرەیەکی داگیرساند و تاکێکی پەنجەرەکەی کردەوە و چاوی لەسەر تابلۆکە بەرجەستە بو ..سەرکردەی شەش ئەو بێدەنگیەی شکاند :

*ئێستا خەریکە گۆڕان دەست پێدەکات.. هەست دەکەیت بەرەو فەزایەکی تر بچێت و ببێتە هۆکارێکی گەورە.

*من دڵنیا بوم کە کوردستان قەڵای شۆڕشە و وەك خۆی هەڵدەستێتەوە.. ویستم ئەو ئاگرە جیهانیەی لەسەر لابەم.. زۆر جەنگمان شی کردەوە.. کەس نەیدەتوانی بەر پرسیارێتی بگرێتە ئەستۆی.. ئەوەتا ئێستاش شۆڕشمان بە دەستەوەیە.

بەو قسەیەوە وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ رەخسا و ئەوانیش لەو بیرەدا نوقم بون کاتێکیش چونە دەر ئەو وێنەیەی هەر لە بەر چاودا بو لێی نەدەبووەوە .

ئەو پرسیارانە ببونە خۆرەی دەرونی و شەو و رۆژ سەری سوڕ مابو.. ئەو ڕازە پەنهانیانە لە دڵیدا دەمایەوە و بیر کردنەوەی لەسەر جەستەی شۆڕش دەبون بە کرۆکی و ئازاری دەخوارد و لەوەوە ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دەهاتەوە بەر چاو کە بەسەر لا پەڕەیەوە بون..لەو ساتە شاڵاو بەرەدا ئەوەی دەرخست لە ئاوێنەی کۆجیتۆیدا سوڕایەوە و ئەو رۆژەی بیر هاتەوە بەر لەوەی لەگەڵ شادا کۆببێتەوە ئابلۆقە دانی کوردستان مێشکی گرتەوە و نوێنەری خۆی ناردەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و هاتەوە بۆ حاجی هۆمەران کاتێك کۆبونەوە کرا نامەی سەرکردەی نۆ خوێندرایەوە و زۆربەی ئەندامان بەو رەشماڵە تە پی بون و ئەوانی تریش رای خەیاڵیان هەبو.. دوا جار نوێنەریان بە چەند پێشنیازێکەوە ناردەوە بۆ تاران.. کاتێك خوێندیەوە دوا بروسکەی بۆ کردنەوە هەتا هێز کۆبکەنەوە بۆ جەنگی پارتیزانی نوێ ..کاتێکیش گەڕایەوە هەر سور بو لەسەر ئەو نەخشەیە و بڕیاری بەربەرەکانێی دا ..هەتا چەند بروسکە بۆ ئەمریکا کرا و دەرکەوت ئەو پلانە چەندە گەورەیە و ئیسرائیلیش لەوە پاشگەز بۆتەوە کە یارمەتی بە هێزی ئاسمانی بخاتە خوارەوە لە دەشتی قەسریێ و هێرت..بۆیەش ئامادەی بەڕۆڵی ئیسرائیل و دۆستان کرد کە لە توانایانا نیە هاوکاریمان بکەنەوە و نامەو بروسکەی کیسنجر و روسیا و عەرەب و ئەوانی تری شی کردەوە کە هیچ هیوایەکیان تیا نیە.. بەو ژانەوە ئەو ڕاستیەی درکاند:

*ئەو پلانەی چەند مانگە هەوڵی بۆ دەدەین لەسەر کورد پیادە کرا..ئەمەریکا و روسیاش بێدەنگن و هیچ دۆستێکمان لەم سەر جیهانەدا نیە هەتا پارێزگاریمان لێ بکات..ئیتر با ئەم جەنگە شی بکەینەوە و بزانین بڕیاری جەنگ بدەین یان بۆ ماوەیەکی کاتی کۆتایی بهێنین بە شۆڕش..من ڕێگە لە کەس ناگرم کە بتوانێت لەبری من ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت و شەڕی پارتیزانی بکات من هاوکاری دەکەم..
بەو قسەیەوە هەناسەی توند بون و دەستی بە سنگیەوە گرت و بڕۆی کرژ کرد:
*چەند مانگە نوێنەرمان دەچێتە دەرەوەی وڵات..لەم بارەیەوە قسەیان لەگەڵ دەکرێت..ئەنوەر سادات و قەزافی و شا حسێن و پیاوانی تری عەرەب ..کە ئێمە دو جار لە شەڕی عەرەب ئیسرائیل دا فەرمانی وەستانی شەڕمان بە هێزی پێشمەرگە داوە و جارێك ئامادەیی بەشداریمان دەربڕیوە ..چەندین جار نامەم بۆ کێسنجەر و ئەحمەد حەسەن بەکر نارد..کوا پە یمانی مەردانەیان ؟ پیاوەتی نەما..کورد بێکەسە و هاوڕێی نیە.
سەرکردەی هەشت چاویلکەکەی کردەوە چاوی:
*وەك ئێستا دێتەوە بیرم کە ئەم پێشهاتەت دەرخست و گوتت: ئەمڕۆ شا دەمانژێنێ و پاش دەساڵی تر دەما نخنکێنێت .
لەوەوە وێنەی ئەو ڕۆژە و تۆوی شیر پە نجە و فەرمانی لە سێدارە دانی گرتیەوە ..هەر ئەو کاریگەریانەش بو لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا هەمیشە پێشنیازی ئەندامانی بۆ دۆستایەتی شا ڕەت دەکردەوە..هەتا هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی خستیە ناو ئەو گێژاوەوە و لەوەوە بەو بیر و گومانەوە لە ناخدا خۆی دەخواردەوە و لەو شاڵاوەدا نوقم بو.
لەو ساتەشدا بەو بیرەوە چاوی هەڵبڕی و بە بێدەنگی مایەوە وەکو چاوەڕوانی ئاسۆی گۆدۆیی کتوپڕ یان کراسی عەلی و عاسای موسا و کەشتی نوح بکات..بەو هیوایەوە بیری بێ هیوایی سەر بڕی:

* ئەگەر گەلێکی بێ کەس و هاوڕێی وەك کورد نەبوایە لە ژێر دەواری بـرا کوژیـدا بـە فرۆکـە و زرێپـۆش و تۆپـەوە دۆسـتایەتیمان بـە رژێمێکـی فاسـیدی وەك شـاوە نەدەکرد..ئێمە ناچارین دۆستایەتی کۆتر و ئەژدیهاش بکەین..ئاخ نەشتەر لە زامی ئەم میلەتە هەرکێم و خوێناوە .

سەرکردەی هەشت لکی جامانەکەی هەڵپێچایەو:

*دۆستایەتیشمان نەکردایە ئەوان بەردەوام لەسەر کێشەی کورد یەك بون ..ئێسـتاش هەمو هەوڵێك بخەینە کار بزانین کەسێك لە سەرمان هەڵبداتێ و بتـوانین درێـژە بـە خەبات بدەین ئەگەر نا ئیتر چارەمان نیـە.. ئـەم چـوار سوپایەش گاڵتـە نـین ئـەم جەنگـە لـەم پانتاییـە بچـوکەدا زۆر ترسـناکە و کارەسـاتێکە بەرپرسـیارێتی زۆر گەورەیە..

سەرکردەی دە قاپە ئاوەکەی لابرد:

*سەرۆك ئەگەر بڕیاری شەڕ بدەین تۆ تەمەنت حەفتاو دو ساڵەو توانای جارانت نیـە لـە سـەنگەردا سـەرکردایەتی بکـەیت.. نەخۆشـیش بڕسـتی لێبڕیویـت ئـەوەش کارەساتێکی تری ئێمەیە..جگە لەوەش دەبێت ئەوە بزانین ئەم سوپایانەش دەتـوانن هـەمو بسـتێکی کوردسـتان بگـرن..ئـەو کاتـەیش کـاول دەبێـت و کـێش لـە ئێمـە دەپرسێتەوە.

سەرکردەی نۆ دەستی لەسەر چاوی لابرد:

*ئـــەم جەنگـــە جیهانیـــە بـــە کـــوردی بێکـــەس ناکرێـــت و بەرپرســـیارێتی هەڵناگیرێت..ئەگـەر ئـەم پلانـە نەبوایـە لـەم سـاڵەدا رژێـم شەسـت هـەزار کـوژراو و بریندراری هەیەو تەنیا سێ بۆمبی فرۆکەی ماوە..دو مانگی نەدەبرد دەڕوخا.

بەلێکدانەوەی ئەو قسەیەوە لە رۆشنایی چادرەکەوە روی کردە لوتکەی چیاکە و خـۆر لەسەر بە فرا ئاپورەی گرتبو ..بەو وێنەیەوە ئەو پێشهاتەی نیشانە کرد:

*کورد ئەمڕۆ بوە بە فتبۆلی نەوت ئەم یاریە کەی کۆتایی دێت.؟

ماوەیەك بەو چاوەڕوانیەوە كاتی بردە سەر و لە لاڕێكەی خوار بارەگاوە پیاسەی دەكرد..سات بە سات مەوجی رادوێكەی دەگۆڕی لە توركیەوە بۆ عەرەبی و روسی و فارسی و تاشكەندی و ...هتد.نەهەواڵێكی بیست و پاسەوانێكیش نەهات بروسكەی بداتێ بەو هەناسە ئاگراویەوە بێدەنگی و ژان گرتبویەوە .. دوا جار لە دڵ و دەرونەوە بە هەوری گریانێكەوە پرسیاكەی نهێنی هەڵڕشت پەڵەی بەهاری تیا دەتەقیەوە:

*كەس ئاوڕ لە كورد ناداتەوە نە روسیا و نە ئەمریكا .. عێراق نەوتی كردوە بە قوڕگی جیهاندا و هەموی بێدەنگن.. ئەوەی ئێمە كردمان بۆ ئەوەی هاریكاری بكرێین كەس نایكات..ساڵی شەست و پێنج سەركردەی حەوتمان نارد بۆ تاران هەتا پەیوەندی بكات بە باڵوێزی ئەمریكاوە..بەلام ئەو هەمو دایەلۆژێكیشی لەگەڵمان داخست بو..دوایی هەوڵمان دایەوە و نوێنەری تایبەتیمان نارد بۆ ئەمریكا هەر هیچ هەتا ساڵی حەفتا و دو ئەوەشی كردیان بەم پلانە لێان سەندینەوە .. جگەلە سەدان هەوڵی تری جیهانی.. ئێستاش كەس پارێزگاری لە كورد ناكات.

بە بیرەوە ئازار گرتیەوە ناچار كەوتە گەڕان و لە ئاوێنەی بوندا باری جوگرافی كوردستانی شیدەكردەوە و پەنجەی خەیاڵی خستە سەر چوار سنور:

*بەجۆرێك كوردستانیان دابەش كردوە هەتا سەدەیەكی تر لە باری زمان و كلتور و چینایەتی و كۆمەلایەتی و ئابوریەوە نەتوانێت یەك بگرێتەوە.. چوار دەورمان گیراوە و پردمان نیە بۆ ناو جیهان.

لە كۆبونەوەیەكدا ئەو قسەیەی ڕونكردەوە:

*شۆڕشی بارزان ڕێگای ئۆتۆمبێلیش نەبو لە نێوان هیچ ناوچەیەكیدا..ئێمە جەنگمان دەكرد ناوچەكانی تر دانیشتو بون..ئەوەش نەبونی هۆكاری گواستنەوە و پەیوەندی و راگەیاندن..نەبونی زەمەنی خوێندنەوە و نوسین و پەیوەندیەكانی و نەبونی زمانی رۆشنبیری.. تا ئێستاش شیرازەی باری چینایەتی و ئابوری و كۆمەلایەتی و رامیاری و

کلتوری پچڕاوە و تەنیا بەشی باکوری عێراق لە جەنگدایە..نە دەرەوەو نەبەشی باشور بەشدار نین.. ئەوەشی کە توانیویێتی تەواوی کوردستانی عێراق بخاتە ناو شۆڕشەوە پێشڕەوایەتی پارتیە.

بەو قسەیەوە لە بیرێکی پەرشدا مات بو لە ڕوانینی سروشت و دەور و بەردا شە پۆلی ئاسۆی نەبینی دەدیەوە و بە شارای خەیاڵی جوگرافیای تەون دەکرد بەو وێنەیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا .

بەو بیرەوە لەگەڵ ڕەش بونەوەی شاخ و کێوا ئێشکی گرت کۆچی گەرمیانە و کوێستانەی قاز و قوڵنگی دەخوێندەوە .

لەو ساتەشدا فرمێسك ناو چاوی گرتبو لە پڕ تە پەی تۆپێك لەسەر بانەوە بەرز بوەوە و ئەو خەیاڵەی پچڕاند.. بەو بیرە ئاڵۆزەوە دەستی بەناو چاوانیا هێنا و کەوتە پرسیاری دەرونی و بە بێدەنگی پاڵی دایەوە .

بەو بیرەوە مێشکی تیك ئالاو بە ئازارێکی زۆرەوە هەستا.. سەرکردەی شەش هاتە ژورەوە و پەرداخێك چای بۆ هێنا :

*ئەم چایە زۆر تامی خۆشە و خۆم لێمناوە .. دارچینی و حێلم تێکردوە بیخۆرەوە و پشویەك بدە .

بەو قسەیەوە دانیشتەوە چاکەی لێوەرگرت و قومێکی لێدا :

* پشو وشەیەکە تەنها ماناکەی دەزانم ؟.

بە دەستی چە پی پەرداخەکەی بە لێویەوە نا و روی کردە بۆیاخی دیوارەکە و لە تەقین و خەت خەت بونیەوە کەوتەوە ناو گەرداوی خوێناوی و ئەو ڕۆژانەی بیر هاتەوە کە لە گەڕانی بە سەر شار و شارۆچکە و گوندەکانەوە هێشوی ئازاری کۆدەکردەوە..ڕۆژێك لە گەشتێکی بۆ ناوچەی بێتواتە لە سەرو چاوە لەناکاو ژنێك کاروانەکەی وەستاند :

*کێتان مەلا مستەفایە؟.

پاش ئەوەی بە هاوارو گریانیەوە چو ئەویش کراسە خوێناویەکەی خۆی بۆ کردەوە:
*سەرۆك ئەگەر کوردستان سەرکەوت ئەو کراسە بکەن بە بەیداخی.؟
پێشمەرگە بە چوار دەوریەوە بروّیان کرژ کرد بو ..ئەویش تیژ بروّی تێگرتن و هەمویان بێدەنگ بون و بەو رێکەوتە مەرگەوە یەك چرکە بیری کردەوە ئەوسا سەری هەڵبڕی:
*کچم دڵنیابە هەقی تۆ لەو کەسە دەسە نمەوە کە ویستویّتی تاوان لەگەڵ تۆی شەرەفمەندا بکات..هەقتەدەستت رەشبکەیت و بیهێنیت بە ناو چاومدا هەتا جارێکی تر کەسی وا بەد فەڕ نەکەم بە فەرماندە هەتا زوڵمی وا بکات.
ڕۆژێك لە گەشتێکدا پرسیارێکی سەرسوڕهێنەریان لێکرد:
*سەرۆك کێ فەرماندەی هێزە لەم ناوچەیەدا ؟
*ئەی نازانن کە هەڤاڵ جەمالە .؟
*بەڵێ دەزانین بەڵام برا و باوك و ژن برایشی هەر فەرماندەی هێزن..ئێمە سەرمان لێ شێواوە و نازانین پرس بە کامیان بکەین .
بەو قسەیەوە حەژمەت بەر چاوی گرتەوە و چەرچەفی ترسناك گرتی و دوای ساڵێك لە دورخراوەیشیدا ئەو پەردەیە هەر بەجەستەیەوە دەبینرایەوە و وەك ژەهر ژیانیان دەگرتەوە و توشی ئازارێك دەهات سێبەری بە بیری ترسناکەوە دەخوێندەوە.
جارێك ڤاپوتەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و پە نجەی راکێشا:
*سەروەتی بارزانی ئەوەیە بیبەن بیخەنە پاڵ پارەی ئەو ئاژەڵانەی کە خواردنی پێشمەرگەیە و ئێوە فرۆشتوتانن.
ئەوە کرۆکی گەورە بو لەلای..چەرچەفی تاریکی بە روانینیەوە دەکێشا و بەو بیرەوە هەمیشە لە گەڕانی بەردەوام و بەسەر کردنەوە و نامەدا بو ..جارێك نامەی بۆ سەرکردەی هەشت نوسی :

*هیوام وایە خزمەت بکەن هەر تەنیا دڵسۆزیە کە دوا ڕۆژی خۆمان و نەتەوە نەمر دەکات .. پێویستە شەو و ڕۆژ بخەینە سەر یەك و ببینە خزمەت کار نەك و پارێزگار.
لەو ساڵانەشدا نامەو ڕا پۆرت و پێشنیازی زۆری دەهاتە بەردەم ئامـاژەی ترسناکی دەگرتەوە.. جارێك لە کۆبونەوەیەکدا داخی دڵی خۆی هەڵڕشت:
*تاکەی بیر لەوە ناکەنەوە کە بەبێ میلەت هیچ هێزێکمان تیا نیە..من نمونەیەکم بۆ نوێنەرانی ڕژێم هێنایەوە و گوتم: زۆر سەرسامی ئەسکەندەری مەقدۆنیم جارێك بە ناوچەیەکدا تێدە پەڕێت دەبینێت چەکداری دوژمن هەموی ئافرەتن..سەرکردەی سوپا دەیەوێت هێرشیان بۆ بکات دەڵێ: نەخێر سەرکەوتن بە سەریاندا هیچ سەربەرزیەکی تیا نیە و ژێر کەوتنیش ریسواییەکە هەمو مێژو نایسڕێتەوە .. بۆیە کوشتن و بڕینی خەڵکی بێ دیفاع ئازایەتی نیە.
بەو قسەیەوە زەردە خەنە گرتی و دوا مژی لە سیغارەکەی دا و فڕێی دا ..ئەوسا پە نجەی هەردو دەستی تێکەڵاو کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا .
ئەوە لە مێشکیدا مایەوە و شەوێك لە ژورەکەیدا بە دەم ڕاکشانەوە بیری لێکردەوە.. لەوەوە دیمەنێکی ترسناك گرتیەوە وەك ئەو ساتە لە بەردەمیدا وەستا بون ..بەرێوەبەری دارایی تفی قوت دەدایەوە و بێدەنگ بو ئەویش ورد لێی ڕوانی و پە نجەی ڕاکێشا:
*بۆچی ئەو پە نجا دینارەت نەداوە بەو هەژارە بۆ یارمەتی ژنهێنان .؟
بەو قسەیەوە برژانگی بەجۆرێك تیژ بون وەك گـزنگ دەچەقینە چاویەوە و ئەویش پارێزگاری لە خۆی کرد:
*تەنها سی دینارمان هەیە چی بدەم بە شەکر و چا بۆ میوانی بارەگای تۆ.
*بارەگای بارزانی ئەو ژورە قوڕەیە دا یخە و بە کوڵی خۆمەوە دەیگێڕم ..من هەفتەیەك چا ناخۆم لەبری من پارەکە بدە بەو.

بەو ژانەوە کاغەزی بەردەمی کۆکردەوە و لەشی سەر ئارەق نیشت..ماوەیەك بەو جۆرە بو لە پڕ بە سەدان وێنەی خەیاڵیەوە ڕاچەنی:

*جانتا و کتێبخانە و ژێر سەرینم پڕە لەو پێشنیازانە..دەزانم شۆڕشگێڕ ئەو پێغەمبەرەیە کە لە بەردەمی خوای خۆیا بە پاکی دەوەستێت..بەڵام ئەگەر تیر لاببەم برسی جەستەتان دەخۆن.

لەو ساتەشدا وەك خۆرە مێشکیان گرتەوە و دەیان وێنەی تر لە نیگایدا تیشکیان دەدایەوە.

لە ماوەی چوار ساڵی گفتو گۆ کردندا زۆر لەو ڕوداوانەی بینی و بە پەلە کۆبونەوەی بە مەکتەبی سیاسی دەکرد و زۆر جار سەرکردەی دە و نۆی دەنارد بۆ لێپرسینەوە و ئەوانەش تەواو ئارامیان لێ دەبڕی و بە ئەنجامی دوبەرەکی و براکوژی دەدیەوە..ڕۆژێك ڕقی هەستا لە کۆبونەوەیەکی گشتیدا ئەوەی خستە بەردەم:

*شۆڕشی مەهاباد عەشائیر کوشتی..ئەمریکا پشتی ئێرانی گرت لە دژی ڕوسیا و کورد..ئەویش کوردی بە شیوعی نەزانی و لەبەر بارو بەرژەوەندی سیاسەتی جیهانی پشتی بەردا..کۆماریش هەموی عەشائیر بو شەڕی بۆ نەکرا.. با خەباتی ئێمەش بەفیڕۆ نەڕوات.

ساتێك وەستا و پێش نیازێکی هەڵدایەوە:

*پێویستە لە ناو شۆڕشدا بەرگی کۆن فڕێ بدەین و لە بری موڵکایەتی خۆمان ببینە موڵکی گەل .. ئەگەر پشتم زەوی بێت دەیدەم بە جوتیار.

جارێك ئەوەی بە چاوی خۆی بینی لە حاجی هۆمەرانەوە بۆ بارەگا دەگەڕایەوە رادوێکەی بەسەر سنگیەوە بو گوێی لە فارسی لەندەن گرتبو.. پەلێك پێشمەرگە هاتنە خوار سوارێکیان لەگەڵ دابو.. ورد سەیری کردن ..ئەوسا جامانەکەی لە سەر و چاوی ئاڵاند و لەجێگەی خۆیەوە کروشکەی کرد ..کاتێك سوارەکە گەیشتە بەر دەمی پیاوێکی ناوەنجی رەش ئەسمەر یەدەك و دەمانچەی لە خوی دابو..شاڵی خورمایی

کردبوه بەری و و مشکی شینکی  لە سەر کرد بو  بە سەر ماینەکـەوە لە نجـەی دەکـرد و جڵەوی رادەکێشا و خۆی لە سەر زینەکە توند دەکردەوە و ئەویش لەو سێبەرە تـاریکەی دەڕوانیەوە .

ئــەوە نیشــانەیەکی ترســناکی خســتە مێشــکیەوە و کتــوپڕ هەســتایە ســەر پــێ و جامانەکەی لادا و ئەو وێنە کتوپڕیە  ئازارێکی زۆری بۆ بە جێهێشت .

ئــەو بــیرە هــەمو ژیــانی گرتبــوەوە بــەردەوام بــەو جــۆرە هــەوڵی ئــەو یەکســانیەی دەدا..جارێك لە شەڕێکدا  پێشمەرگە  پتر لە  پێنج سەد سەر ئاژەڵیان گـرت و ئـەو رۆژە رەشە بو بە جەژنێکی گەورە بۆیان کە ماوەی سێ مانگ بو گۆشت و چێشتیان نە خـوارد بو ..ئاگر لە هەمو لایەکەوە کرایەوە و بۆنی گۆشت و هـالاوی مە نجـەڵ بـەرز دەبـوەوە ..بەو بۆنکڕوزەوە لە بارەگاکەی هاتە دەر چاوی بەم لاو لادا گێڕا و چێشت لێنەرەکەی بانگ کرد :

*لەو گۆشتە بە یەکسانی بەشی هەمو پێشمەرگە بدە جگە لەخۆم و کوڕەکەم.

چێشت لێنەرەکە بەو قسەیەوە پەشۆکا و نـەیزانی چـی بڵێـت ..بـیری ئـەو نامەیـەی کەوتەوە کە چەند رۆژ لەوەبەر بۆی نارد بو .. بەو بیرەوە کەوگیرەگـەی خسـتەوە سـەر مە نجەڵەکە :

*رۆژێك نەیگوت خواردنێکی خۆشم بدەرێ هەر دەڵێ لە خەڵك خرا پتر ..نازانـم خـودا چۆن ئەم کەسەی دروست کردوە هیچی بۆ خـۆی ناوێـت.؟ لـە نامـەی منیشـا دەنوسـێت: خزمەتکارتـان بـارزانی.

بەو بیرانەوە داچڵەکی و سەری بەرز کردەوە و دوا قومی لە چاکەدا و لـە سـەر مێزەکـە دانایـەوە ..ئەوسـا هەسـتا لـە ئاسمـانی روانـی کەشـەی هـەور وەك ئـەو سـاتە بـۆ رووداوەکــان دەیانپێچــایەوە و دەیــان وێنــەیان لــەلا تێکــەڵاو دەکــرد و حەژمــەت دەیگرتــەوە..بــەو ئــازارەوە مێشــکی دەگوشــیەوە و رۆژگــاری رەشــی خوێنــاوی فــەزای زۆرەکەیان دەگرتەوەو وەك ئەو ساتـانە کەوتەوە ناو گێژاوی ئاوێتـەیی رووداوەکانـەوە

جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی توندی لێدا و دوکەڵ دەم و چاوی دا پۆشی .. لەوەوە گەرداوی ئەو ساتە گرتیەوە لە کاتی ڕێکەوتن نامەی یانزەی ئازار بەو جۆرە دوکەڵ بە سوچی بنمیچی خێمەکەدا بە راست و چە پا بە لولەیی دەکشا..لە کاتێکدا لەگەڵ جێگری سەرۆك بەو باسەوە لە چادرەکە هاتنە دەر و کەوتنە پیاسە ..جێگر ڕەخنەی لەو پەیوەندیەی ئێران گرت..ئەو قسەیە لە دڵیدا کاریگەر بو.. بە ئاماژەیەکی ترسناکەوە نیگای چاوی چە پی هەڵبڕی و لێوی خۆی کرۆشت:

*ئێمە نۆکەری گەلی کوردین و بەس ئەگەر ببینە نۆکەری هەرکەس هەمو کاتێك ئێوە لەوە زیاترتان داوینەتێ .

جێگر زمانی بەدەم سەرماوە خاو دەبوەوە ئەویش هەستی بە لەرزینی کرد بو مژێکی لە جگەرەکەی دا:

*ئێمە هیچ رێگەیەکمان نەبو میلەتەمان لە ژێر ئاگر و ئاسنی ئێوەی برا گەورەدا بو زوڵمی لێدەکرا و برسی بو ناچار بوین .. ناچارین دۆستایەتی وڵاتان بکەین ئەگەر ئێوە زوڵممان لێ نەکەن ئێمە لە رێگەی ئێوەوە هەمو کەس دەبینین.

بایەکی بەهێز لە دەربەندەکەوە دەهات و جەستەی دەتەزاند لوتکەی شاخ و کێو سپیاییان لە سەر مابو..باڵندە کوچی گەرمیان و کوێستانیان دەکرد .. جێگر لە بەر سەرماکەدا هەڵدەلەرزی و بەو وەڵامەش چاوی گرژ کرد .

بایەکە بەهێز تر بو.. جێگر بەجۆرێك دەلەرزی گیانی یەك دەهاتەوە ئەویش سەیری کرد هەستی بەو سڕبونەی کرد و ئاهی رۆژانی گرانی گرتیەوە.. بیرێکی پەرش پێچایەوە و ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە سەرکردەی سێ لە پاریس پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بەست و پاش ئەوە نوێنەری پارتی بە سەرۆکایەتی سەرکردەی دو چون بۆ ئیسرائیل .. دوای دو ساڵ نوێنەریان هاتە کوردستان ..لەو کاتەدا دەستی سەرکردەی نۆی گرت:

*زۆربەی وڵاتانی عەرەب پەیوەندیان لەگەڵیان هەیە..تەنیا بۆ پشتیوانی ئێمە حەرامە و بۆ عالەم حەڵاڵ..ئەم هاوکاریەی ئەمانیش تەنیا چەقاندنی سوپای عێراقە بە بزمار بۆ نەجوڵانیان بەرەو ئیسرائیل.

بەو دیمەنەوە بێدەنگ بو کەوتە بیر کردنەوەوە ..کاتێکیش لە گەڵ دێڤید کە محی کۆبوەوە هەر بیری کردەوە و ئەوەی بۆ رونکردەوە:

*ئێمە پێویستیمان بە هاوکاری هەمو دڵسۆزانی دنیا هەیە هەتا پشتیوانیمان لێ بکەن..چونکە ئەمڕۆ بەهۆی نەوتەوە کەس لە کورد نا پرسێتەوە و تا ئەو رادەیەش زوڵممان لێکراوە کە بە مرۆڤ ناومان نابەن.

لەو ساتەشدا بەو بیرە تێکەڵاوەوە بەدەم قسەکانیەوە لێی روانیەوە و چەند جار ئەم سەر و ئەو سەری پێکرد و خڵافاندیەوە:

*حاجی هۆمەران زۆر سارده .؟

جێگر بە شێوەیەك لەرز گرتبویەوە دانی بە یەکا دەدرا.. ئەویش قاپوتەکەی بەری داکەند و بۆی راگرت و کردیە بەری و قۆپچەکانی بۆ داخست :

* پیرۆزت بێت ئەو قاپوتەی کە ئێوە بە بە کرێ گیراوی نیشانی دەدەن .

جێگر ڕەنگی تێك چو.. لەو شەپۆلاوەدا دەسوڕایەوە ..ئەویش تیژ برۆ و برژانگی تێگرت :

*شا ڕازی نەبو من ئیمزای ئەم ڕێکەوتن نامەیە بکەم بە شەخسی قسەی لەگەڵ کردم و چەندین نامەو نوێنەری نارد و بەناوی ئەمریکاوە پەیمانی پشتیوانی و هاوکاری دوپات کردەوە.. بەڵام کردم و گوتم :ئێمە داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین لە چوار چێوەی عێراقدا کە بماندەنێ و نەمەوێت چی وەڵامی کورد و رای جیهان بدەمەوە.

یانزەی ئازار رۆژێك بو لەلای نەیدەتوانی رای خۆی لە سەری دەربڕێت..کاتێك کاغەزەکان خرانە بەردەمی جارێکی تر خوێندیەوە.. برگە بە برگەی لێکدایەوە..ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنوسین.. بەڕێوەبردنی ئیدارەی

کوردستان..داهات..بواری سوپا و شارستانی و رۆشنبیری و بەشداری پێنج وەزیری کورد لە حکومەتی عێراق دا و هەمو خاڵەکانی تری .. ئەوسا قەڵەمە زەردەکەی لە بەر چرا لۆکسەکەدا گرت و ئیمزای کرد..بەو خۆشیەوە چاوی بە دەور و بەردا گێڕا..جێگری سەرۆك کۆمار قەڵەمەکەی دانا ئەویش سەیری کرد..کاتێکیش لە بەرزێوە رەوانەی کردن سەیری لوتکەی چیاکانی کرد.. ئەوسا لەو هەلیکۆپتەرەی روانیەوە کە سەرکردەی شەش و حەوت و جێگری سەرۆك کۆماری تیا بو.. دوا جار دەستی چە پی بەرز کردەوە و خوا حافیزی لێکردن هەتا بەرز بوەوە هەر سەیری کرد هەتا ئاستی کەرکوك.

بەو وێنەیەوە کۆبونەوەی بە مەکتەبی سیاسی کرد:

*بۆ یەکەم جارە لە مێژوی نەتەوەی کوردا کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بە هۆی بەڵگەنامەیەکی یاساییەوە دانی بە مافە سیاسیەکانی کوردا نا..ئەو بەڵگەیە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە..دەبێت هەوڵبدەین ئیتر بەرەو بەدیهاتنی تەواوی مافەکا نمان.

ئەو وێنەیەی خستە بەر چاوی ئەو پێنج وەزیرەی دەست نیشانی کرد بون نوێنەری کورد بن لە حکومەتی عێراقیدا:

*ئیتر پێویستە خۆتان بۆ خەباتی شار ئامادە بکەن میلەتێك چاوەڕوانتانە.

بەو جۆرەش بەشداری لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا کرد کە لەسەرتاسەری عێراقدا بەو بۆنەیەوە دەگێڕدران.. سەرکردەی شەش و حەوتیشی نارد بۆ ئەوەی بچن بۆ ئەو ئاهەنگانەی لەبەغداد و بەسرە و شارەکانی تر رێکخران.

چوار ساڵ بەو شێوەیە لە هەوڵی بەردەوامدا بو بۆ ئەوەی بە ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکرێتەوە.. هەتا دوا جار بەر لە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ ئەو وێنەیەی دیەوە و لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی دا دوا پێشنیازی خستە رو:

*خودا دەیزانێت من رقم لە شەڕ دەبێتەوە بەڵام حکومەتی بەعس دەیەوێت واز بهێنین لە کەرکوك و خانەقین و شنگار و زۆر ناوچەی تر.. ناچارین ئەگەرلە نێوچەوا نمان

نوسرا بێت هەمومان لە ناو بچین لەسەر کەرکوك با بڕۆین..نامەوێت نەوەی کورد بێن تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن بۆچی کەرکوت فرۆشت؟.

هەتا دوا جار سەرکردەی شەش وەڵامی جێگری سەرۆك کۆماری دایەوە:

*باشتر وایە مل بۆ داوای میلەتەکەتان دابنەوێنن نەکو بۆ شای ئێران کەنداوی عەرەبی بدەنێ..ئەوسا متمانەی گەلانی عێراقتان لە دەست دەچێت.

بەو بیرەوە دوا مژی لە جگەرەکەی دایەوە و ئەو وێنەیەی جارێکی تریش دیەوە و هەمو ئەو ڕۆژگارانە لە ئاوێنەی بونیدا دەسوڕانەوە و لە دوا ساتیشدا هەموی لەلای گرمۆڵە بونەوە و بەبێ ئارامیەوە کەوتە گەڕان.

لەو ساتەشدا لە دەستی پزیشکەکەوە لەناو تەمی وەرینی گەلای هەزاران کەلە سەردا نیگای دەگێڕا و ئەو دیمەنانە ژیانیان گرت بو لا پەڕەی تەمەنیان هەڵدەدایەوە .

چەند ساڵ بو بەو تەوژمە پرمەترسیە دەکەوتە سەر خرۆش و دەکەوتەوە ناو دەریای فراوانی بیرەوەریەوە و وێنەی تابلۆی نیشتەجێ لە مێشکیدا دەکەوتنە سەر شە پۆل و بە سەر شا پەڕی گوڵی چیاوە دەگێرسایەوە..لە ئاوێنەی کەفاویدا فۆتۆیی بەبەر چاویدا تێدەپەڕین.. هەر لەو ساتەی ڕچەی ئەو ژیانە تاڵەی کشا لە نیگای سروشت و گەڵاو گوڵ و گژ و گیاوە وێنەی ئاسۆیی دەدیەوە و لە ساتی بیرکردنەوەدا دەکەوتە گومانەوە.

لەوەوە سرود و نەغمەی خوێن چونی بەرگری گۆشت و ڕۆحی دەدیەوە..وەك ئەو ساتانەی لەسەر لوتکەی شاخەوە بەرد بە بەردی دەکرد.. توێخی قاچی خوڵ و دار و بەردی ئەو ناوچەیەی مۆر کرد بو..کاتێك لە شانۆی شەڕی بارزاندا خۆی دیەوە..جێگە قاچی بەسەر خاك و دار و بەردەوە دەنەخشا و کۆجیتۆی بونی لەو جەنگەڵە جەنگە ترسناکانەوە دروست بو..هەمیشە لە ناو شە پۆلی بیرەوەریدا دەژیا..وەکو ئەو ساتە چەخماخەی شەڕی خوێناوی بە مێشکدا دەهات..لە سەردەمی

سەرکردایەتی لاوێتی دا پرۆڤەی ئەو سەرکەوتنانەی دەکرد.. لە هەمو ساتێکدا بڕیاری مان و نەمانی دەدا.
ئەو هێزە جارێك ڕایوەشاند..لە کاتێکدا لە گەشتێکی گەورە گەڕایەوە..گۆرانی سەرکەوتن لەسەر لق و چڵ و گوڵ و لوتکە و بنارەوە هەڵدەستا..لە سەما و شمشاڵی شوان و زمانی سروشتی چڕدا ئەوەی دەدیەوە..کاتێك گەیشتەوە بارزان ئەو هێزە لە جەستەیدا بو..لە پڕ ئەو تەلیسمە شکا و سەر لە بەیانی هێزێکی گەورە چوار دەوری گوندی بارزانیان گرت..نامەیەك بۆ شێخ ئەحمەد هات هەتا خۆیان بە دەستەوە بدەن..شێخ بە پەشۆکاویەوە نامەکەی بە دەستەوە گرت بو..ئەویش هەستی کرد چی بانگەوازێکی تیایە بەو ئاماژەیەوە لە چیای شیرینی روانی و چاوی بەدەور و بەردا گێڕا و حەژمەت گرتیەوە و خرۆشا:
*شەڕ تا دوا دڵۆپی خوێن.
ئەو بێزاریە زیاتر گرتیەوە..لە ژێر گرمەی فڕۆکە و شەستیر و گولە باراندا خۆی دەخواردەوە..لە گەڵ سوڕانەوەی فڕۆکەدا چەند نەخشەیەکی کێشا و کۆمەڵێك چەکداری بەناو شیوەکەدا بەڕێ کرد.. چەند دەستەیەکی تریشی دانا و لەگەڵ تاریکیدا کتوپڕ دەنگی بەرز کردەوە..لە سێ لاوە هێرش دەستی پێکرد.. بەسەر گرد و تەپۆڵکەدا سەردەکەوتن هەتا هەمو بەرزایی ناوچەکەیان گرت.. کاتێك گەیشتنە سەر دوا لوتکە فەرمانی دا تا بەوردی ناو دەوەن و دار و درەخت و بن بەرد بگەڕێن بۆ پاشماوەی لەشکری رژێم و زۆر بە وریایی لە هەمو شتێکی دەڕوانی و گوێی بۆ داڕمان و هاژە و کەوتنە خوارەوە راگرتبو .. بە کێش کردنی تفەنگ و دەستی دیل و ناڵە و هاوار ی برسێتی توشی ئازارێکی رۆحی گەورە هاتبو لە هەناسەیەوە دیاریان دەدا و بە ناو دەوەن و بەرد و دار و خۆڵەوە پەخش دەبونەوە..بەو جۆرە حەوانەوەی بۆ نەبو هەتا هێزی رژێم بەسەر ڕوبەری ئەو دیودا بە سێبەری چیای پیرسا تێکەلاو دەبون.

ئـەو شـەڕە یـەکێك بـو لـەو کارەسـاتە سـەختانەی بەرچـاوی و دوای شکاندنیشـیان حەژمەت گرت بویەوە و بەو شەکەتیەوە لە بن دارێکدا وەستا و پشوی دا و سەیری پیرە کە پران و دوڵی سەڵتەی دەکرد..فیداکاریەك لێی هاتە پێش:

*سەیدا سەد و بیست و شەش لاشەم ژماردوە.

بە ئـازارێکی رۆحیـەوە سـەری بـەرز کـردەوە بـە وێنـەی ئەوانـەوە دڵـی گـەرم بـو بـە چیلکەیەك زەویەکەی نەخشاند:

* پێنج نەبەردیش شەهید بون ..بەرقی بەگیش وا لوتی شکا ئابڕوی هەبێت جـارێکی تـر هێرش ناهێنێتە سەرمان.

بەو قسەیەوە هەستایە سەرپێ شنەی با دار و درەختی بەیەکا دەدا و دەنـگ و هـاوار و خشە و تلۆر بونەوە و بانگەشە تێکەڵاو دەبون ..مار و مێرو باڵندە و گیاندار لـە کـون خزییون جگە لە دەنگی دور ورتەی هیچ گیاندارێك نەدەهات .. بەو جۆرەش تـا سـپێدە هـەر گـەڕا و هێزەکـەی بەسـەر دەکـردەوە..ئـەو کاتـەش لـە دۆعـا خوێنـدنی دوای نوێژەکـەی بـوەوە و جامانەکـەی لـول کـردەوە و لـە سـەری پێچـایەوە ..بـەو هێـزەوە گەڕایەوە ناو بارزان خۆر لە هەڵهاتندا بو ..منداڵان هەڵدەبەزینەوە و لـە دەوری ئـەو ژورە سەمایان دەکرد کە دیلی تیا بو:

*قـایم قـامی موسڵ و هەشت سەر ڕوتـاوە بە دیل گیراون .

لەو ساتەشدا گەیشتە بەر دەرگای ژورەکە و شێخ ئەحمـەد ماچـی کـرد و پەنجـەی بـۆ ئاسمان درێژ کرد ..دوکەڵ لە چـەند لایەکـەوە بـەرز دەبـوەوە وبـەرزایی دەوری گونـد ببونە پـەرژینی و بەئاراسـتەی شـاخ و کێـوەوە بـە ئاسمانـدا دەکشـان ..بـە سێبەری زنجیرە چیای شیرینەوە لە سەر گۆزەی سەر شانی ژنانەوە تیشکیان دەدایەوە .. وێنەی کا فرۆشی زەویان دەکێشـا و بـەو شـێیەوە بێـدەنگی ناوچـەکەی گرتبـوەوە و حەپـەی سەگەل گوندەکەی خستە سەر لەرز.

لەو ساتەشدا ئەو وێنەیەی دیەوە و بە شارای وێنە و دیمەنی خوێناویەوە جیهانی ڕوانینیان دەخرۆشاند..لەوەوە سوتان و کاول کاری و یاری جەستە و خۆڵ تێکەڵاو دەبون و جەنگی دوای ئەوەی بیر دەهاتەوە و بۆ ئەو مێژوە مۆمیا بوەوە.

دوای چەند مانگێك پشو کتوپڕ لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کرایە سەر.. ئەوەش کارەساتی خوێناوی بو لەلای بۆیە خێرا هەوڵی بەرگریکردنی دا و سێ هێزی دامەزراند..لە ڕەواندز و ئاکرێ و عەمادی بەرامبەر هێزی ڕژێم وەستان..لەو ساتەی تەقە دەستی پێکرد هێزی بارزان وروژان و لە هەمو لایەکەوە بە سەریاندا زاڵ بون.

بەو سەرکەوتنەوە نەخشەی ئەو هێرشەی بە وردی کێشا و سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕا..لە ژێر دەنگی فڕۆکە و تۆپ و شەستیردا زیاتر گڕی دەگرت..هەر کە بۆمبای کوشندە فڕێ دەدرایە خوار..دەچوە سەر ڕەشاشێك و دەکەوتە تەقە..یان بە تفەنگ نیشانەی دەگرتەوە..بەو جۆرە شەڕی دەکرد و ورەی دەخستە دڵی هێزی بارزانەوە .. پاشان لە فراوانی هێرشەکە ورد بوەوە و نەخشەیەکی نوێی دانا..دوای ئەو سێ هێزە هێزێکی ناوەندی لە بازنەیەکی سێگۆشەیی دانا و لە هێرشێکی ڕوبەڕودا ڕژێم لە سێ پانتایی گەورەدا دابڕان ..لە دۆڵی کاژێ دوسەد و پەنجا و سێ جەستەیان لێ بەجێ ما.

ئەوە دەستکەوتێکی گەورە بو ئەو تفەنگانەی بژارد و هەموی ناردەوە بۆ بارزان بۆ چەکدار کردنی کۆمەڵێکی زۆر.. پاشان چاوی بە تەرمەکاندا گێڕا و هەناسەی هەڵکێشا.

ئەو ئازارە گرتیەوە و لەسەر تەرمی دوانزە فیداکار فرمێسکی ڕشت و لە ڕوانینیا یاریان دەکرد و تێکەڵاوی خۆری ئاسمان دەبونەوە.

لەو ساتەشدا هەمو ئەوانە بەرچاویان گرتەوە..لە گومانی شرینقەکەوە بەسەر گوڵی ژیانەوە دەنیشتەوە..بروسکە و چەخماخەی ترسناك مێشکیان دەتەنی.. دەنگی تۆپ و فڕۆکە و جەستە و گیان لە ڕەزی کوشتارا بەرز دەبوەوە و برژانگی بەسەر چاویەوە

کەوانەیان دابو..ببونە پەرژینی بیرەوەری و لەگەڵ ڕەنگ و تیشك و کەشی ژورەکەشدا دەنیشتنەوە و راست دەبونەوە..وەکو بۆ جەنگی گەورە پرۆڤە بکەن..لەگەڵ نیگای قوڵیدا مات ببون بە تیشك و وێنەی نادیارەوە دەبریسکانەوە و بەشەڕ دەهاتن.. لەناو ماتەمی فرمێسکی قەتیسی پێڵویدا دەبون بە کۆتەڵی پرسەی گوڵی سەربازی ون.!!

### ٥ تـــــەمێکی قـــــەتیس وەکـــــو شـــــارای

جاڵجاڵۆکـەی خـەیاڵی بەرچـاوی گـرت بـو..تیشکی ئاوێنـەی چـیای سـەر کەشـیان دەدایەوە..هەوا و گوڵ و گەلا و دار و گژ و گیـا و خـاك و خـۆڵ و مـرۆڤ لـە نـاو هێـزی تەلیکسیدا ڕەنگیان دەدایەوە و دەزولەی مێشکیان تێکـەلاو دەکـردەوە و کـەفی رۆحـی وێنەی تاڤگەی کەف چڕێن دەتوایەوە.. بە کەفی شرینقەکەشەوە هێنـدەی تـر ڕەنگـی تێزابی گومانیان دەسازاند و گەلای سروشتیان دەڕزاند.

لەوساتەشـدا پزیشـکەکە بـە نیشـانەی ترسـناکەوە شـرینقەکەی دەکـردە نـاو سـەرنجەوە..کەفەکـەی دڵـی داخورپانـد وچـاوی کەوتـە نـاو قـولایی ئەفسـانەیی و سەرسامی و ڕاڕایی گرتیەوە.. گومانی دەیان سـاڵی لـەو سـاتەدا گرمۆڵـە ببـو ڕەنگـی کوشندەی هەمو ئەو ساتانەی دەدایەوە کە ژان و ڕشانەوە و هێڵنج و کۆکە ژیانیان تاڵ کرد بو..لەوەوە گومانی سەرتا سەری لە شرینقە و مردن و ژیان کرد بو.

یەکەم جار لەسەر چەرچـەفی خوێنـاوی بارزانـەوە ئـەو ڕێکەوتـە مەرگـەی بـە سـەردا کشا..کاتێك بە ناچاری چو بۆ موسڵ لە بینینی پیاڵەیەك قاوەوە ئەو گومانـەی کـرد و لـەوەوە لـە ئاوێنـەی نەهامـەتی بـارزانی دەڕوانیـەوە..ئـەوەش کـارە سـاتێك بـو یادگاری چرکەی مان و نەمانیان پێکهێنا بو.. کاتێـك کـە ڕژێـم بـە فڕۆکـە و تـۆپ و هێزی سەربازی ناوچەی بارزان و دەورو بەری ئـاگردا سـەدان هـاواری بـە سـەردا بـەرز بوەوە..لە ڕوانینی بەرد و دار و شاخەوە دڵی دەسوتا و لەو خوێن ڕێژیەوە گڕی شۆڕش

و چەرچەفی ڕزگاری دەدیەوە..یەکەم جار لەسەر منداڵێکی بریندار وەستا..بە نیوە جامانەیەك پلیتەیان بۆ دەستە قرتاوەکەی کرد بو بە پەڕۆیەکی سپی پێچا بویانەوە..قیژە و هاوار و گریانیش بەرز دەبوەوە ..ئەوە ڕیشەی هێنایە دەرەوە و فرمێسکی بە سەردا ڕشت ..دوای ئەوەش دەیان کەسی بریندار و کوژراوی تری بینیەوە..هێرشی ڕژێم لە چەند قوڵێکەوە شالاوی دەهێنا و فڕۆکە بۆمبارانیان دەکرد و سەنگەریان بە خۆفرۆشان دەبردە پێشەوە..بەو پێیەش لەبەر کەرەنتوی فیداکاراندا دەکەوتن.

ئەو هێرشە چەند ڕۆژ بەردەوام بو..زرمەی تەقینەوەی تۆپ و بۆمبا ناوچەکەی دەلەرزاند و دوکەڵ لە هەمو بستە خاکێکەوە بەرز دەبوەوە و لەگەڵ دوکەڵی ئاگری ژێر ساجی ناو ئەشکەوتەکان تێکەڵا دەبون و لە سەر لوتکە و بەرزاییەوە بۆ ئاسمان دەکشان.. ئەوش ناچاری کردن کە هەمویان خۆیان بپێچنەوە و بۆ سنوری تورکیا بکەونە ڕێ.

کاتێکش بۆ گفتوگۆ ئامادە بو ئەو چەرچەفە لەبەر چاویدا بو.. تەلیسمی خوێناوی بە نیگایدا دەهات و دو دڵی لە سەرەتای هەنگاو نانیدا گرتبویەوە..لەو ساتەی لە بارزان دەرچو لێی ئاشکرا بو کە پیلانێکە بۆیان ویستی ئەو بڕیارە بگۆڕێت و نەچێت بۆ موسڵ ..چەندی کرد زاتی نەبو قسەی شێخ ئەحمەد بشکێنێت و بە ناچاری هەنگاوی هەڵهێنایەوە..کاتێکیش لەگەڵ موتەسەڕیف کۆبوەوە ئەوانەی بیر هاتەوە.. لە ڕوانینی چڕ و چاویدا نهێنی بە دی دەکرد و زیاتر گومانی گرمۆڵە دەبو.. لەو ساتەی پیاڵەیەك قاوەی خرایە بەر دەم لە رزی و دڵی گوشرا..بە دەستی چە پی بەرزی کردەوە و سەیری کرد..لە شوشەکەوە ڕاڕایی گرتیەوە و دەزولەی چاوی ئاڵۆسکا و بروسکەی پیادا دەهات و زەنگی ڕۆژگاری سەختی ڕابرد و مێشکی دەگرتەوە..بارینی ئاگر و ئاسن و قەتارەی کۆچی خوێناوی هەمو بارزان بۆ تورکیا .

ئەو کاروانە وەك و ڕیزە تابوتی نەمری دەهاتەوە بەرچاوی..کرێوە و سەرمای سەر شاخ و لاپاڵ و دۆڵ و نشێوی توشی حەژمەت و ئازاری کوشندەیان کرد بو..زریکە و هاوار و سوتان و کاول بون هەموی ببونە فیلمێکی زیندو لەبەر چاوی لێدەدرانەوە..چەند جار منداڵی گرتە باوەش و کۆڵی کردن..دەستی پەککەوتە و ڕیش سپی دەگرت.. لە سەر سنور ژنێك لە بەردەمیدا کەوتە هاوار کتوپڕ ڕا پەڕی و کۆڵی کرد هەتا گەیاندیە ئاگرێك..ئەوسا لە دورەوە داینا و ئاگرەکەی بۆ خۆشکرد.

لەو شاخەدا توشی چەندەها سەرما بردەڵەی تر بون..بە کردنەوەی دەیان ئاگر لەو ترسناکیە ڕزگاریان دەبو..لە ناو خاکی تورکیاشدا بەو جۆرە توشی سەرمای زۆر هاتنەوە..بۆیە بەناچاری لە کاتی گفتوگۆدا نامەی بۆ سەرۆك هۆزەکان نوسی و دەستی یارمەتی گرتەوە..کاتێکش نوێنەری تورکیا وەڵامی دانەوە لێوی خۆی کرۆشت و گومانی لەو پەنا بەریەیان پەیدا کرد..هێزێکی چەکداری بە نهێنی لە سەر سنور هێشتەوە ئەوسا بڕیاری ڕۆیشتنی دا و بە ژێر باڵی سەرما و تۆفاندا بۆ سەربازگەیەکی ترسناك بە ڕێکران .

لەو ساتەشدا ئەوەی بیر هاتەوە..لەگەڵ نیگای موتەسەڕیف و پیاڵە قاوەکەدا ڕەنگی تێکەڵ دەهات..ئەو گومانە بەسەر ئەو ساتەدا دەنیشتەوە کە لاوێکی بارزانی بە پەشۆکاویەوە لەو ترسناکیەدا هاتە بەردەمی :

*سەیدا شێخ ئەحمەد و زۆربەی خێزانی ئاوارە درانەوە بە عێراق .

بەو قسەیەوە تفی کردە سەر زەوی و لێوی خۆی کرۆشت ..بەو ئازارەوە ڕا پەڕی و هەرچی خێزان و پیاو و کەسی تری بارزانی مابو کۆی کردنەوە و خۆی و چەند چەکدارێك پارێزگاریان کردن و کەوتنە ڕێ..لەگەڵ سەرما و کێشەی منداڵ و خێزاندا هەڵدەگەڕانەوە و فیشەکیان دەتەقاند.. لە چەند کەمین و پەلاماردا بەو جۆرە ڕزگاریان بو.

لــه یەكــەم ڕۆژی گەڕانەوەیانــدا ئــەو شــالاوەیان تــوش هــات.. ناچــار ئەســپێكی بــەناوبانگی خــۆی فرۆشــت هــەتا كرێــی ولاخ و خــواردن بــۆ پەككەوتــە بــدات ..بــەو جۆرەش لە ڕێگای سەختدا سەرما بردەڵەی دەكردە كۆڵ و پەلی ڕادەكێشان و نانی بـۆ منداڵ و ولاخ سوار دەبرد و ڕچەی دەشكاند.. كاتێـك گەیشـتەوە سـەر سـنور تفـەنگی پاك كردەوە و فیشەكدانی پڕكردەوە و هەمو فیداكارانی خڕ كردەوە :

*دەوڵەتی تورك بێ پە یمانە..نەك پەنای نـەداین خیانەتیشـی لێكـردین..ئـەوەش حكومەتی عێراقە..ئێستا تەنیا هێز لە دەستی خۆماندایە..هەتا خـوا چـارەنوسمان دەگۆڕێت..هەمو ئالای مان یان نەمان بخەنە ناو مێشكتانەوە.

بەو پە یمانەوە لەگەڵ سەرمای كوشندە دا بەرە و بارزان كەوتنە ڕێ..لە ڕوبەری ئاگر و ئاسـن و تۆفانـا هـەنگاویان دەنـا و بـەرە و مـەرگ دەچـون.. گیـان بـازی توانـای ئەفسانەیی پێبەخشی بون و ڕۆحیـان خسـتبوە سـەر لـە پی دەسـت..بـەو ڕۆحەیشـەوە هەرچی دەهاتە سەر ڕێگایان لە پڕێكدا تەفر و تونا دەبـو.. بـەو ڕۆحەیشـەوە هـەمو بنكەی ئەو ناوچەیەیان پاك كردەوە.

ئەو ترسە چوە دڵی ڕژێم و نوێنەری ناردە لای ئەویش یەك ڕاست زانی نەخشەیەكە بـۆ گرتنی كتوپڕ بەرپەرچی دایەوە:

*چارە تەنیا گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد و هاوڕێكانیەتی كـە ئێـوە بـە نـا پـاكی لـە پاڵ گفتو گۆ و لێبوردندا گرتوتـانن .

لەو ساتەشدا ئەوەی بیر هاتەوە بە ناچاری مردنی لە پێكرد..لە كاتێكدا كە لە قـاوە و ڕەنگی موتەسەڕیفیشی دەڕوانی دەیزانی كە ژەهـری تێكـراوە بـەلام دەمـی پێوەنـا و هەڵی قوڕاند.

موتەسەریف خەندە گرتیەوە و هەر ئەوە بو شالاوی ترسناك ڕوی تێكرد و چـەخماخە بـە چـاویدا دەهـات و تفـی دەكـردەوە و لەشـی قـورس دەبـو.. بـە جـەنگ و جوڵـەی جەستەیی دەزولەی مردنی دە پچڕاند.

بەو شێوەیە کەوتە گەرداوی مەرگەوە هەتا چەند سەرۆك هۆزێکی عەرەب هاتن بە هانایەوە و بردیانە ناو چادری خۆیان و لە مەرگی ژەهرەکە رزگاریان کرد ..لەگەڵ ئەوەشدا دو هەفتە لەیاری ژیان و مەرگدا بێهۆش بو.

لە ڕوانینی کوتانەوەی زەویشدا لەناو ئۆتۆمبیلی سەربازیدا هەمان چەشن گێژ ببو..دار و درەخت لە بەر چاوی دەخولانەوە..لە نێوان گوند و شار و شارۆچکەدا دەکەوتە ئاهەنگ سازی مەرگ و ژیانەوە .. پیاڵەی ژەهرەکە لە بەرچاوی دەزرنگایەوە و تفی دەکردەوە و هێڵنجی دەدا و گومانی لە هەواش بۆ دروست ببو..بە خەیاڵ باوەشی بە گەڵا و درەختی کەژ و کێودا دەکرد..لەگەڵ بەرد و خۆڵ و گژ و گیا و دارا زەماوەندی ڕۆحی دەسازاند و سەنگەری نوێی هەڵدەکەند.

ئەو وێنانە لە بەندیخانەشدا ڕەنگیان دەدایەوە و تاریکی و ئاسۆیی لەو تەوقە ئاسنەدا تەواو باڵی بەسەردا کێشا بو.. کازی ژەهرەکە بە جەستەیەوە دەردەکەوت و مێشکی دەسوڕایەوە و بێ زەوق و هێز و توانا ببو.

یەکەم جار لەو تاریکیەدا قاپێك شۆرباویان خستە بەردەم..ئەوە کەمێك هۆشی بەبەردا کردەوە..دوای ئەوە هاتەوە سەر خۆی و لەو تاریکیەدا لەگەڵ زۆربەی سەرکردەی تردا یەکیان گرتەوە و بیری شێخ مەحمودی کردەوە ..لە بنمیچ و دیوارەوە وێنەکەی دەدیەوە و سێبەری بەندیخانەی کۆتاش هێشوی بەسەردا دەکردن.

ئەو ماوەیە توشی ئاوێنەی تێشکاوی بوەوە.. کاتێکیش لە موسل بە ڕێکرا ئەو شاڵاوە گرتیەوە و لە ناو تاریکی ژورەکانیشدا لەو گفتوگۆیەدا بو..هەوری خوێناوی لەو تاریکیەدا لەگەڵ هیوا و ئاواتیدا بەشەڕ دەهاتن.

ئەو دژایەتیەی مایەوە لە ڕوانینی دەشت و دار خورما و شار و شارۆچکەی سەر ڕێگای دەڕوانیەوە بە کە لە پچەی دەستیەوە نیگای ئازادی هەڵدەفڕی..هەتا لەناو شاری ناسریەدا لە ئۆتۆمبێل دابەزی هەر هەمان تەلیسم گرتبویەوە..لەگەڵ هەمو بێزاریەکدا ڕەگی ڕزگار بون دەیگرتەوە و بەو ڕوانینەوە لە هەمو شتێك ورد

دەبووەوە..خەو و خواردن و گەڕانی بەو هیوایەوە بەسەر دەبرد..ڕۆژێك نەخۆشی و بروسکەی ژەهر خواردویی لەشی گرتەوە.. ئاسیاوێکی لەو شارەدا بردی بۆ لای پزیشك..ئەویش سەیری کرد و شرینقەیەکی بۆ کرد.. لە پێشان گومان گرتیەوە و لێی دو دڵ بو..ئەویش لێی ڕوانی و نیگای بڕیە ئاسمان و ئەو ترسەی شکاند .. ئەو ئاماژەیە دڵی پاك کردەوە و نیشانەی ئاسۆیی خستەوە بەرچاو.

ئەو ڕاستیە لەو شارەدا ڕۆژ بە ڕۆژ پتەو تر دەبو..ئەو خەڵکانەی دەناسی کە ئاسۆیان دەخستە بەر چاوی ..لە کاتی گواستنەوەشیدا بۆ ئاڵتون کۆپری و کفری و دوا جار بۆ سلێمانی ئەو هیوایەی زیاتر پەرەی دەسەند.

لە کەفی شرینقەکەشەوە ئەوانەی بیرهاتەوە و نیگای بە ئاسمانی بیرەوەریەوە تەونچن ببو ریشاڵی گومانی ئەو زەمەنە نادیارانە دەیگرتەوە کە لەو روانینەوە وێنەی لە نازەمەندا دەدۆزیەوە .

ڕۆژێك لە سلێمانی بەو بیرەوە چاوی هەڵدەفڕی لە کاتێکدا سەیری ئاسمانی دەکرد کەشتی ئەسکەندەر و لافاوی نوحی دەبینیەوە..لە یەکگرتنەوەی کەشەی هەور و تیشکی خۆرەوە وێنەیەکی گەورەی بۆ ڕەخسا و ئاسۆی حەوت ساڵ دەست بەسەری لە تەمەنیدا خەرمانەیدا.

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕاستی ئەو شالاوەی لە باس و کێشە و ململانێدا دەدیەوە و دەرفەتێکی گەورەی بۆ کرایەوە لە پەیوەندی کەسایەتی رامیاری و نیشتمان پەروەر و شاعیر و نوسەران وخەڵکی تر و لە شێخ مەحمود نزیك کەوتەوە .. چەند جار بە نهێنی نامەی بۆ نارد و جارێکیش پیرۆزبایی دو ژمارەی رۆژنامەی بانگی حەقی لێکرد:

*باوکی گەورەمان جەنابی شێخ مەحمود جێگەی شەرەفە لە ناو ئەشکەوتی داری کەلی دو ژمارە لەو رۆژنامەیەم بە دەست کەوت ئەوە ئاسۆیەکی رونی تیایە.

بەو جۆرەش ئاسۆی فراوانی بۆ کرایەوە .. هەر لە مزگەوتی گەورەش دوانزە زانستەی ئاینی تەواو کرد و ڕۆژانە نوقمی خوێندنەوە و بەسەرا چونەوەی بیری نوێی کۆمەڵگا

دەبو..لە چرکە و ساتە وەختی بیرەوەریدا بەسەر ئاوێنەی بارزاندا دەچوەوە .. ڕۆژێك ئەو سەودا سەریە گرتی و خوێنی جۆشا و بۆ ئەو مەبەستە چوە لای شێخ ئەحمەد :

*دەمەوێت بچمەوە بارزان ئیتر کاتی ڕا پەڕینە.

شێخ هەناسەی هەڵکێشا :

*ئەکەی چڕی مەسەلەی جەنگ ڕون نیە.

ئەوە خستیە ناو بیرکردنەوەی قوڵەوە..ئەو تەلیسمە گرتبویەوە و بەری نەدەدا..هەتا بە تەنیا لە ژورەکەیدا ڕاکشا و چاوی بڕیە بنمیچەکە.

تەژە و دار و پەردوی ڕەش داگەڕا بون و ئەم سەر بۆ ئەو سەر خەت خەت ببو..حەسیری بنمیچەکەی لە هەمو لایەکەوە خوڵی پیا دەهاتە خوارەوە ..لەوەوە وێنەی روداوی ڕۆژگاری ڕەشی بارزان بەبەر چاویدا رادەبورد .. هەتا لەو گەرداوە سەختەدا نوقم بو نیگای لەو شە پۆلانەدا گیرسایەوە.. دەواری ڕەشی ئەو شەڕەی بیر هاتەوە کە بەسەر عەشیرەتی شیروانیدا هەڵدرا ..کاتێك کەوتنە بەر زوڵم و زۆر و کوشتن ناچار هێزی کۆکردەوە و بە وێنەی تالانی سامانی ئەو گوندانەوە لە پێش هێزەکەیەوە بەسەر دار و بەردا هەنگاوی دەنا..کاتێك گەیشتە بەرەی شەڕ سێ خەتی کێشا..لە گرگاڵ و کولەك و بابلیەوە بە بازنەیەك هەمو هێزەکە لە خەتێکی ڕاستدا یەکیان گرتەوە و برادۆستی گەمارۆ بون..ئەوسا ئاگر لەسەر هەمو لوتکەی بەرزا کرایەوە.

ئەو وێنەیە ڕوانینی فراوانتر کرد و ئەو دڵۆپە فرمێسکانە لەبەر چاوی ڕێچکەیان دەبەست کە لەسەر تەرمی ژنێك رشتی کە لە بەردەمی مزگەوتی بارزاندا خوێن لەشی پۆشی بو..کاتێك چاوی کرد لەرزی و دانەویەوە سەری:

* ژنی مەرد کوژرایت ؟..خوێنت تیشکی خۆری ئازادیە.

ئەو ژانە لە هەمو شەڕێکی براکوژیدا دەیگرتەوە و لەلای دەبون بە کارەساتی سەخت و برینیان دەخستە جەرگ و دڵیەوە. .لەو کاتەشدا لە کۆبونەوەی سەرۆك هۆزانی ناوچەکە بە توندی پە نجەی خستە سەر:

*ئەمە کارەساتە ئینگلیز دەیەوێت یەکتریمان پێ ببڕێنێتەوە و برا دۆستیش بە پارە خیانەتیان لە هەمومان کرد.

ئەو شالاوە جارێکی تریش گرتیەوە و دوەم جار هێرشێکی فراوانیان کردەوە ..ئەوەی بە نیشانەی ترسناك زانی و بەو بیرەوە لەسەر لوتکەیەك سەیری کرد..ئەوسا بە وردی نەخشەی شەڕی کێشا و دوای ئەوە تەقە دەستی پێکرد و خۆی بە هێزێکەوە لە بەشی باشورەوە کشا و لە چەند کاتژمێرێکا پشتی ئەو هێزە گیرا..تەنیا دۆڵێك بۆ ڕاکردنی برا دۆستی مایەوە.. هەرچی کەل و پەلی تالانیان هەبو هەموی بەجێما.

ئەوە ڕوداوێکی ترسناك بو لەلای بەو جۆرەش ئەوەی خستە بەردەمی سەرۆك هۆزی ناوچەکە و هەوڵیدا هەتا ئەو ناکۆکیەی نەهێشت.

لەو ساتەشدا ئەو گرەیە گرتیەوە..ڕەشی بنمیچ و تەژە و دار ئەو تەلیسمەیان بەسەر و ڕویەوە هەڵگردەوە ..لە کەفی شرینقەکەشەوە ئەوانەی دەدیەوە و شێیەکی خۆخواردو سەر چاوی نیشت بو تەم و ماتەمی شە پۆلی ژیانی لەسەر گرمۆڵە دەبوەوە..وەکو دەریای شالاو بەر لافاوی بیرەوەری بە سەردا دەهات و ڕوانینی نوقمی هەزاران تیشکی تەلیکس ببو..لە دڵۆپەی فرمێسکیدا شەوقیان دەدایەوە..وەکو بە فۆتۆی بیرەوەریەوە مۆمیا بو بێت بەو جۆرە ڕاڕەوی خوێناوی بیر دەهاتەوە و خرۆکەی لەناو دەماریدا دەخرۆشاند.

زۆر جار لەو ژیانە ئاڵۆزەیدا توشی ئەو مۆمیا بونە دەهات..نەشتەری ویژدانی جەستەی هەڵدەکۆڵی .

جارێك ئەو دەردەی گرت..لە کاتێکدا هەژارێکی بینی پاڵی بە دیواری مزگەوتەکەوە دابوەوە و هەردو قاچی ڕاکێشا بو زامی دەست و قاچ و ئەژنۆی مێشیان سەر نیشتبو.. ساتێك سەیری کرد ئەوسا لێی چوە پێشەوە و مێشەکانی لەسەر دەرکرد ..ئەویش داچڵەکی و هاواری کرد:

*چیت کرد بۆ جەرگت دەرهێنام.؟ تێرەکانت دەرکرد هەتا برسیەکان بمخۆن.

ئـەو هەڵمـە بـەجۆرێك گرتیـەوە هـەرگیز لـە بـیری نەدەچـووەوە..لـەو کاتەشـدا بـەو ئازارەوە ڕاکشا و لە رەشی و دوکەڵی بنمیچەکەوە مۆمیای خەیاڵ ببو.. دەیان دەزولـەی بیر دەهاتەوە و بەسەر گەڵای ڕەشی ئەو ڕۆژەدا گیرسایەوە کە لە شەڕی ئاکرێـدا بینـی ..ئەوە کارەساتی گەورە بو لەلای و بەو ژانەوە لە بن دارێکدا وەستا و لەو نەخۆشیەی دەڕوانی هەژارێك هاتە بەردەمی:

*گەورەم ئەو هۆزانە ماڵی منیشیان تاڵان کرد.

ئەو قسەیە وەك نەشتەر گرتیەوە و دوای ئەوەش چەندین جار خـەڵکی تـری دەدیـەوە ئەو قسەیەیان دەگوتەوە و ئەو بروسکەیە مێشکی دەهەژانـد و بـەو مەترسـیەوە لـە گەرداوی بیرکردنەوەدا زەنگی قسەکەی شێخ ئەحمەد لە مێشکی دایەوە:

*ئایا ئێوە ڕازی دەبن خـەڵکی ماڵتـان تـاڵان بکـات..؟ئـەوە نیشـانەیەکی ترسـناکە نیشتمان بە تاڵانی ڕزگاری نابێت.

ئەو تەزوە دەماری بینینی گرتەوە و وێنـەی ئـەو دانیشـتنە و هـەمو سـەرۆك هـۆزانی ناوچەکەی خستەوە بەرچـاو..لـە پڕ لـە وێنـەی زامـی هەژارەکـەوە موچـرکەیەك بـە لەشیدا هات.

لەو ساتەشدا لەو برینەوە ترس و پێشهاتی بۆ دروست بو..لەگەڵ بیرەوەریـدا خـەتی تاریکیان دەکێشا و توشی تەنیایی دەهات.

لە کاتی پیاڵە قاوەکەوە ئەو تەنیاییە روی تێکرد بـو بـەردەوام بـیری لێـدەکردەوە و ئازاری دەچەشت ..رۆژێك لەسـەر شـەقامێکی شـار بـە تـەنیا دەگـەڕا..بـەو گومانـەوە لەگەڵ پروشەی بەفردا کەوتە یاری رۆحی و پە نجەی ڕاکێشا:

*چەند ساڵە تەنیام و بوم بە قەڵغانی ئازاری نەتـەوە چـاوەڕوانی بـەرەو ڕزگـاری.. زەمینەی ئێمەش لەبار نییە بۆ شۆڕش و چین و نەتەوە و سنور و خاك هەموی شـیرازەی پچڕاوە.

لە ماڵی هاوڕێیەکی لەگەڵ دو ئەفسەرا ئەو پێشنیازەی خستە ڕو:

*حیزب و ڕێکخراوی بەهێزمان نییە و شیرازەی چینایەتی پچڕاوە.. کارەساتی شۆڕشی بارزان ئەوە بو تەنیا ئێمە دەجەنگاین و هۆز و ناوچەی تر بەشدار نەبون..
ئەگەر هەمو چین و توێژی کۆمەڵ ڕانە پەڕن ئەوا هەمو سەرهەڵدانێك کپ دەبێتەوە.
خامۆشی ژورەکەی گرت بو. چرکەیەك پیاڵە چایان بە دەستەوە بو لە یەکتریان دەڕوانی. دوا جار ئەفسەری یەکەم لە بەرامبەریەوە پشتگیری قسەکەی کردەوە:
*نەبونی ڕێگای ئاسن و دەریا. ئەوانە بەر بەستی یەك گرتنەوەی ئێمەن.. چوار دەورمان تەل بەندە.
بەو قسەیەوە جگەرەیەکی داگیرساند:
*ئەوەش نەخشەی لەت لەت کردنی کوردستانە لە کاتێکدا زۆربەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکا لە خەباتدان گەلی ئێمەش ژێر دەستەیە و ئامادەکاری نیە لە هەمو کاتێکیشدا شۆڕشی سەرتاسەری پێویستە ئەوەش بە رۆڵی گرنگی راگەیاندن و هۆکاری پەیوەندی ناوخۆیی و جیهانی دەکرێت.
مژێکی تری لە جگەرەکەی دایەوە و هەناسەی هەڵکێشا و چاوی بەناو ژورەکەدا گێڕا. کتێبخانە و وێنەی سەر دیوار.. پاشان سەیری ئەفسەری دوەمی کرد کە لە دەستە چە پیەوە دانیشتبو. تا ئەوساتە بێدەنگ بو لەو هەلەدا پشتگیری قسەکەی کردەوە:
*ئێمە لە هەمو رویەکەوە دواکەوتوین. ئەوەتا چەندین حزبی وەکو هیواو برایەتی خوێ بون ...هتد دروست دەبن کەچی هیچ گۆڕانیان بۆ ناکرێت. حزب مانای تیئوری شۆڕشگێڕانەیە ئەوەش نمونەی لینینە کە توانی حەوت سەد ملیون کەس رزگار بکات و بە تیئور بونیادی کۆمەڵگەی گۆڕی.
تا ئەو کاتە بیری دەکردەوە لەو ساتەدا دوا مژی لە جگەرەکەی دایەوە و دەستی لە ژێر چەناگەی لابرد:
*ئەوان تەنیا دەسەلاتی خۆیان گۆڕیوە نەکو داگیر کەر. ئێمە دابەش و داگیر کراوین.

بێدەنگی ساتێك گرتنیەوە دوای ئەوەی جگەرەیان كوژاندەوە .. ئەفسەری یەكەم شانی لەسەر سەرینەكە لابرد و خۆی راست كردەوە:

* پێویستە خەبات سنور بكێشێت هەرگیز سێو و پرتەقاڵ لەسەر سنور دانانرێت بەڵكو پێویستی بە تێكۆشانە.

ئەفسەری دوەم لێوی خۆی كرۆشت:

*من بڕوام بە شۆڕشی سەرتاسەریە بە تیئوری شۆڕشگێڕانە جگە لەوەی كۆمەڵ تەواو هۆشیار بكرێتەوە هیچ چارەیەكی تر نیە.

لەو ساتەدا میاوەی دو پشیلە هەمو دەنگێكیان وەستاند و بە بێدەنگی لە یەكتریان دەڕوانی ئەفسەری یەك و دو لێیان دەڕوانی ئەویش بیری دەكردەوە و ئەفسەری دوەم لەو هەلەدا كرۆكی خۆی كردەوە:

*ئێمە زەمینەمان لەبار نیە لە ڕوی چینایەتی و كۆمەلأیەتیەوە..كام ڕێكخراو خاوەنی بیر و باوەڕێكن كە لەناو عەقڵی كوردا كار بكات..؟ گرنگ شیكردنەوەی بارو دۆخی كوردستانە.. من و تۆ بەشداری شۆڕشی شێخ مەحمودمان كرد.. پێیان دەگوتین عارەق خۆر و فەڕماسۆن ..ئەم كۆمەڵگایە زۆری ماوە شۆڕشی گەورە بكات.

تا ئەو ساتە ببێدەنگ بو گوێی لەو مشت و مڕە گرتبو لە بێدەنگی ئەوەوە ئەفسەری یەكەم شە پۆلی خستە ناو وتوێژەوە:

*ئێمە مەبەستمان كیشەی نەتەوەیی و حیزبی پێشڕەوە كە ڕەمزە بۆ كورد .

ئەوەی گوت و سەیری هەردوكیانی كرد..لەو ساتەدا جگەرەیەكی داگیرساند و هەناسەی هەڵكێشا و ئەفسەری دوەم بەم دیودا وەرچەرخا و خۆی نزیك كردەوە:

*ئەوە ڕاستە زەمینەی ئەو كاتەش هەر هەڵگری ئەو جولأنەوەیە بو..بەلأم ئێستا بارو دۆخێكی ترە و باسی حیزبایەتی و شۆڕش و خستنە گەڕی عەقڵی ڕۆشنبیریە..با بە پێی قۆناغ بیر بكەینەوە .

تا ئەو ساتە لە بیری ئەو دایەلۆژەی نێوانیاندا بو تا ئەوان هیلاك بون ..لەو ساتەدا خۆی راست کردەوە و لێوی خۆی کرۆشت :

*باری ڕامیاری هیچ کام لەو دەوڵەتانەی سەر سنور ئاسۆ ناخەنە سەر ئێمە .. تەنیا هێزی خۆمان نەبێت..ئەوەش کات و شوێن و زەمەنی تایبەتی ماوە لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بوەستین ئەو ئاسۆیە بە خەبات دەکرێتەوە.

ئەفسەر یەکەم دەستی لە سەر چەناگەی لابرد:

*مەبەستم ئەوەیە کۆمەڵ کامڵ ببێت ئەوە ئاما نجی هەمومانە..مادام لەسەر کێشەی نەتەوایەتی یەکدەگرینەوە مانای یەك بڕوامان هەیە و بەوەش دەگەینە یەك .

هەواڵی جەنگی روسیا هەمویانی بێدەنگ کرد..گوێیان بۆ دواین هێرشی ئەڵمان گرت

.

ئەو بیرەوەریە هەمیشە وەك ئاوێنە لەلای شەوقی دەدایەوە..هەر کات بیری لێ بکردایەتەوە ڕەنگ و ڕوی هەردو ئەفسەرەکەی دەخستەوە بەرچاو و ئەو گفت و گۆیەی لەگەڵدا دەکردنەوە..لەو ماوەیەشدا چەند جار توشی ئەو وتو وێژانە دەبوەوە ..

ڕۆژێك دوای ئەوە چەند ئەفسەرێکی ئینگلیز هاتنە لای و ڕاستەوخۆ کەوتنە قسە:

*تۆ سەرکردەیەکی لەلای خەڵك زۆر بە توانا ناسراویت .. بڕۆ بۆ هەولێر و بارزان و موسڵ شۆڕش بکە..ئێمەی بەریتانیا پە یمانت دەدەینێ دەوڵەتی کوردی دروست بکەن.

ئەوە خستیە بیر کردنەوەی قوڵەوە و لێوی خۆی گەست و نهێنی بەدی کرد..ئەو ڕازەی تەنیا بۆ شێخ ئەحمەد درکاند .. ئەویش هەمان بۆچونی هەبو:

*ئینگلیز سیاسین دەزانن جەنگ بەرەو کۆتایی دەچێت دەیانەوێت بمانکەن بە داش.

دوای ئەوە نەخشەی ڕاکردن و هە ڵگیرساندنەوەی شۆڕشی دادەنا..ڕۆژێك لە بن دارێکی پەل بەرزدا هەموی هاتەوە بەرچاو..کە سەیری دار و درەخت و گژو گیا و خاك و خۆڵی دەکرد ئەو دەنگ و وێنانەی دەدیەوە.. بەسەر هەمو بیرەوەریداچوەوە..کاتێك هاتەوە

بۆ ناو شار بە نهێنی نامەی بۆ شێخ مەحمود نارد هەتا بگەڕێتەوە بۆ بارزان ..ئەویش شێخ لەتیفی راسپارد :

*دەزانم جێگەی من و دڵسۆزانی تر دەگرێتەوە و دەبیتە ئاسۆ بۆ نەتەوەی کورد.. ئەگەر لەسەر ئەو لە سێدارەش بدرێیت قەیدی نیە .

بەو نەخشەیە شانزە کەسی لە پیاوانی نزیکی دیاری کرد و پرۆسەی دەرکردنی لە ناو شارەوە دەستی پێکرد .. هەر لەو کاتەی یەکەم جار بە نهێنی لە شار دەرچو لەسەر لوتکەی ئەزمەڕ وەستا ..چاوی بە شارەکەدا خشاند و روی کردە بەری رۆژ ئاوا و زنجیرە شاخی قەرەداغی خوێندەوە .. لە ئاسۆی کەرکەکەوە لێی روانی هەتا کوتایی و چەمانەوەی بەرەو دەربەندیخان و ئەوسا رۆژهەلاتی بینیەوە لە ئاسۆی عەربەتەوە تا بەردەمی خۆی .. پاشان روی کردە لای راست و پیرە مەگرونی خستە دڵیەوە لە بەرزیەوە تا بنار.. ئەوسا نیگای بڕیە ناو شار وەك بوکێکی خواوەندی هاتە ناو روانینیەوە:

*دەشتێکی بەرین لە ناو زنجیرە شاخ و چیای بڵندا بە تەلیسیمی ئەفسانەیی رۆژگار دیل کراو .

بەو وێنەیەوە چنگێك قوڕی هەڵگرت توند گوشی و بەردێکی پێسیواخ دا ..بڕیاری خەباتی دا و ڕوی وەرگێڕا..کاتێك لە دیوەخانی شێخ لەتیفیش دانیشتبو ئەو گڕە و پەیمانە گرتبویەوە و هەرکە نانی ئێوارەی خوارد خوێنی جۆشا و لەگەڵ رێبەرەکانیا کەوتە ڕێ..بە تەزوی بیر و پەیمانی خاکەوە پەیوەستە ببو.. هەتا گەیشتە شاری شنۆش بەو گەرداوانەوە نقوم ببو..لەگەڵ شنەی شەماڵدا وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی دەدایەوە.

لەو ساتەشدا لە کەفی شرینقەکەوە ئەو وێنانەی هاتەوە بەر چاو و ڕوخساری بونی لە قڵش و رەشی تەژە و بنمیچەوە دەدیەوە و وەك قەوزەی ناو ئاوی بەر سێبەری مانگ

ڕەنگی دەدایەوە. .لەووەوە شنەی ئەو کاتە گرتیەوە کە بە گیان بازی فیداکارانەوە ڕۆحی بەسەر شاخ و کێودا دەتوایەوە و دەیان کەس لێی کۆبونەوە :

*بارزانی تا دوا دڵۆپی خوێن .

ئەو وێنەیەی سات بە سات بەهێز تر دەبو. .کاتێك گەیشتەوە بارزان هەزاران کەس ئەو بانگەوازەیان دەکردەوە .

ئەو تینوێتیە تەلیسمی گەورەی بۆ ڕەخساند بو کە دو کاتژمێر لەوە و بەر لە جەنگی شانەدەردا ڕشتبوی.. دڵۆپەی ئازار و خەمی لێ دەباری. .بەو دەرونەشەوە وەك گزنگ لە یەکەم نەخشەی گەمارۆ داندا توانیان دەست بەسەر بنکەکەدا بگرن .

پاش ئەو سەرکەوتنە لە ژێر درەختێکدا ئارامی گرت و کەوتە دەریای بیرکردنەوەوە..

ئەو شالاوە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژانەی بو کە کاتێك پێی خستەوە ناو خاکی بارزان و بروسکەی لەو دەنگ و ناڵە و هاوارانەوە دەدیەوە کە بەسەریدا دەهات:

*بارزانی..بارزانی ..سەیدا.

ئەو ڕوخسارە ماتەمینی ئەو ساڵانەی لەلا زیندو دەکردەوە کە بیرەوەری سەخت بون و ئالای ئەزمونی خۆڕاگریان لەسەر هەڵکرد بو ..لە گیانی فیداکارانەوە پەیمانی تا دوا دڵۆپی خوێنی دەدا و گەلای درەختەکەش ئەو وێنەیەیان دەکێشا و بەشنەی باوە دەشنانەوە ..وێنەی ئەوانەیان دەدایەوە کە بە تفەنگ و فیشەکدانی نوێوە دەگەڕان و گیانیان لەسەر لە پی دەستیان بو.

ئەوە دوای پانزە ساڵ دەربەدەری بو پەیمانی لەگەڵیان دەبەستەوە و گوند و قۆخ و تاقە ماڵە گەڕا و ئەشکی دەسڕین و بانگەوازی بەسەر گەلاو درەختەوە دەکشا و لە ئاوێنەی فراواندا ئاسۆی رزگاری دەدیەوە و ڕۆژانە دەیان لاو دەهاتنەلای:

*بارزانی .. خۆمان فیدا دەکەین .

بەو هێز و هیوایەوە ڕۆژانە سەیری نەخشەی رژێمی دەکرد و چەند ڕۆژێك بو هێزەکانی دابەش کرد بون..هەتا تەواوی بارزان و ناوچەی تر پاك بکەنەوە .

ئەو ترسە ڕژێمی گرتەوە و کوێرانە فیشەکیان دەتەقاند و خەڵکیان دەپێکا ..ڕۆژێك برینداریێکیان بەسەر پشتی ولاخێکەوە هێنا و لەبەر دەمیدا دایان گرت ..کاتێك سەیری کرد چاوی ئاگری گرت :

*هێز بەرە بەر خۆت با بەچاوی خۆت تۆڵە ببینیتەوە.. پەیمان بێت خوێنی تۆ و هەزاران نیشتمان پەروەری تر بە فیڕۆ ناڕوات .

بەو پەیمانەوە چاوی بە فیدکاراندا گێڕا..هەر ئەوە بو لە کتو پڕیەکدا هێرشیان کرد.. پاش چەند کاتژمێرێك تەنیا ئەوانە زیندو بون کە دەستیان بەرز کردبووەوە..بەو وێنەیەوە لە هەمویانی ڕوانی پاشان لە دۆڵێکدا کۆی کردنەوە:

*ئێمە گەلی عێراق بە برا دەزانین تەنیا ڕژێمی بۆگەن دوژمنی هەمومانە ئێوەش ئازادن ئیتر خزمەتی مەکەن.

پاش ئەوە چاوی گێڕا یەك یەك سەر بەرە و خوار بون . .ئەوسا لە بن دارێکدا دانیشت و چیلکەی لەخۆڵەکە وەردا و چەند نەخشەی کێشا و سێ فەرماندەی بانگ کرد:

*هێزەکانتان بۆ مەزنە و گۆڕە تو ئامادە بکەن .

دوای ئەوە نەخشەی شەڕی کێشا.. بەچەند بەشێکەوە هێزی دابەشکرد ولەگەڵ هێزێکی تردا بەسەر هەردو دێیەکەدا قەد بڕی کرد..لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕدا پاش نیو کاتژمێر سەدان پارچە چەك بەسەر پشتی ولاخەوە بۆ بارزان دەگوێزرانەوە..لیژنەیەك ناو نوسی دەکرد و خواردەمەنیش بە سەر مالاند دابەش کرا و چەکیش هەموی کەوتنە سەر شان و لە دوا کەسیاندا خۆشی گرتیەوە:

*ئەم چەکانە بە خوێن گیراون بە شەرەفەوە پارێزگریان بکەن .

دوای ئەوە ڕژێم لە شار و شارۆچکەدا مەترسی گرتیەوە و نوێنەری نارد.. پاش چەند ڕۆژێك بە هەمو مەرجەکان ڕازی بون و پەیمانیان لەسەر خالی لامەرکەزی مۆر کرد .

ئەو پە يمانەی بە هەنگاوی مەزن دەزانی لە گەڕانەوەی ئاوارەکانیشـەوە ئـەو مژدەیـە گرتیەوە و یەك یـەك ماچـی کـردن..دوای ئـەوە کەوتـە گـەڕان بـۆ موسـڵ و هـەولێر و کەرکوك و ئامێدی و بانگەوازی یەکگرتنی هۆز و لایەن و شۆڕشگێڕان بڵاو دەکردەوە.
ئـەو ڕۆژانـە شـنەی بـەختیاریان پـەخش دەکـردەوە.. کاتێـك چـەند هاوڕێیـەك لـە ئەفسەران هاتنە لای گەشایەوە و دەستی گوشین..شەوێك لە گەڵیاندا مایەوە بڕیـاری لیژنەی ئازادی خستیە ناو بیرکردنەوەی قوڵـەوە و ئـەو شـەوەش زەردە نیشـتبوە سـەر لێـوی ..بـە نوسـینی پڕۆگـرام و یاسـای لیژنـەی ئـازادی گەشـایەوە و شـەوێك خـەو نەکەوتە چاوی و چرا لۆکزی پـەمپ کـرد و کەوتـە نامـە نوسـین.. بـۆ حیزبـی هیـوا و شیوعی ولاوان و سەرۆك هۆز و نیشتمان پەروەران ..لەگەڵ دوا نامەدا راکشا.
بەیانی لەگەڵ خۆر هەڵاتندا ڕا پەڕی و دەم و چاوی شت و لەسەر سـەکۆیەك دانیشـت و کەوتە ڕوانین.
ئەو شە پۆلە دو ساڵ لەبەر چاویدا مایەوە لـە پڕ ئـەو خۆشیەی تـۆرا و چـاوی بەسـەر گڕی نەبینەوە دەگەڕا.. نامە و هاتو چۆی خـەڵکی بـۆ نـاو شـارەکان هـەواڵی ئـاگری شەڕیان لێ بەرز دەبووەوە ..هەتا رژێم کەوتە جموجوڵ و ڕۆژێك حەوت فیداکار خرانـە بەند یخانەوە. .ئەوانە کاریان کردە سەری و مەترسی شەڕ گرتیەوە و چەرچەفی خوێن و گۆشت و ئێسقانی دەبینیەوە.
لەو ساتەشدا لە کەفی شرینقەکەوە هـەمو ئەوانـەی دەبینیـەوە..ڕەنـگ و ڕوی گـوڵیش کە پری سێبەریان بۆ دەکرد و خەندەیان دەخستە سەر لێو.
ئـەو خۆشـیە چـەند ڕۆژ بـو لەگـەڵ شۆڕشـی ئێرانـدا کـەوتبوە دڵیـەوە و خەرمانـەی ئەفسـانەیی لەبـەر چـاویدا دەتوایـەوە.. فلیمـی بـیرەوەری ژیـانی لـە شـێر پە نجەوە نیشان دەدایەوە..لەو کاتەشدا کە بروسکەی پیرۆز بایی نوسی ئەوەی دەرخست:
*سەرکەتنی گـەلی ئێـران دەروازەی سـەرکەوتنی گـەلی کـورد و گـەلانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستە .

لەو ساتەشدا ئەو خۆشیە گرتبویەوە و  نیگای گەڕانەوەی تێکەڵاو دەبون..قسەی پزیشکەکەش جەستەی دەتواندەوە..لە مەرگەوە بەسەر ژیاندا دەگەڕا و گوڵی نەمری دەدیەوە..لەوەوە شنەی گەڵا و گوڵ  وێنەی نوێیان بۆ دەرەخساند و لەگەڵ کەفی شرینقەکەدا گومانیان  بۆ دروست دەکرد و ئەو کاروانە لەگەڵ فرمێسکیدا تێکەڵاو دەبون و وێنەی ئاوێنەی تاریك و ڕون ئاڵای مێژوی خوێناویان دەنوسیەوە و ڕوانین و گومانیان دەشاردەوە و لەگەڵ  تیشکی  خۆردا  چاوشارکێی ڕاستەقینەیان دەسازاند.!

سێبەرێکی تەڵخی تار کەشێتی ئاوێتـەیی ٦
و دەریای بیرکردنەوەی سازاند بـو..تیشکی ڕونـاکی بـیرەوەری لـە ئاوێنـەی بورکـانی ڕۆحیدا پەرش دەبووەوە و بە ئاوازی ترسـناکەوە نیگـای هەڵـدەفڕی و تـەم و شـە پۆلی سامناکی دەخستەوە بەر چاو ..لە تیشکی شرینقەکەشەوە وێنـەی ڕێکەوتـە مـەرگ و بە ڕەنگ و کەشێتی ئاوێنەیی لەسەر بورکانی ئەزەلی بونیـەوە شـەوقیان دەدایـەوە.. لا پەڕەی ڕۆژانی رەش گەلای بەسەرهاتی بونیان لە داری ڕابردودا دەوەرانـد .. وێنـەی ئەو ساتـانەی بروسکە و گومان و راڕایی دەیگرتەوە.
لەو ساتەشدا لەناو سەرنجەکەدا کـەفی کـرد بـو..لـە دیدەیـدا دەکفـا و بـە ڕێیـەری یادەوەریـا پـەتی زەمـەنی رادەکێشـا و دەبـوە زەنگۆڵـەی ڕۆژگـاری ڕەش ..وێنـەی ئـەو ساتەی لەبەر چاودا دەدایەوە کە لە نەخۆشخانەی مەهاباد لەسـەر لێـوی چـەکدارێك بینیەوە..لەسەر چەرپایەك کەف نیشتبوە سەر لێوی و بە سەیری ئاسمانەوە هێڵنجـی دەدا.. بە و روانینەوە بروسکە و چەخماخەی ئـەو سـاتە گرتیـەوە کـە ئـەو هەواڵـەی بیست و بەو جۆرە گرژ بو.
لـەو تـەزوەوە ئـەو دیمەنـە مێشکی گرتـەوە و وێنـەی ئـەو پێشـمەرگەیەی خسـتەوە بەرچاو کە بـە لـەرزەوە هاتـە ژورەوە و نامـەی ئـەو هەواڵـەی خسـتە بـەردەمی .. لـە روانینیـا ترسـناکی بینیـەوەو و بـەو پێشـهاتەوە شـڵەژا..لـە کاتێکـدا نامەکـەی دەخوێندەوە خورپە دەیگرتەوە:
*ئەم دەردە نەهامەتیە چی بو تیفوئید بەلاٚ بو ڕوی کردە ئەم هێزە ئاوارەیە ؟

تا ئەو ساتە پێشمەرگەکە هەر بە پێوە وەستا بو سەرما کاری کرد بوە سەر ئێسکی و دەلەرزی و کاتێکیش هاتە پالّ زۆپاکەوە و دەستی بە ئاگرەکەوە گرت هەر دانی بەیەکدا دەدرا و پێستی سافی دەم و چاوی ڕەش داگەڕا بون و گەندە موی سەر لێوی ژاکا بون..لە کاتێکدا دەستی گەرم دەکردەوە و چوقەی دانی دەهات ..چایەکیان خستە بەردەم گورج هەڵی قوڕاند:

*دوێنێ بەیانی لە مەهابادەوە هاتم..لە شنۆ و زەردەشتەوە بە دەست نەبونی ئۆتۆمۆبیلەوە گیرم خوارد .

بەو قسەیە وە بروسکەیەك گرتیەوە:

*ئەمەش فڕو فێڵی ڕوس..هەزاران قوربانیماندا دژی ئینگلیز کە چی مەترسیمان لێدەکەن و پێشنیازیان کرد لە مەهاباد دانەنیشم.

لەو ساتەی پێشمەرگەکە چایەکی تری هەڵقوڕاند و گەرم بوەوە ئەو ڕوداوەی لێ پرسیەوە :

*زۆر توشی ئەم تیفوئیدە بون ؟

* پتر لە هەزار و پێنج سەد کەس .

*هەموی زەوی ڕاخەر و ئاسمان پێخەفیەتی..مرۆڤ لەسەرماڵی باوکیشی ئازاد نیە و ناتوانێ بە باشی و ئازادی بژی .

لەو ساتەشدا لەسەر نەخۆشەکە ئامادە بو..سەیری دەکرد لەگەڵ ئازارێکی گەورەدا ڕوی کردە پزیشکەکە:

*چارەی ئەم نەخۆشە چیە ؟

*من بەم نەخۆشیە تایبەت مەند نیم و ئەم دەردە پزیشکی تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر دەرمانیشمان هەبێت زو چاك دەبنەوە.

نەخۆشەکە بە چاوی ئاوەژۆوە سەیری ئاسمانی دەکرد..ئەوە لە مێشکی کاریگەر بو لە ناخدا خۆی دەخواردەوە و بە قوڵی چاوی دەگێڕا و پاشان نیگای تێبڕیەوە و فرمێسکی بۆ رشت:

*تۆ پیاوێکی مەردیت ئەوەندە باوەڕت بەرز بو ئاگر و ئاسنی دوژمنان کاریان تێ نەکردیت بە هێز و خۆڕاگربە ئەی پیاوی مەزن با بە نەخۆشی نەمریت.

پێشمەرگە زمانی شکا بو بە قوڵی لەوی دەڕوانی و بە هەناسەی خۆشەویستیەوە گریا..ئەوەندە دڵی گەرم ببو لیك لە دەمی هاتە خوارەوە و گیانی دا..ئەویش توانای نەما سەیری بکاتەوە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە:

*ئەم میلەتە قارەمان و چەوساوەیە و هیچ مافێکی نیە و هەناسەی هەزارانی بۆ بانگی ئازادی دەخنکێت.

ئەو مردنە بە گشتی روی کرد بوە ئەو هێزە و رۆژانە ژن و منداڵ و لاو و پیر گیانیان دەدا ..ناچار نامەی بۆ شار و شارۆچکەی دەور و بەر نوسی.. پزیشك و حەکیمی زۆری هێنانە سەر ..لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر پەرەی دەسەند..ئەوەش لە مێشکیدا ببوە گەلای درەختی ئازار و رۆژانە سەدان هەناسەی هەڵدەکێشا..رۆژێك لەرزی و روی کردە ئاسمان:

*خوایە بەزەییت پێمانا بێتەوە هەمومان ئاوارە و دەربەدەر ین ..ماڵ و ساما نمان هەموی بە تالانی براوە..لەم دەردە رزگارمان بکە.

ئەوەی گوت بە دو دەستە پەلی نەخۆشێکیان لە ئۆتۆمبیلێك داگرت..لەسەر بەردێك دایان نا و ئاگریان بۆ کردەوە ..ئەوەش فریای نەکەوت لاربووەوە و مرد.

ئەوە کاری کردە سەری و سێ جار لە ئاسمانی روانی..هەر بەو هێزەیشەوە لەسەر گۆڕستانەکە ڕوی کردە شنۆ :

*ئێمە هەمیشە چقڵی چاوی دوژمنانی کورد بوین..بۆیەش زیاد لە هەمو عالەم ئێمە توشی ئەم دەردە هاتوین ..ئەمەش هەر دەستی دوژمنە چاندویانە هەتا بەم نەخۆشیە بمانکوژن .

پاش ئەوەش ئەو گرێیە هەر بەری نەدا و ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشی زیاتر سامناکی دەخستە دڵیەوە..ڕۆژانە لە شنۆوە بە ماڵاندا دەگەڕا و دەچوە نەخۆشخانەی مەهاباد و ئازار و ژانی هەمویانی دەخوێندەوە.

جارێك شە پۆلێکی کوشندە گرتیەوە و لە کاتێکی ناوەختەدا چوە سەر نەخۆشێك لەو ساتەدا پزیشکەکە شرینقەیەکی لێدا و یەکڕاست مرد..ئەوە بو بە گومانی سەیر لەلای .. بە گومانەوە سەیری پزیشکەکەی کرد و لێوی خۆی کرۆشت..هەتا نەخۆشێك لە تەنیشتیەوە ئەو تاوانەی لەسەر لابرد:

*سەیدا ئەم نەخۆشە خۆی لە گیانەڵادا بو .. ئەم پزیشکە ڕوسیە هەمومانی چاك کردەوە و ئەو نەبوایە دەمردین .

لە تیشکی شرینقەکەشەوە ئەوانەی بیر هاتەوە..کەف و کەشێتی ژورەکە چەخماخەیان دەخستە مێشکیەوە و ڕەگی گومانی بۆ فەزای ئەو دەردە دەگەڕایەوە و تفتی ژەهراوی شێر پە نجە دەهاتە ناو دەمیەوە و تابلۆی ترسناکی دەخستەوە بەر چاو و دەیان بروسکەی لە ئاوێنەی بونیدا شەوق پێدەدایەوە .

ئەو وێنەیە زۆر جار لەڕوانینیدا کەفی خوێنی هەڵدەستاند بەو پەردەیەوە جیهان لەلای دەشێوا و بە لینجایی ئەو ساتەوە دەلچکایەوە و تیشك و روانینی تێکەڵاو دەبون و مەلی سەرنجی بەو فەزایەوە دەنیشتەوە ..جارێك لە ژێر درەختێکدا ئەو پڕۆڤەیەی کردەوە و تاڵی ئەو دەردە دەهاتەوە ناو دەمیەوە و هەمو وێنەیەکیان ئاوێتە دەکرد.

هەر لەو ساتەی لە ئاوی ئازار پەڕیەوە توشی ئەو گەرداوە هات..لە سەربازگەی روسدا نیشانەی ترسناك دەهاتە بەرچاویەوە و بە وێنەی رێکەوتە مەرگەوە لە

هەڤالانی دەڕوانیەوە..لەو ساتەدا لەگەڵ ئەفسەرێك سواری جێپی سەر بازی بو ..کاتێك سلفی لێدا توشی ڕاڕایی ئەو تەنیاییەی بوەوە هەتا لە چاو ون بون هەر لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکردنەوە.. پاش ئەوەی ڕێگەیەکی دوریان بڕی بە گومانی زۆرەوە سەیری ئەفسەرەکەی دەکرد..ئەویش بێ دەنگ بو هەتا نزیکی ئەو شارە بونەوە کە بۆی دیاری کرا بو هەر لە دورەوە پە نجەی ڕاکێشا :

* نخجوان ئەرمینیا .

ئەوە نهێنی لەلا والآ کردەوە..کاتێکش لە نەخۆشخانەی ئەو شارە شرینقەیەکیان لێدا یەکڕاست گومانی لەسەر ئەو ژەهرە نیشتەوە و شیلەی تیفوئید بە خوێنیەوە لچکایەوە تا ئەو ساتەی ئەفسەرەکە دەرگای شوقەکەی بۆ کردەوە ئەو کاتە کەمێك هاتەوە سەر خۆی و هەستی بە دابڕانی خۆی و هێزەکەی کرد..دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ تەمی نەخۆشی قورسدا ئەو گومانەی دروست بوەوە.

لەو ساتەشدا لە ژێر ئەو درەختەدا لەگەڵ ئەو گومانەدا دەجەنگا و رەگی ژەهراوی لە ئاوێنەی رۆژگارەوە رەنگیان دەدایەوە و یەك یەك وێنەی هەڤالانی دەخستەوە بەر چاو و بۆ تونێلی مەرگی روژانی سەخت پە یمانی لەگەڵ دەبەستنەوە.

پاش چل ڕۆژ لەو دورە پەرێزیە لە سەربازگەی تایبەتی بەرێزەی چە پلەوە ئەو تەمەی شکا..کاتێك یەك یەك هاتن بۆ پێشوازی هەمویانی ماچ کرد و لەبەر گریان یەك یەك دەچونە ئەو لاوە هەتا دوا کەسیان هاتە پێشەوە و باوەشی پیا کرد و گریا :

*شرینقەیان لە هەموومان داوە و بەرگیان گۆڕیوین هەتا تەواو دڵنیا بون لە نەخۆشیمان.

ئەو پەردەیە لەبەر چاویدا بو..ڕۆژانە ئازاری سەخت لە گیانیدا چرۆی دەکردەوە .. هەتا لە چاو پێکەوتنێکدا ئەو ڕقەی بەسەر باقرۆڤدا ڕشت :

*لە نخجوانەوە هێنراینە ئازربایىنجان ..منیان جیاکردەوە لە هاوڕێکانم و لە شوش نیشتە جێیان کردم..لەوێش هێنراینەوە بۆ باکۆ..لەم هەمو حاڵەتەدا لە جگەر گۆشەکانم دابڕ کراوم..ئێرە سەربازگای سۆشیالیستیە ئێمەش گەلی ئازادی خوازین دژی ئیمپریالیزم خەبا تمان کردوە .

باڤرۆڤ بەو قسەیە گرژ بو.. ئازاری قورسی لە ناوچەوانیدا دەخوێندەوە..بەو بیرەوە پە نجەی خستە سەر زەنگەکە و سەربازێکی بانگ کرد :

*ژەنراڵ ئیتاکیشۆف بانگ بکە .

ژەنراڵ هاتە ژورەوە و سلاوی سەربازی کرد و فەرمانی پێدا :

*بارزانی ببەرەوە بۆ ناو هێزەکەی و جێگەی تایبەتی بۆ دابین بکەن .

ئەو ڕۆژە ئاسۆی فراوان بو بۆ هەڵڕشتنی ئازار و لەگەڵ ئیتاکیشۆف کەوتە گفت و گۆ:

*ئێمە ڕومان کردۆتە سەربازگەی سۆشیالیستی..دایکی شۆڕشی گەلانی جیهان نابێت بەو جۆرە مامەڵەمان لە تەکدا بکەن .

ئیتاکیشۆف گێڕی ئۆتۆمبیلی گۆڕی :

*لەمەو دوا ژیانتان دەگۆڕێت..ڕوسیا لەجەنگی گەورەدا بو ملیۆنانی لێ کوژرا و سەدان شاری سوتا .

ئەو قسەیە لە مێشکیدا مایەوە..لەسەر شە پۆلی دەریاچەی ئۆڕاڵ لەگەڵ شنەی شە پۆلی بای شاری چەمپایا ئاوێنەی بیرەوەری بۆ ڕەخسا و ئەوەی بیر هاتەوە.. بە ئازارەوە ڕوی کردە هەردو هاوڕێکەی :

*ولاتی بێ سەرە و بەرەیە..لە باکۆ هەمو پە یمانێکیان دا پاش ئەوەش دیسان فێڵی تریان لێ کردین و لە ئۆزبەکستان فڕێیان داین .

یەکێك لە هاوڕێکانی نانەکەی بەردەمی کۆکردەوە:

تاشەکەند باش بو..حاڵمان بەرەو باشی دەچو .

*لەویَ ئازاد بوین خواردن و خەومان هەبو فێری ڕوسیش بوین..بەلاّم ڤینۆ گرداڤۆ خائینە..ئەم چارە ڕەشیەمان لە ناوچەوانی ئەوەوەیە .

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان..دەریاچەش لە شەپۆلدا بو لەگەڵ کەف و تورەیی ئاوەکەدا ئەویش زیاتر ڤین دەیگرت و بە وێنەی سامناکەوە تفی کردە زەویەکە :

*سواری فڕۆکە بوین گوتیان دەچنە مۆسکۆ..هەتا لەم بەندیخانەیەدا دایان بەزاندین .

ئەو داخە لە دڵیدا مایەوە ڕۆژ بە ڕۆژ خەرمانەی دو ساڵی ئازاری پیَ گرمۆڵە دەکرد..

پاش ئەو هەمو ڕۆژە سەختانە جارێکی تر هەمو هاوڕێکانی دیەوە..یەکەم جار باوەشی بە یەکیاندا کرد:

*چەند ساڵە لێك دابڕاوین .

پیاوەکە گریا :

*دەیان خۆپیشاندا نمان کرد هەتا هاتنەوە .. تف لەم دەسەلاّتە .

ڕۆژێك هەڤاڵێکی هاتە لای دڵی پڕ بو لە گریان:

*سەیدا چەند ساڵە منداڵ و ژنم نەدیوە و باری دەرونیم شێواوە.

بەو ئازارەوە ورد لێی روانی ساتێك بیری کردەوە ئەوسا ئەو تەمەی رەواندەوە:

* پیاوی مەرد سەبرت هەبێت دەچینەوە جێگەی خۆمان.

ئەو فرمێسکانە کاریان کردە سەری و لەو ساتەدا ڕقی لە ڤینۆگرادۆڤ و باڤرۆڤ بوەوە.. لە دڵەوە بڕیاری دا ئەوە بگەیەنێتە دەسەلاّتی بالاّ..شەویَ قەڵەم و کاغەزی خستە کار..نامەی چڕوپڕی بۆ کریملن نوسی ئەوسا چاوی چوە خەو .

ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کرد ئەو ئاواتەی زڕ بو.. چەند جاری تر ئەو پێشنیازانەی بەرز کردەوە .. دوای زەنگی مردنی ستالین ئەو تەمە لەبەر چاوی ڕەویەوە و یەکەم جار ڕێگەی مۆسکۆی درا و چاوی بە خرۆتشۆف کەوت.. هەمو ڕاز و نیازی دڵی بۆ هەڵڕشت و گفت و گۆی لەسەر کێشەی کورد و کۆماری مەهاباد و هەڤالانی کرد.. دوای

ئەوە ژیانیان گۆڕا و خۆشی کەوتە ناویانەوە و بە ئۆتۆمبێلەوە بەسەر هەڤالانیدا دەگەڕا.. لە دانیشگا و پە یمانگادا چاوی پێیان دەکەوت و ڕۆژانە لەگەڵ چونی بۆ کۆلیژی ئابوری تەمی هەوای خەیاڵی بۆ دەڕەخسا .. لەگەڵ بیرکردنەوەی وانەکانیا خونچەیان خستبوە دڵیەوە و چاوی بە کارەساتی خوێناویدا دەگێڕا و ڕۆژانە هەمو روداوەکانی دەبینیەوە و رانك و چۆغەی دەکردەوە بەر و بەسەر هێزی پێشمەرگەدا شەوقی دەدایەوە..بەو هیزەوە لە جەنگی عەرەب ئیسرائیدا بروسکەی بۆ شاسواری عەرەب نارد :

*خۆم و هێزی جەنگاوەری بارزان دوا دڵۆپی خوێنمان دەڕێژین لە پێناوی گەلی عەرەبی براو سەندنەوەی خاکی داگیر کراوی ژێر دەستی سەهیۆنیزم.. بفەرمون ئەو برایەتیەمان وەربگرن و بگەینە بەرەی جەنگ .

لەو ساتەشدا لە تیشکی شرینقەکە و کەشێتی ژورەکەوە ئەوانەی دیەوە و بروسکە مێشکی دەگرتەوە..وەك و ئەو کاتانەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلاوێژ گوێی زرنگاندەوە و پزیشکەکەش شرینقەکەی ئامادە کرد و قۆڵی هەڵکرد..بەو تەزووەوە خورپە گرتیەوە و وێنەی خەیاڵی کەوتنە سەر شە پۆل و بەرگی ژەنراڵیەکەی دەدیەوە.. وەك و ئەو ساتەی کە لەبەری کرد و چوە ناو لەشکری کۆمارەوە .

ئەو رۆژە بیرەوەری گەورەی ژیانی بو..کە بۆ یەکەم جار ناوی بە ژەنراڵ بلاو کرایەوە و ئالای کوردستان لە ژور سەریەوە دەدرەوشایەوە.. لەو ساتەدا لە هەمو لایەکەوە پیرۆزبایی لێ کرا و پێشەوا و سەرکردە و ئەندامانی حیزبی دیموکرات ئەم لاو لایان ماچ کرد و چە پڵە ڕێزان بەرز بوەوە .

بەو ئاواتەوە چوە ناو لەشکری بارزان و ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی کۆکردەوە و ناوی ئەفسەرانی کارامەی خستە بەردەمی پێشەوا کە لەشەڕی بارزاندا دەوری بالایان دیبو.. پە یمانی مان و نەمانیشی بۆ دو پات کردەوە :

*هەمو کەسی بارزانی تادوا دڵۆپی خوێنی پارێزگاری لە کۆمار دەکات .

لەو ساتەدا نوسەرەکە لیستەکەی کردەوە و ناوەکانی نوسی و پێشەوا ئیمزای کرد.
دوای ئەو بڕیارە کەوتە جوڵە و هێزی بارزانی کۆکردەوە و چەند تیپی سەربازی دامەزراند.. هەر تیپەی بۆ پارێزگاری شارێك نارد و ڕۆژی هەڵکردنی ئالآی کۆمار چەند تیپ بەشداری مەشقی سەربازی ئالآ هەڵکردن بون .
ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو هیوایەی چرۆی دەکرد و شنەی ئەو ئالآیە دەگەشایەوە و لە ڕوانینیدا یاری ڕاستەقینەیان دەکرد..بەو هیوایەشەوە مەشقی سەربازیانەی دەکرد..هەتا کرۆکی شەڕ هاتە بەر گوێی و باری گشتی وڵات توشی گومانیان کرد و ڕوانینی لەسەر کار بەدەستان بۆ دروست بو.. ڕۆژێك دو ژەنراڵ لەلای دانیشتبون لەگەڵیان کەوتە گفت و گۆ .. یەکەمیان سەبیلی بە لێویەوە نا :
*جەنگی جیهانی بەرەو کۆتایی دەچێت و ئێمەش ڕزگار دەبین ..یاسای نێو دەوڵەتی کارێکمان بۆ دەکەن .
ئەوەی گوت دوکەڵی بەرز کردەوە و لە ژورەکەی ڕوانی..ژەنراڵی دوەم لێوی خۆی کرۆشت :
*ئەوسا مەترسی زیاترە و هەر ڕوس بگەڕێتەوە تەواو .
*ڕوسمان لە پشتە و پە یمانیان بە پێشەوا داوە .
ئەوە کاری کردە سەر دوەم و دەستی بە ڕیشیدا هێنا و پە نجەی لە موەکانیدا نقوم کرد :
*ڕوس کافرە و پشتی پێ نابەسرێت .. پیشەوەریش ئازربایجانی داگیر کرد .
*ڕوس تەواو بوە بە برامان .
*ئەوەتا سەدان پلا نمان پێدەکەن و دەبێت بچینە ژێر ڕکێفی باڤروڤەوە ئەگینا هیچ ئاگات لێنیە .
ئەو قسەیە کاری کردە سەر ژەنراڵی یەکەم و مشکیەکەی بەرز کردەوە :
*باواش بێت گرنگ نیە دوایی دیاری دەدات .

ئەو كێشەیە شپرزەی كرد و مەترسی خستە بەر چاوی و لێوی خۆی كرۆشت و زەنگ لەمێشكیدا كەوتە لێدان .

ڕۆژی دوایی توشی دو نوسەری كۆمار هات لەسەر شەقامی گشتی شار دەستیان گوشی :

*بارزانی جێگەی ئومێدیت پارێزگاری لەم كۆمارە ساوایە بكە .. كە هەموی سەرۆك هۆز و شێخی ڕیش پانە .

ئەو قسەیەی بە هەمو سەربازی بارزانی گوتەوە .. ئەوانیش دەنگی ئازایەتیان بەرز بوەوە و دوای ئەوە كەوتە بیركردنەوە..بیری ئەو شێرە بەفرینەیەی كەوتەوە كە لە گۆڕەپانی شاردا دروست كرا بو..منالان بە دەوریەوە هەڵدەبەزینەوە و تۆپەڵە بەفریان دەگرتە یەك .

لەو ساتەشدا ئەوەی دیەوە و سەیری ئاسمانی كرد و یەكراست بۆ كۆمار كشا .. لەگەڵ هەمو ژەنراڵ و بەرپرسانی كۆمار كەوتە گفت و گۆ .

ڕۆژی دوایی لە بارەگای سەربازی هەواڵی شەڕیان بۆ هێنا و بێ ئارام بو .. كاتێك بروسكەی سەركەوتنی خوێندەوە نامەكەی لەسەر مێزەكە دانا و هاتەوە سەر خۆی :

*لە بەرەی عەقید عبدالكریم هەشتا سەرباز كوژراوە و سەد و بیستیش دیلە .

بەو بەختیاریەوە لە ژورەكەی چوە دەرەوە و یەكسەر چو بۆ لای پێشەوا ..هەردوكیان لە بارەگا هاتنە دەر و بە یەكەوە سواری جێبی سەربازی بون و جەماوەر و پێشمەرگەش لە سەر بان و شەقام و كۆڵانەوە سەیریان دەكردن..لەو كاتەی شۆفێرەكان سلفیان لێدا چەپڵە و هوتاف بەرز بوەوە ..ئەوانیش دەستیان بەرز كردەوە و هەناسەیان هەڵدەمژینەوە بەو گیانەوە بەرەو بەرەی شەڕ چون ..كاتێك گەیشتنە جێ سەرباز لە سەنگەر و سەر جادەوە هەستانە سەرپێ و هەمو بە پەنجەی شایەتی مەرگیان مۆر دەكرد ..ئەوانیش ماچیان كردن و مەدالیای ئازایەتیان لە یەخەیان دا.. پێشەوا چواردە هەزار تومانی بەخشیشی ئازایەتی دانێ هەتا بە سەریاندا دابەشی بكەن .

ئەو ڕۆژە سەمای ئازار و خەمی ئەو ماوەیەی وەری..بە بینینی دیلەکان بانگەوازی بەرگری بلاو دەکردەوە..قسەی لەگەڵ سەرۆك هۆز و فەرماندە و جەنگاوەراندا کرد و هەمویان سەریان دەلەقاند.

پاش ئەوە چووەوە ژورەکەی خۆی و نەخشەی ئێرانی کردەوە و کەوتە بیرکردنەوەوە.. دوا سات جێگەی بەرگری هێزی سەربازی کۆماری دیاری کرد..دوای ئەوەش ڕۆژانە بەسەر ئەو نەخشەیەدا دەچووەوە .

دوای دو هەفتە بروسکەیەکی تری گەیشتە دەست ..لەسەر نەخشە پەنجەی خستە سەر ناوچەی ملە قەرەنی و هێرشەکەی نیشانە کرد :

*هەر بژین ڕۆڵەی کورد دەیان زریّ پۆشیان سوتاندوە و جەستەی سەرباز لە ناو سەنگەردا نقوم بون .

ڕۆژی دوایی چو بۆ بەرەی شەڕ و ئەو زریّ پۆشانەی بینی کە سوتا بون..ڕەمزی سەرکەوتن بەر چاوی گرتەوە و دەستی خستە سەر شانی فەرماندەی جەنگ:

* محمد ئەمین تۆ هەمیشە ئەم قارەمانە ئەفسانەییە بویت .

دوای ئەو شەڕانە هێرشی ڕژێم بۆ چەند مانگێك کۆتایی هات..ئەویش ئاگاداری سەربازانی دەکرد..ڕۆژانەش لەگەڵ نەخشە کێشانی پارتێکی پێشڕەو لە کێشەدا بو.. هەتا نوێنەری کوردستانی خوارو گەیشتە لای بە یەکجاری ئەو بڕیارەیدا و هەوری ئازاری بیرکردنەوەی بە خوڕ دایکرد و ساتێك بە بێدەنگی لێی ڕوانی ..ئەوسا لەسەر کاغەزێکی گەورە نەخشەی کوردستانی کێشایەوە و دو جار ناوی پارتی نوسیەوە و ئەوی کرد بە نوێنەر و ناوی نا سەرکردەی یەکەم و بۆ کوردستانی خوار و ناردیەوە .

بەو گرەیەوە چرکە و ڕۆژ و شەو لەسەرقاڵیدا بیری دەکردەوە..ڕۆژێك لەگەڵ ئەفسەرێکدا ئەو گفت و گۆیەی دەکرد .. ڕۆشنبیرێك هاتە بەردەمی:

*بارزانی .. پێشەوا لە تارانە دەبێت لەخۆی و ڕوسیا دو دڵ بێت ؟

*ئەوە پێشەوا دەیزانێت هەڵبەتە ئەو کێشەیەی لێك داوەتەوە .

لەو ساتەدا نوقمی بیرکردنەوەی فۆتۆیی بو..وێنەی ئەو دو لاوەی بیر هاتەوە کە ئەو ئێوارەیە دەستیان لە دەستی یەکتر ترازاند :

* پێشەوا لە تارانە تۆش بچۆ .

*مادام ڕیش پان و شێخ و ئاغا بون بە تاجی سەر سەری کۆمار .

کاتێك چاویان پێکەوت شڵەژان و ئەویش و لە ژێر بانیژەوە بە دارێکی دو پەلکدا بۆ ماڵەکە سەرکەوت.

ماوەیەك ئەو غەمە گرتیەوە و ئەو قسانە لە مێشکیدا مایەوە..لەگەڵ بیستنی شەڕی ئازربایجان ئەو نیشانەیە مێشکی پێچاو یەکسەر چو بۆ میاندواب و هێزێکی نارد بۆ شاری تەبرێز..لە نیوەی شەودا گەڕانەوە و خەمی ڕوخاندنی ئازربایجان ژانی خستە دڵیەوە و پەنجەی خستە ناو دەمی :

*ئازربایجان نەڕوخا بو بە نەقیزەش شەڕیان نەدەکرد تازە هیچ .

لەگەڵ بڵاو بونەوەی ڕاکردنی پیشەوریا گرژ بو یەکڕاست چو بۆ لای پێشەوا :

* پێشەوا دەمەوێت بڕیار بدەین با بەرگری بکەین .

پێشەوا لەسەر کورسیەك دانیشتبو هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشا :

*من بێکەسم و دەمەوێت میلەت خوێن نەڕێژێت .. سەیفی برامم ناردوە گفت و گۆ لەگەڵ دەوڵەت بکات پەیمانی لێبوردنی داوە .

ئەو قسەیە کاری کردە سەری و هەناسەی ئازاری هەڵمژی و بە گیانێکی خەفەوە وەڵامی دایەوە :

*نەکەی پێشەوا تۆ باوکی کوردیت و بێکەس نیت..ئێمەی بارزانی تا دوا دڵۆپی خوێنمان پارێزگاریت دەکەین ..تەسلیم مەبە با لە شار بچینە دەر و شەڕ بکەین .

پێشەوا دەستی بە گیرفانیدا کرد ئاڵای کوردستانی دەرکرد :

*بێکەسی من دەردێکە خۆت دەیزانیت چیە؟ئەوە لەشکری کۆمار و ئەوەش پەیمانی دۆستان.. هیوام بە تۆیە سەرکردەیەکی مەزنیت ئەم ئەمانەتیەی کوردستان بپارێزە .

پێشەوا گریا..ئەویش فرمێسك بەرچاوی گرتەوە و بەو دەرونە گەرمەوە لە ژورەکە هاتە دەر.

خەڵکی لە هەمو لاوە سەیریان دەکرد و چەرچەفی تازەیە باری خەم هەمو کەسێکی گرتبوەوە و منداڵان دەگریان و ژنان دەکڕوزانەوە .

ئەو دیمەنانە کاریگەر بون لەلای چاوی گریانی بەسەر خاك و سروشت و جەماوەردا گێڕا و کتوپڕ ئەفسەرانی کۆکردەوە و لە شار چونە دەر.. ژن و منداڵ و پیاو بە ژێر باڵی سەرمای زستاندا بەرەو گوند و چیا هەنگاویان دەنا .

بەو جۆرەش ئازارێکی گەورە گرتیەوە و سەیری دەکردن و فرمێسکی دەباراند..دوا جار لەسەر چەقی ڕێگەکە وەستا هەتا دوا کەسیان ڕۆیشت ئەو کاتە ئاوڕی دایەوە :

*ئێمە بارزانین هەرگیز نەمان زانیوە مردن چیە ؟ .. ئەگەر لەبەر قسەی پێشەوا نەبوایە ئەوە دوا کەسمان خۆمان بەخت دەکرد .

بەو قسەیەوە ڕۆژی هەڵکردنی ئالاّی کۆماری بیر هاتەوە و گریا و وەك ئەو ساتە لە گۆڕەپانی چوار چرای ڕوانیەوە.. نەخۆشی کوشندە ڕوحی گرت و بە ئازاری زۆرەوە ڕوی وەرگێڕا.

وڕەی ئۆتۆمبیلی سەربازی دەهاتنە بەرگوێ..لەگەڵ تەم و مژی تاریکی ئاسمان و هەوای ساردا تێکەلاّو دەبون و دیدەیان دەپۆشی.

لەو ساتەشدا لە تیشك و ڕەنگی شرینقە و کەشێتی ژورەکەوە ئەو وێنانەی لەلا زیندو دەبوەوە هەر وەك واشنتۆن توابێتەوە . شنەی خۆ خواردی وێنەی ئەزەلی بونی سەرتاسەری دەیگرت و بەسەرگەلاّی چیای سەرکەشەوە دەنیشتەوە و وێنەی ئازار و خوێناوی دەبینیەوە.

**٧ فـەزای ژورەكـە بـە ئەفسـانەی زەمـەن ئاوێتـەی شە پۆلی نەبین ببو..رەنگ و دەنگ و شێوە و روخسار لـە نیگایـدا لـە بوركـانی رۆحـدا دەتوانەوە و بە فەزادا دەكشان ..ملیۆنـان رۆح لە جەستە جیا دەبونەوە و سەر لـە نـوێ تۆو چەن دەبونەوە و بە هەزاران موروی ئاودارەوە بـە گوێیـدا دەهاتنـەوە ..وەك ئـەو دەنگانەی لە ژێر زەمینی خەفەی بارزانەوە گوێیان دەزرنگاندەوە و لە فەزاوە تێكەڵاو دەبون و تـارای خوێنـاویـان دەپۆشیەوە و بـە لێـدانی زەنگۆڵـەی مەرگـەوە بایەقوشـی كوشتار دەیخوێند و بانگەشەی شەڕ ئاسمانی ناوچەكەی گرتەوە .. بـەو چەرچـەفەوە كۆبونەوەی بە ئەفسەران كرد و لەسەر بـەردێك وەسـتا .. دوا نیگـای لـە دەور و بـەری گرت و دەستی بە ملی ئەسپەكەیدا هێنا و خۆی هەڵدایە سـەر زینەكـەی و سـاتێك لـە سروشت وردبوەوە و لوتكە و بناری خوێندەوە ..ئەوسا لغاوی ڕاكێشا و تـاقە سـوارە بـۆ سەر لوتكەكە كشا..دەستی ئەسپەكەی لەسەر هەورازەوە لە ژێرسێبەری بەرزایی شـاخ و كێودا پەلیان لێ دەبوەوە..بە تیشكی خۆری لا پاڵیشەوە وێنەیـەكی تریـان دەكێشـا وەك و بۆ سەر كاكێشان سەر بكەوێت.**

**كاتێك گەیشتە سەر لوتكە ئەسپەكەی بە لقە دارێكەوە بەستەوە و چوە سـەر بـەردێك و بـە دوربـین كەوتـە ڕوانـین..نوختـە بـە نوختـە لوتكـە و بنـار و دۆڵ و ڕێگـای بینیەوە..ئەوسا سێ خەتی كێشا و چەند بازنەیـەكی دروسـت كـرد..دوا جـار چیلكەی لەخۆڵەكە چەقاند و هەستا و سواری ئەسپەكەی بوەوە .**

**كـاتێك گەیشتەوە بـارەگا یەكڕاست لەگەڵ ئەفسەراندا كۆ بـوەوە و نەخشـەی سـەنگەر گرتنی كێشا :**

*سێ هێزی سەرەکی لەو سێ ناوچەیەدا دادەمەزرێت و هێزی چوارەم سێبەری هەمو سەنگەرێکتانە .

دوا جار دەستی مستەفا خۆشناوی گوشی :

*ئەمە شەڕی مان و نەمانە دەبێت کارێك بکەین پاشگەز بونەوەی لامەرکەزیان لێ بکەین بە دۆزەخ..سێ جێگەی ستراتیژی بە دەستمانەوەیە و چیا و باوەڕی بەرزی شۆڕش پشتیوا نمانن.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە کتو پڕ پشوی ئەو ئازادیە وەری کە دو ساڵ بو ناوچەکەی گرتبوەوە و لە سێ قۆڵەوە هێرش کرا.. هێزی ئاسمانی و زەمینی بەشدار بون ..دەیان ناپاڵم بەسەر بارزان و ناوچەکەدا تەقیەوە و تۆپ بە ڕیز لەسەر سەنگەر دەکەوتەوە و بەسەر دار و بەردەوە دەکفا..سەربازیش کەوتنە هێرش..خاك و خۆڵ وەك و تنۆکەی باران گولەی دەگرتەوە.

ئەو هێرشە نیشانەی ترسناکی خستە بەر چاوی و یەکسەر چوە بەرەی شەڕ و بە دوربین سەیری ناوچەکەی کرد..ئەوسا نەخشەیەکی سێگۆشەیی کێشا و لە مێشکی خۆیدا هێشتیەوە و دوای ئەوە بازنەی هێرشی رژێمی گرت و لەسەر دوا سەنگەریان دانیشت ..سەیری کردن هەتا دەنگی گولە کپ بو.. پاش ئەوە زەردەی سەرکەوتن گرتیەوە.

لەو ساتەدا فیداکارێك هاتە بەردەمی دو تفەنگی بە شانەوە بو بانگی کرد:

*وەرە سەعید ئەو تفەنگە چاکەت چۆن دەست کەوت .؟

سەعید شاگەشکە بو:

*سەیدا چوار سەد و هەشتا جەستەم بژارد تفەنگێکی وایان پێ نەبو هەشتا دیلەکەشم پشکنی تا ئەوەم دیەوە..ئەمەش هی شانی ئەفسەرێك بو .

بەو قسەیە مات بو ساتێك بیری کردەوە و خورپە و بێ ئارامی گرتیەوە :

*ئەو كوشتارەم پـێ خـۆش نیـە و ئێمـە تـەماع ناكەینـە سـەر گیـانی كـەس ..بـەڵام ناچارین پارێزگاری شەرەفی خۆمان بكەین .

بەو ژانەوە هەنگاوی هەڵهێنایـەوە و چـوە نشـێویەوە..تـەرمی پێـنج فیـداكار لەسـەر تـاشـە بــەردێك ڕاكێشـرابون..ولاّخـیش لـە لەوەڕێكـدا بەسـترا بونــەوە و حیلــەیان دەهات..ئەویش خە نجەری دەركێشا و چەند چڵە دارێكی بڕیـەوە و لەسـەر تەرمـەكان ڕیزی كردن..ئەوسا لە تەوژمێكی ئازاراویدا مات بو .

لــەو كاتــەی گۆڕەكانیشـیان هەڵكەنـد و دایــان پۆشـینەوە بــەو تەوژمــەوە دڵۆپــە فرمێسكێك بەرچاوی گرتبو .

ئەو دڵۆپەیە هەمیشە بەسەر پێڵویەوە دەبینرایەوە..لە دوا ساتیشـدا لەگـەڵ خـۆڵ و تەمی تـاری ئـاسمان ئەو وێنەیەی بۆ ڕەخسا و ئەو زامەی كەوتەوە سەر دڵ كـە لەسـەر دوا تــەرمیان بینیــەوە و ئــارامی نــەما و فلیمــی بـیرەوەری زامێكـی سـەخت دەهاتــەوە بەرچــاویەوە .. وێنــەی ئــەو ســاتانەی دەدیــەوە كــە وەك و كــۆتری سـرك دەهاتــە روانینیەوە.

ئەوە لە شەڕی سەرەتـایی بـارزانـدا بـو.. لـە نـاوچـەكەدا بـە شـێت نـاسـراو بـو نهـێنی دڵیشی ئاشكرا بو ..لەو ساتەی مەلی عەشقی هەڵدەفڕی و ستاری لێدەبڕا چاوی وەك و هەوا دەكشا و شێتی دەیگرتەوە و دەكەوتە هاواری دەرونی..چەند ڕۆژێك دوای ئــەوە یەكەم كەس بو لەو هێزە جیا كرایەوە و لە ناو دێیەری خوار ئاواییا ڕیز كران .. شـێخ ئەحمەد دەستی بەرز كردەوە :

*دەچن بـۆ توركیـا دەبێـت قـارەمـانی بنـوێنن..ئەرمـەن تەنگانەیـانـە و هانـایـان بـۆ بـارزان هێنـاوە و كارێكە ئەركی سەر شا نمانە لە كوشتار ڕزگاریان دەكەن.

ئەو قسانە لـە مێشـكی حەمـەدا بـو وەك و كـۆتری سـرك پـێش هێزەكـە كـەوت ..لـە شەڕەكانیشدا ڕوبەڕوی مەرگ دەبووەوە و لە دڵەوە گۆرانی دەگوت .

ئەو گرەیە بە جۆرێك گرتیەوە ئەندرانێکش هەستی پێکرد و پێش ئەوەی لە یەکدی جیا ببنەوە ئەوەی پێدرکاند:

*حەمە دەگەیتە ئاوات بارزانی خۆشی دەوێت ئەمجارە شایت بۆ دەکات.

ئەوە حەمەی توشی خۆشی کرد و بەو هێزەیەوە هەنگاوی دەنا و کاتێکش گەیشتەوە بارزان مانگی تەواو نەکرد شایی کرد .

ئەوە پتر لە بیست و سێ ساڵ بو ببونە ژن و مێرد ..خۆشەویستی ئەو و مریەم بەسەر زمانی خەڵکیەوە بون..لەو ساڵەشدا مریەم بە بۆمبای فڕۆکە کوژرا و تاقە کوڕەکەشیان پێش سێ ساڵ بە نەخۆشی گیانی داو مرد.. حەمەش دەستی لە ژیان بەردا و لە شەڕدا گولەی دەگرتەوە هەتا دوا جار دڵی گرت.

لەو ساتەشدا ئەو خوێناوە لە گیانی دڵدارانەوە لە ڕۆشناییدا زیندو دەبونەوە..لەگەڵ گێژی تەپو تۆزی سەر گۆڕەکەدا چاوی هەڵدەفڕی..ئەو ئازارەی تەنیا بەو خوێنەوە نەوەستا و چاوی بەسەر دەیان تەرمی تردا گێڕایەوە..فڕۆکەش ئاگر بارانی ناوچەکەی دەکرد و هاژە و داڕمین و کەوتنە خوارەوە لە سروشت و گیاندار و مرۆڤ و دار و درەخت و گەلای وەریوی بێ نەوا لەسەر گەردونی دڵی دەگێرسایەوە و بەو وێنانەوە فرمێسکی دەڕشت.

جارێك ئەو دەرونەی بەسەر تەرمێکدا باراند:

*تۆ منداڵێت تۆڵەت لەلای خوا و لە دڵی ئێمەدایە.. ئالای ئازادی لە خوێنی بێتاوانیتەوە دەشەکێتەوە .

بێ ئارامی گرتیەوە و بە سەر بورکانی ناخیدا حەژمەتی باراند و ڕوخساری شەڕ و خاك و خوێناوی دەهاتەوە بەرچاوی..دەنگی فڕۆکە و زرمەی تۆپ و شەستیر لە دڵیدا کاریگەر ببون.

لەو ساتەدا وێنەی ئەو فڕۆکەیەی هاتەوە بەرچاو کە فیداکارێك بە تفەنگ خستیە خوارەوە و سوتا..بەو وێنەیەوە دەنگی هەڵبڕی :

*بڕواو خۆڕاگری لە فڕۆکە و تۆپ و شەستیر ئاگر و ئاسن بەهێز ترە..ساڵ مەکەن و بڕۆن پارێزگاری ئەم نیشتمانە بکەن .

بەو قسەیەوە کەفی ژەهراوی سەر خاك و بەرد و دار لە نیگایدا دەتوایەوە و هەڵدەکفا.

لە کەفی شرینقەکەیشەوە هەمو ئەوانەی دیەوە و ئاوێنەی هەست و نەستی شەوقی دەدایەوە و بە کەفی ئەفسانەییەوە دەتوایەوە و لە کەفی خواوەندیەوە نیگای ئاوێنەیی تیشکیان دەدایەوە و لە ئاوێنەی بوندا بورکانی خەفەی دەتەقیەوە و ئەو چرکەیەی لێ بو بە هەمو تەمەن و لا پەڕەی مێژوی خوێناوی.. وەك ئەو ساتە ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دەهاتەوە بەر چاو کە ئاگر شەستەی بەسەر سەنگەر و ناوچەی بارزاندا دەکرد.

ئەو مانگە لەو شەڕە خوێناویەدا چەندین فڕۆکە کەوتنە خوارەوە و بە دوربین سەیری دەکردن..ئەوە زامی سارێژ دەکرد و لە سەنگەری پێشەوەدا نیشانەی دەگرتەوە ..بەو روانینەوە گەلای مەرگی لە هەمو لایەکەوە دەدیەوە و دەنگی فڕۆکە و تەقینەوەی تۆپ و بۆمبا گوڵ و گەلا و باخیان دەژاکاند.

ڕۆژێك بەو وێنە خوێناویانەوە دەماری بەرز بونەوە و لەناو لالەزارێکدا دانیشت و لە گوڵی ژاکاوەوە هەناسەی هەڵدەکێشا.. پاشان قەڵەمی دەرکرد و کەوتە نامە نوسین .. رۆژگاری رەشی بارزانی بۆ هەمو ناوچە و و سەرۆك هۆز و لایەن و حیزب و ڕێکخراو تۆمار کرد:

*لە پێناوی بەرگری لە کوردستان ئاگر و ئاسن بارانی پەڵەی تەمە نمانە.. با هەمو ببینە یەك کێ دڵسۆزە با هاوکاریمان بکات بە رۆح و ماڵ و جەستە.

پاش نوسینی دەیەها نامە هەڵسایە سەر پێ:

*میلەتێکی شیرازە پچڕاو و بێکەس و هاوڕێین .. ڕۆژی ڕا پەڕینی سەرتا سەریە دەبو ئێستا هەمو عێراق پێکەوە دژی ئەم ڕژێمە بۆگەنە ڕابپەڕیایە .

سوتانی شاخ و کێو و دەشت و دارستان و جەنگەڵ و باخچە و ڕەز و کێڵگە بە وێنەی منالڵ و پیر و لاو و ژنەوە دەبون بە سرودی مێشکی و بیری لێ دەکردنەوە..زریکەی منداڵ لە چارۆکەی سەر پشتەوە شە پۆلیان دەدا و بەو وێنەیەوە چۆقەی مەرگ دەیگرتەوە .

گریەی منداڵێك بروسکەی خستە دڵیەوە چڵم دەم و لوتی دا پۆشی بو لە سەر تاشەبەردێك دەکڕوزایەوە ..کاتێك بینی دانەویەوە و ماچی کرد و لە ناو ئەشکەوتەکەی ڕوانی بە هاوار و ناڵە و گریەوە بێ ئارامی گرتیەوە و بەو ئاماژایەوە بە ئازارەوە بەرە و خوار بووەوە.

ئەو تەوژمە لە ناڵە و هاواری خەڵکەوە تەواو گرتیەوە..لەگەڵ کڵپەی شەڕیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیان دەسەند.. هەتا ئاگر باران ناوچەی بارزان و دەور و پشتی بە تەواوی سوتاند و هەموی بە ناچاری کەوتنە سەر کۆچ..دەیان ئەسپ و ماین و کەر ولاخ بە بارەوە بە هەوراز و نشێویدا سەر دەکەوتن.

ساتێك لە بنارەوە تا لوتکە سەیری کۆچی کرد و لەسەر بەردێك وەستا دەستی ڕاگرت هەتا هەموی سەرکەوتن..ئەوسا نەخشەی گەڕانەوەی بنکە بە بنکەی کێشا و دوا هێزی لەسەر لوتکەی شاخەکە هێشتەوە و لە وێوە لە دو سنوری دەڕوانی..لە ئالای کۆماری مەهابادەوە کوردستانی خواروی دەدیەوە .

لەو ساتەشدا لە تیشکی شرینقەکەوە کەوتەوە ناو کەفی ئەو شۆڕشە خوێناویەوە.. وەك و ئەو ڕۆژانەی سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی دەکرد ئەو دەنگانە گوێیان دەخرۆشاندەوە.

چەند چرکە بو ئەو تەوژمە گرتبویەوە هەر لەو ساتەی پزیشکەکە لە پشکنین بووەوە ئەو هێزە گرتیەوە و بڵاو بونەوەی نەخۆشی بە جەستەیدا وەك و تێزاب تواندیەوە و خستیە گەرداوی ئەفسانەیی و گومان و هەست و نەستی تێکەلاو بون و خورپەیەکی دەزولەیی گرتیەوە و دیمەنی شۆڕش هەمو روانینی پۆشیەوە و بروسکە و دەنگ و

هاوار لە گەردونی رۆحیا دەتەقینەوە و لە روانینێکی فۆتۆییەوە وەك جاران لە کەشێکی نادیاری تێکەڵە زەمەنا رۆحی بۆ ئەو دیوارانە دەگەڕایەوە کە لە قوڕ و بەرد دروست کرا بون و بە دار و حەسیر و خۆڵ دا پۆشرا بون ..لەوەوە وەك ئەو ساتانە لەو بۆتەیەدا دەتوایەوە .

ئەو خورپەیە زۆر جار لەسەرەتای ئەوە شۆڕشەوە گرتبویەوە.. خاڵ و بڕیاری ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنوسین زۆر لەلای گرنگ بون بە قوڵی کێشمەکێشمی لەسەر دەکردن و ببونە خۆرەی جەستەی و ئەگەر بستێك لەخاکی کوردستان بقرتایە خورپە و لەرزی سەرتاسەری دەیگرتەوە.

جارێك ئەو موچڕکەیە دڵ و رۆح و مێشکی گرت..کاتێك نوێنەری میری قەڵەمی بە مێزەکەدا کێشا :

*کێ ئیسپاتی دەکات کەرکوك کوردستانە ؟

ئەوە تەواو کاری کردە سەری و حەژمەت گرتیەوە :

*من ..کەرکوك نەك کوردستانە بەڵکو دڵی کوردە و ئێوە داگیرتان کردوە..هەر کات دەسەلات بو لەچاوتان دەری دێنم..ئەگەر نا با هەر بە داگیر کراوی بمێنێتەوە هەتا رۆڵەی کورد دەرفەتیان دەبێت و ڕزگاری دەکەن .

هەمیشە بە کێشەی کەرکوك دەکەوتە گەرداوی ژانی مەرگاویەوە..دوای برینداری بونیشی لە گفت و گۆی چوارساڵیدا بەو زامەوە چوە ناو کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی و بەو دڵۆپانە نەخشەی کەرکوکی کێشایەوە:

*شەڕ لەسەر من هەڵناگیرسێت..جارێکە ساڵێك و چەند مانگێك بەسەر گفت و گۆدا ڕۆیشتوە .. تەنیا کاتێك دەکەوینە ئەوەی ناچاری شەڕ دەبین لەسەر کەرکوك .

دوکەڵ و گڕی نەوت هەمیشە لەبەر چاویدا بو هەر کاتێك بیری لێبکردایەتەوە مێشکی دەکەوتە سەر ئازار ی مەرگ و ئێسقانی دەسوتاند ..بەردەوام حەزی بە گفت و گۆ بو لەسەری و لە هەمو باس و هەواڵێکی ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی راستەو خۆ لەگەڵ

سەرکردەی دە و نۆو چوار و هەشتا کۆدەبووەوە و بە قوڵی قسەی لەگەڵدا دەکردن..جارێك تەواو جەستەی کەوتە سەر خرۆش کاتێك نوسەرانی کەرکوك هاتنە لای چە پکێك گوڵیان خستە سەر لبادەکەی ..خۆشی گرتیەوە و بە خەیاڵی نەبینەوە گوڵ و کەرکوکی خستە دڵیەوە و لە ناخی خۆیەوە دوا و دوا جار ئەو پەیمانەی دوپات کردەوە:

* پە نجەم کرد بە چاوی نوێنەرانی رژێما و پێم گوتن : بە درێژایی بەری رۆژهەلاتی کەرکوك لە باکور و باشوریەوە هەتا پتر لە سەدەها کیلۆ مەتر بۆ دواوە و لە بەشی باکوریشی هەمان شت و بەشی باشوریشی تا ئەو دیوی چیای حەمرین و زیاتر لە نیوەی بەشی رۆژئاوایشی هەموی کورد و کورد نیشنە بە زمان و بەرگ و شارستانی و ئاین و رەفتار..ناو شاریش ئاسمانی کەرکوك وێنەی ئالای کوردستانە کە داگیر کراوە.. جگە لە سیاسەتی دا پلۆسێنەرانەی ئێوە کامەیە نا کوردستانی بونی کەرکوك ؟.

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.. یەکێك لە نوسەران قەڵەمی لە سەر کاغەزەکەی لابرد:

*دەیانەوێت سیمای بسڕنەوە بەلام کەرکوك خۆی زمانی کوردە و هەردەم هاواری کوردایەتی دەکات.

بەو ژانەوە مژی لە سیغارەکەی دا و دوکەڵی بەرز کردەوە:

*ئەوەم بە رۆژنامە نوسانیش گوت ..کە کەرکوك کوردستانە و ئێمە تەنیا داوای مافی خۆمان دەکەین لەسەر چی سەنگ و سوکی بکەین..؟دڵنیا بن ئەگەر وەکو حەزرەتی موسا بیخەنە سندوقەوە هەر هاوار دەکات دەڵێ کوردستانم.

بەو قسەیەوە کۆکی و سیغارەکەی لە قوتویەکدا کوژاندەوە و ئەوانیش هەستان و لێیانڕوانیەوە.. دوا جار سەرکردەی شەش دەستیانی گوشی و زەرفێکی دایە دەستیان .. سڵەمینەوە و وەریان نەگرت ..سەرکردەی حەوت هاتە پێشەوە:

*دیاری بارزانی پیرۆزە وەریبگرن.

کاتێك چونە دەر هەستا تێر چە پکە گوڵەکەی مژی و ئاوازی سیحری بۆ دروست بو..بەو جۆرە بە بۆنی خۆشەوە و کەوتە بیر و شیکردنەوەی مێژوەوە و پاڵی دایەوە و لە سیواخی دیوارەکەی روانی ..قلش و درزی ورد وێنەی جوگرافیایان لە بەر چاوی دەکێشا..بەو روانینەوە قەڵەمە زەردەکەی بەدەستیەوە گرت و کەوتەوە خەت هێنان بەسەر را پۆرتێکی رۆژنامەی خەباتدا.

ئەوانە ئەو تەوژمانە بون کە لە ژیانیدا هەبون..لە شەوقی ئەو گولانەوە بەرامەی یادەوەری ئاهەنگ سازی گەلای زەمەنیان لە نیگایا دەکرد.

لەو ساتەشدا لە کەفی شرینقەکەوە ئاوێتە ببون و لەگەڵ بروسکە و پیرۆزبایی گەلانی ئێران وەك و زەنگ مێشکی دەگرتەوە ..ئەوە دوا خونچە و گوڵی گەشاوەی بو..چاوی لەناو فرۆکەی گەڕانەوەدا هەڵدەفڕی..سەدان هەزار لاو و کچ و نیشتمان پەروەر لە ڕوانینیدا بون .

چەند ڕۆژ بو ئەو نەخشەیە گرتبویەوە و دڵداران باوەشیان بۆ دەگرتەوە..نەورۆزی ئەو ساڵەی بە ئاهەنگی سەرفرازی دەزانی..لەو ساتەشدا ئەو بروسکەیە گرتیەوە و وەك و کۆتری سرك لە زیندانی ڕەشەوە دەهاتنەوە بەر چاوی و بانگەوازیان دەکرد .

بەو هێزەوە زمان و مادەی بەو ڕەمزە دەزانی و ئەڤینی بە نیشتمان و گەل و ژیانەوە بەرجەستە دەکرد و هەمیشە دەزولەیی لەسەر چڵ و گەلاو خونچە و گۆپکەوە دەیدینەوە و شیلەی خۆشەویستیان لێ دەتکا..بەو جۆرەش دڵداران لە کۆڕی خەباتدا لەسەر سنگی ئازادی ئەو ڕاستیانەیان دەگوتەوە.

ئەو ئاهەنگە بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر لە ڕوانینیا یاریان دەکرد.. لە ئاوێنەی شۆڕشدا دەبونە جوانترین تابلۆی نەمر لەلای.. لە دەرەوەی بیری پارتیشا ئەو ڕوانینەی هەبو..ڕۆژێك لە سەر جەستەی پێشمەرگەیەك دڵی پڕ بو:

*شۆڕش بەو بڕوایەوە سەر دەکەوێت ..لەو ئاهەنگ سازیە ڕۆحیەی لە ناو پارتیدا هەیە..کاژێکە و لە سەنگەری خەباتی نەتەوەدا شەهید بوە.. زۆر فەرماندەمان هەیە کاژیکن.. وەك و گەڵای نیشتمان سنگیان خستۆتە بەر با.. ئەمەیە ڕەمزی خەبات نەك براکوژی .

ئەو وێنانە کاریان کرد بوە سەری و ئەو گڕەیە هەمیشە دەیگرتەوە و پەرەیان دەسەند وەك و گوڵ جەستەی دەخرۆشاند.. جارێك سەودای عەشقێکی بەهێزی بە کوژاوەیی بینیەوە بە لەرزینەوە پە نجەی درێژ کرد و وێنەی خەیاڵی بۆ ڕەخسا..لەوەوە ئازاری زۆر گرتیەوە و وەك و جاران وێنەکەی خستەوە بەر چاوی و بە تەمەنی هەژدە ساڵانەیەوە لە ئەفسونی دوچاویەوە دەزوی دو عەشقی مەزن دیاریان دەدا مەرگ لە چاوی دەخوێنرایەوە.

کاتێك بە برینداری لە نەخۆشخانەی حاجی هۆمەران بینی خەم دایگرت..تەقەڵی نەشتەرگەری دو وشەی لەسەر سنگی لەت کرد :

*ئاخ کوردستان و شنۆ.

لەو ساتەدا قسەکەی غاندی بیر هاتەوە :

*جوانی لە دڵی دڵدارەکان ..حەقیش لە بازوی کرێکاران و رەنجدەران.

هەمیشە لە کۆبونەوەی یەکێتی ئافرەتاندا ئەو راستیانەی دوپات دەکردەوە ..هەزاران دڵدار بەو بێلانەیی و هێزەوە سەودا سەری مەرگیان دەکرد و لە دڵیدا هیلانەیان دەکردەوە.

یەکەم جار ئەو هێزە لە تەمەنی مێرد منداڵیەوە گرتیەوە ..لە گەشتێکی گەورەدا کاتێك شێخ ئەحمەد بە شێخ عبدولرەحمانی شرناخی ناساند.. خۆی گۆڕی و رانك و جۆغەی خورمایی کردە بەری و پشتێنی توند و تۆڵی بەست و کڵاو و جامانەی پێچایەوە و فیشەکدانی لە خۆی داو تفەنگی کردە شان..تورەکەی بەرگ و کەلوپەلی گەڕانی بە شانیا دا و بەسەر ڕێ و لا پاڵ و قەد پاڵ و لوتکە و بناردا هەنگاوی دەنا و

چاوی دەبڕیە سروشت..چرکە بە چرکە بە ڕۆچونی قولایی جیهاندا سام و ترسی دەشکا.. ئەو هێزە لە مندالیەوە هەییو.. بە لاسایی ڕاستی مەرگەوە پە نجەی بە پەلە پیتکەدا دەنا و پرۆڤەی سەرکردایەتی دەکرد..چەندان نیشانەی ورد وخاش کرد و فیشەکی بە مەل و کۆتر و مراویەوە دەنا..چەند جارێك مەل و کەروێشکی گلاند و بە چەقۆ سەری دەبڕین و لەسەر ئاگرێکی خۆش دەیان برژاند.

چەند سالێك بو گرانی کۆتایی هاتبو زەوی بە سەوزایی و ئاو و چریکەی مەل ڕۆشن ببو..کاتێك لە گوندێك نزیك بونەوە .. شەکەتی خۆی و هاوڕێکەی گرتبووەوە و برسی و تینو بون لەسەر ئەستێلێك دەست و دەم و چاویان شت و ئاویان خواردەوە..لاوێك لەسەر گردێکەوە هاتە خوارەوە و فەرموی کردن بۆ مالەوە.. لەگەل هەنگاو ناندا لەگەلیا دوا :

*ئێمە بۆ لای شێخ سەعید هاتوین دەمانەوێت گفتو گۆی لەگەلدا بکەین بۆ شۆڕشی دەرسیم .

*منیش زامدارم و ماوەیەك مۆلەت دراوم و پاشان دەگەڕێمەوە .

بەو قسانەوە گەیشتنە مالەکەیان..دایکی هات بە دەمیانەوە و جامێك دۆی بەدەستەوە بو..بەخێرهاتنی کردن و دۆکەی خستە بەردەمیان و ئەویش هاوڕێکەی خۆی پێناساندن :

*شێخ عبدالرحمانی شرناخی .

لاوەکە سەیری کرد :

*ناو بانگتم بیستوە .

بەو قسەیەوە چوە دەر پاش ماوەیەکی کورت سینیەکی گەورەی هێنایە ژور..تاوەیەك هێلکەو ڕۆن و قاپێك ماست و سەلکێك پەنیرو بەستەیەك نانی لەسەر بو.. ئەوەی دانا و چوە دەر..ئەویش لەو تەوژمەدا نوقم بو..کاتێکش خوا حافیزی کرد هەر لە گەرداوی ئەو دایك و کوڕەدا بو..لە کاتی دیدەنی شێخ سەعید و سەرکردەکاندا هەمان

تەزو لەبەر چاویدا بو.. لە گەڕانەوەشدا بە یاری ڕۆحیەوە لەگەڵ سروشتدا کەف چڕینی خوێنی دەسازاند.
کاتێکیش گەیشتنەوە ناو گوند چاوی بۆ گێڕا و نەیدیەوە بەو بیرەوە هەواڵی پرسی.. ڕیش سپیەك ئەو داخەی هەڵڕشت:
*لەگەڵ دڵدارەکەی گرتیان و بە گولە کوشتیان ..مستەفا تاقانە شۆخی ئەم ناوچەیە بو.. هەمو ئاخمان بە تەمەنی دەخوارد.
ئەوانە داخێکی گەورە بون لەلای هەر لە سەرەتای مێرد منداڵیەوە دەزولەی عیشقی بە هێزی لە بن نەهاتو دەزانی و عیشقی تاقە کیژێکیشی نەکرد وخەون و ڕوانینی ببوە پەرچەمی تێکۆشان..هەر لەو ساتانەی چاوی کرایەوە کەوتە سەرکردایەتی و خۆشەویستی کوردستان جێگەی هەمو ئەڤینێکی گرتەوە و ئافرەتانی بە خوشك و دایکی خۆی لە قەڵەم دەداو یەکەم ژنیشی دڵداری نەبو پێشکەشی کرا ..بیر و پەیمانی بڕوایەکی پتەو بو بە کوردایەتی و بە ئیسلام.. هەمیشە ئەو باوەڕەی دوپات دەکردەوە..ئەوەش لە ژیانیدا ئاسایی بون ..لە هەمو ساڵانی دەست بەسەری و ئاوارەییدا ژنی لەگەڵدا نەبو.. چاوی لە هەمو جوانیەکیش دەنوقاند و لەگەڵ ئەوەشدا هێزی عاشقانی لە هەمو شتێك بە پتەو تر دەزانی و لە ئاوێنەی بوندا ڕەنگیان دەدایەوە و مانای شۆڕشیان زیند و دەکردەوە و هەمیشەش کەفی ئەو مردنە لەبەر چاوی زیندو دەبوەوە..لەو کاتانەی بیری لیّ دەکردەوە دەکەوتە ژان .
لەوەوە وێنەی ئەو سەربازەی بیر دەهاتەوە کە لە شەڕی سەرەتای بارزاندا لە ژێر تاشە بەردێکا بینیەوە.. وێنەیەکی بە سنگیەوە گرتبو..ئەوە کاری کردە سەر دەرونی و دانەویەوە و وێنەکەی هەڵگرت.. کچێکی شۆخی چاو ڕەشی قژی زەرد.. پێست گەنم ڕەنگیەکی ئاڵتونی لە پشتی وێنەکە نوسیبوی:
* پە پولەی هیوام..موحەمەد..بە هیوای گەڕانەوەت بەیەك گەیشتنەوەمان .

لەو ساتەشدا ئەو ئازارانە لە کەفی شرینقەکەوە سەری هەڵدا و توشی شاڵاوی سەرتاسەری دەهات و خەتی ئاسۆیی بەسەر جەستەیەوە دەکشا و پەخش دەبووەوە .. نیگا و ڕوانینی دەپۆشیەوە ..وەك و ئەو وێنە زێڕ نەخشانەی گوڵ و سرودیان لەخوێنیەوە دەکفاند و لە کۆجیتۆی بونا بەو هێزەوە شاڵاویان دەبرد و لە دڵی دڵدارانداا مۆمیا دەبووەوە..وەك و گیای نەمری لە ئاوێنەی شەفەق بەخشی نیگایەوە دەبون بە بروسکە و چەخماخە و گڕی شۆڕشیان هەڵدەگیرساندەوە .. دار و درەخت و جەنگەڵ دەسوتان و مەلی هیوای دڵداران دەبونە سەربازی ون و لە فەزایا دەنیشتەوە و لە نیگایەوە گزنگی هەتاوێکی نوێیان دەتەقاندەوە.!!

## ٨ دڵۆپـە فرمێسـکی قەتیسـی سـەر پێڵـوی

مۆمیای فلیمی چرکەی ترسناکی ڕوانـینی کـرد بـو .. تیشکی بـیرەوەری بـە سـەریەوە ئـاوەژۆ دەبـوەوە و سـیمای خۆڕسکی ئەفسوناوی دەردەخسـت و لـە فۆتـۆی سروشـتەوە مۆمیای زەمەنی ئاوێنـەیی دەبـو.. بـەو دیمەنانـەوە شێی رابـردوی لـە سـەر گرمۆڵـە دەبـوەوە و روانـینی ببـوە زەخرەفـە و لـە هـەر پزیسـکێکەوە کارەسـاتێکی دەدیـەوە.. سـەدان وێنـە تێکـەڵاو دەبـون و وەکـو ئاوێنـەی ترسـناك دەیخسـتەوە نـاو بێشـکەی بونەوە.. لە کەفی شرینقەکەوە ئەو یادە چەخماخەی دایەوە و لە بەر تیشکی ئاوەژۆدا لەسەر چرپاکە جەستەی بە شێوەی ئەفسانەیی درێژ ببـو وەك رۆحـی توابێتـەوە بـەو جۆرە نیشانەی ئاسۆیی باڵای بەرزی دەردەخست .. دەم و چاوی گەنم ڕەنگـی ئـاڵتونی بە سێبەری تـاریکی کەشی هەوا و ژورەکەوە گەشتری دەنواند..دیـدەی ژێکەڵـە و ورد و ڕەش لەناو ئابلۆقـەی بـرژانگ و بـرۆی پڕیـا وەك و دو ئەسـتێرەی نـاو ئـاو دیاریـان دەدا.. نیشانەی سەر ڕومەتی تەمەنی حەفتا و شەش ساڵەیان دەنەخشـاند ..دانیشـی دو بەستەی دەستەبەر بون..نینۆکی سپی و تـاریك و ئەسـتور و پەنجەشـی نـەرم ..لـە نوکی پێیەوە تـا تەوقی سەری بەهێز و پتەو دەردەکەوت.. ڕەنگاڵەی نەخۆشی بەسەر پێست و خوێنیەوە لەگەڵ زەردە خەنەیدا دیاریان دەدا.. پێستی ئەستور و موی سـەر و ڕیش و سەر سنگی تـاریك و ماش و برنجی بون و تـاڵ تـاڵـە مـوی ڕەش لـە جەسـتەیدا مابوەوە و بە کەلەی سەریشیەوە پتەو و گرژ دیاریان دەدا..هەمیشەش قژی کورت بو.. هەفتەی جارێك چاکی دەکرد و هەمو رۆژێکیش ڕیشـی دەتاشـی و بـەردەوام حـەزی لـە خۆشتن بو..لـە شـەڕ و گـەڕان و گەشـت و سەفەریشـدا تورەکەیـەکی سـەربازی پـێ بـو

دەستێك جل و لفكە و سابون و تەراشی تیا بـو لـە شـانی دەكـرد و تفـەنگ و فیشـەك دانیشی بە كۆڵی خۆیەوە بو.

بـەو جـۆرە لـەو سروشـتە خوڕسكەوە ببـوە جەسـتەیەكی ئەفسـانەیی و خۆشەویسـتی نیشتمانی لە پاك و خـاوێنی رۆح و جەستەوە دەدیـەوە و بـە بینـینی پیسـی و چـڵكنی لەشی دادەهێزرا.

جارێك لە بـارەگای خۆی نەخۆشی برسـتی لێـبڕی و دو هەفتـە خـۆی نەشـت.. ئێزگـەی عێراقیش هەواڵی مەرگیـان بڵاو كردەوە ..بەو پلانـەوە راچـەنی و هێـزی دایـەوە بـەر خۆی و لە ئاوێنەی روانی..لە پڕ بروسكە و سێبەری تـەڵخ گرتیـەوە وەك ئـەو سـاتە درەختەكە بە شنەی شەماڵەوە دەشنایەوە.. پێشمەرگەیەك لەبەر خۆرەكـەدا بـە شـانە سەری دادەهێنا و ئەسپێ بەڕیز دەكەوتنە خوار..كراسەكەشـی داكەنـد بـو بـە نینـۆك گەرای ناو تەقەڵەكانی ڕنە دەكرد.

ئەو دیمەنە تەواو كاریگەر بون لـەلای روی وەرگێـڕا و لـە كۆبونەوەیەكـدا لـەو هێڵـە ترسناكەی كۆڵیەوە:

*شۆڕش تەنیا تەقە كردن نیە..هەڵپەڕكێ و گۆرانی و قسـەی خـۆش و خوێندنـەوە و نـان خواردن و خۆشتن و جل شتن و لەش سوكیە و هـەمو ئەمانـە بـە شـێكن لـە ئـەركی شۆڕش.

بەو بیرەوە ئاوێنەكەی دانا و ئەو پارچە شیعرە لە مێشكیدا زرنگایەوە كـە رۆژانـە لـە ئێزگەی دەنگی كوردستانەوە لێدەدرایەوە:

*فیشەكی لولەی تفەنگەكا نمانی بۆ پێشەوە پێشمان كەوە بارزانی.

بەو بیرانەوە ورەی خسـتە بـەر خـۆی و چـوە نـاو ژوری خۆشـتنەوە..كاتێـك خـۆی روت كردەوە ..سەرما كاری تێكرد و دوكەڵی ئـاگریش لـوتی دەكزانـدەوە ..لـە پـڕ توانـای نەما و هاوارێكی خەفـەی كـرد .. پاسـەوانەكەی لـەو دیـو نـایلۆنی دەرگـای ژورەكـەی

وەستا بو.. ئەو هاوارە دڵی گرت و فرمێسك چاوی گرتەوە..چەندی كرد نەیوێرا پێی بڵێ: با بتشۆم.

ئەویش بەو هەستەوە هێزی دایە بەر خۆی و لفكە و جامی بە دەستەوە گرت و بە دەم ئازارەوە تەواو جەستەی شت و خۆی پاككردەوە ..كاتێك خۆی پۆشتە كردەوە هێز بە بەریدا گەڕایەوە ..یەكراست وتارێكی خۆڕاگری و خەباتی لە ئێزگە بڵاوكردەوە .

بەو جۆرەش بایەخی بە خۆشتن دەدا و هەمیشە عەتری دەكرد بە جلیەوە هەتا ئەسپێ نەچێتە ناویانەوە ..رۆژانە بەتانی لەبەر هەتاوا هەڵدەخست و هەمو رۆژێكیش چەند جار بە سابون دەم و چاوی دەشت و وشكی دەكردەوە و لە ئاوێنەی دەڕوانی ..تا ئەو كاتەش لەگەڵ جەستەیا رێك و پتەو دەردەكەوت و پشتیشی نەچەمابووەوە ..ئەوەش ئەنجامی ئەوە بو ژیانی پڕ بو لە گەڕان و مەلەوانێكی كارامەش بو.. هەر لە منداڵیەوە لە زێیەكەی خوار بارزانەوە فێری مەلە ببو.. دەچوە بنی گۆم و ئەمسەرا و ئەو سەری چۆم و زێی دەكرد و دەچوە جێگەی ترسناكەوە .. هەڵزنانیشی بە شاخ و كێو و بەرد و دار و شەو و رۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ لە گەشت و گەڕاندا هێزێكی كاریگەریان پێ بەخشی بو ..جگە لەوەش سوارچاكێكی كارامە بو زۆر جار غار غارێنی بە ئەسپی بەناوبانگ دەكرد.. لغاوی توند بە دەستەوە دەگرت و زۆر جار جڵەوی بەردەدا..بە تولە رێگا و لاپاڵ و بناردا دەكشا و چەند كاتژمێر لەسەر زین نەدەهاتە خوارەوە و كەف لە دەمی ئەسپیەوە دەردەپەڕی.. هەر بۆیەش هەمیشە بۆ پشو ئارەزوی لە سەیران و گەڕان و سواری ئەسپ بو.. زۆر جار لە تاوی ئازاری دەچو بۆ شاخ و كێو و بە زۆریش دەچوە كوێستانی مێرگە میر..چادری تیا هەڵدەدا و لە ناو ئازارەكانیا دەحەوایەوە..یان بە لاپاڵ و پێدەشتا دەگەڕا و دوای پشوی چەند رۆژێ دەگەڕایەوە بارەگا و لە سەر نەخشە و راپۆرت و روداوی شۆڕش دەكەوتەوە كار.

جارێك بۆ پشو چوە لای حەشارگەیەك و لە سەر بەردێك دانیشت و چاوی بڕیە ناوی.. لە پڕ مێرو بە دەست و پەنجە و قاچیدا هەڵگەڕان ..كتوپڕ هەستایە سەر پێ و

چاوی بڕیە شارە مێرو کە لە ناویا ورو ژابون وەکو بانگەشەی کۆتاییان پێبێت ..ساتێك سەیری کردن و موچڕکە گرتیەوە ئەوسا بانگی پاسەوانەکەی کرد :

*وەرە سەیر بکە بزانە ماف چیە و زوڵم مانای چیە ؟ئێمە وەك ئەو شارە مێروەین و دوژمن بێ بەزەیی دەمانفلیقێنێتەوە.. ئەو حەشارگەیە هی چی مرۆڤێکە لەناو شاری ئەم مێروانەی کە دەبنە شایەد حاڵ .

بەو جۆرە ئەو پرۆڤانە جەستەیان پتەو کرد بو وەکو گوێزی دەنواند.. تەنیا لە کاتی پیریدا شێر پە نجە بڕستی لێ بڕی بو کۆکەی توش دەهات و لەشی سارد و سڕ دەبو..لە ساڵانی دواییدا کاریگەری تەواوی خستبوە سەری و شەو و ڕۆژ بەو ژانەوە دەتلایەوە وئازار لە قاچی چە پیەوە دەستی پێکرد سەرکردەی نۆ یاوەری بو بردی بۆ تاران و پشکنینی ناجێیی بۆ کرا و دەرزی و دەرمانێن بۆ کرد..ئەوەش گومانێکی ڕاستەقینەی بۆ دروست کرد کە توشی نەخۆشیەکی گەورەیان کردبێت و تۆوی شێر چە نجەیان لە لەشیدا چاندبێت..هەر ئەوەش بو دوایی پتر پەرەی سەند و هاوسەرەکەی بە سەرکردەی شەش و حەوتی ڕاگەیاند کە توشی نەخۆشیەکی کوشندە هاتوە ئازاری سەخت لە پشت و سنگیدا هەیە و ناهێڵێت شەو خەو بچێتە چاویەوە..چەندە سەرکردەکان هەوڵیان لەگەڵ دا ڕازی نەبو بچێتەوە لای پزیشکی ئێرانی و پزیشکی تایبەتی دەهاتە سەری و چارەسەری کاتی بۆ دەکرد و چەند دەنکە حەبێکی دەدایە و شرینقەی بۆ دەکرد..ئەوسا دەهاتەوە سەر خۆی و پشوی دەدا..بەڵام سات بەسات خرا پتر دەبو هەتا بیر لە بردنەوەی کرا بۆ هەندەران و ئێرانیش بەوە ڕازای نەبو هەتا لە ئەیلولی ١٩٧٥ بە هاوکاری ساواك و سی ئای ئەی تەنیا بۆ ئەمریکا ڕێگەی درا و لە نەخۆشخانەی مایۆکلینیك لەشاری ڕۆچشتەرلە مینیسۆتا دەرکەوت کە توشی هەڵاوسانی سی بوە..سەرکردەی شەش بەوردی لەگەڵی دەگەڕا لە شاری لۆس ئە نجلۆسەوە بۆ نەخۆشخانەکان دەیگێڕا..لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی تەواو تێك چو بو هەمیشە خۆڕاگر بو..کاتێك سەرکردەی حەوت هات بۆ

دیـدەنی تـا لـە گەرماوەکـە هاتـە دەر لەگـەڵ هەڤاڵـەکانیا گریـان ..بـەڵام ئـەو بەبەهێزی وەڵامی دایەوە:

*کوڕم دەبێت باوەڕت بەوە هەبێت کە مەرگ هەمو کۆمەڵی ئادەمیزاد و وەنەبێت تەنیا بۆ پیر بێت..ئەگەر قەزاو قەدەر بڕیارێکی دا بەری لێ ناگیرێت و دوا ناخرێت.

دوای ئەوە بەماوەیەك لە کالیفۆڕنیـاوە بـۆ نەخۆشـخانەی مـایۆ چـوەوە و هەفتەیـەك پشکنینی بۆ کرایەوە..ئەوسا چوەوە بۆ نەخۆشـخانەی مـایۆ کلینیـك و زۆر بایـەخیان پێدا..دڵنیایان کردەوە کە پشکنینەکانیان سەرکەوتو بوە ..ئەوسا هـەوڵی دا بچـێتە ئەوروپا هەتا بتوانێت قسە بۆ جیهان بکات ..بـەڵام ڕێگـەیان لێگـرت و لـە کۆتـایی ئەو ساڵەدا گەڕایەوە بۆ ئێران .

دوای ماوەیـەك تەندروسـتی تێکچـوەوە و دیسـان ڕێگـەی لێگیرایـەوە هـەتا هـەوڵی گەورەی بۆ درا و دکتور ماکفرسنیش داوای بەرز کردەوە ئەوسا ڕێگەی درایەوە و لەگـەڵ سەرکردەی حەوتا گەڕایەوە بۆ نەخۆشـخانەی مـایۆ لـە ئـەمریکا..دوای پشـکنینەکان دڵنیایـان کـردەوە کـە بـەرە و باشـی دەچـێت بۆیـەش سـەرکردەی حـەوت بـە هـاتنی سەرکردەی شەش بەجێی هێشت .

لەو ساتەشـدا لـە ئاوێنـەی ئەفسـانەییەوە شێوەی هـەمو زەمـەنی بـونی دەدایـەوە و ماوەیـەك بـو لەسـەر ئـەو چـر پایە لـەو گـەرداوەدا بـو بـە خـەیاڵ خسـتبویە نـاو نیگایەوە..لەوەوە بیرەوەری بەسەریدا زاڵ ببو هیواو ئاوات و خەو بینینی هـەموی بـە بەرچاویدا دەهاتن .

چەند ڕۆژ بو هەوای گەڕانەوە لەسەری دابو..شۆڕشی ئێـران وەك گـەڵای بـەر نەسـیمی ئەو بەهارە دەهاتە بەر چاوی و گوڵی ژاکاوی دەدیەوە..چەند ساڵ بو ئەوە ئاواتی بـو دوای ڕوخاندنی شۆڕش چەند مانگێکی نەبرد کەوتە نەخشەی هەڵگیرساندنەوە..لـەو ساڵەشدا لە ڕاگەیانـدن و قسـە و گفتوگـۆی خەڵکـیەوە گـوێ ڕایـەڵی هـەمو دەنـگ و

باسێك بو. .ڕۆژێك چوە مۆزەخانەی گشتیەوە و لاوێك هاتە بەردەمی و ڕۆژ باشی لێكرد و بیٚ دەنگ بو هەتا ئەو پەردەی بیٚ دەنگی شكاند :

*لێرە دەخوێنیت؟

*دوا ساڵمە لە كۆلیژی ئابوری.

*ئابوری ژێرخانە ئێوە بخوێنن دوای ڕزگار بون دەدۆزرێتەوە كە كوردستان چی ڕستەی خاوی تێدایە لە ئاڵتون و برۆنز و مس و گۆگرد و نەوت و كەرەستەی تر.

بەو بیرەوە ئاهێكی هەڵكێشا و مات بو. .ئەو ڕۆژانەی بیرهاتەوە كە لە مۆسكۆ لەسەر ئابوری دەیخوێند. . بەو بیرەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا و چەند جارێكیش كۆكی و فرمێسك چاوی گرتەوە . .ئەویش گریا و ئازاری خوێندەوە و بە دڵی پڕەوە بەجێی هێشت .

لەو ساتەشدا لە كەفی شرینقەكەوە وێنەكان تێكەڵاو دەبون و وەكو ئاوێنەی ترسناك دەیخستەوە ناو بێشكەی بونەوە. .بەووەوە خورپەی سەرتاسەری دەیگرتەوە و پەتی سێدارەی دەهاتەوە بەر چاوی و بە گەردنیەوە دەنوسایەوە وەك ئەو ساتەی كە هاوڕێكەی بە چاوی فرمێسكاویەوە لیی هاتە پێشەوە و ئەو خورپەیە گرتیەوە :

*لە پازگای ئەفسەران پێیان گوتم فەرمانی لە سێدارەدانتان دەرچوە.

لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ تاران لە فڕو فیڵی ئەو ڕژێمەوە ئەو گومانە گرتبویەوە. . چەند جار ویستی نەچێت شێخ ئەحمەد زۆری لێكرد و ناردی. . لەو كاتەشدا لە نەخۆشخانەی پازگای ئەفسەران ئازاری چەند ڕۆژ گرتبویەوە و پزیشكێكی بینی شرینقەی لە ئەفسەرێك دەدا بە فیڵی ئەو ڕژێمەوە گرژ بو ئەو گومانە گرتیەوە و وێنەی ئەو كاتەی دیەوە كە ڕەزمارا بە توڕەییەوە سەیری دەكرد :

*بۆ كڕنوشت بۆ نەبردوم ؟

ئەوە لە ڕۆحیدا كاریگەر بو هێزی یاخی بون گرتیەوە :

*من تەنیا كڕنوش بۆ خودای خۆم دەبەم .

لـەو کاتەشـدا ئـەو ئـازارەی زینـدو بـووەوە و کتـوپڕ بـە دو دڵیـەوە پاشگەز بـووەوە و ئەوەندەی تر حەژمەت گرتی و ئەو هەواڵەش کاری کردە سەر دەرونی:

*ئێمە لە سێدارە ناترسین خوا هەرچی لە ناو چاوا نمان نوسی بێت دەبێت بێتە دی.

لەو ساتەشدا ئەو خورپەیە لێیدایەوە و بەرەو بارەگای قونسوڵی بەریتانیا چو:

*ئێمە نوێنەری گـەلێکی بێکـەس و چەوسـاوەین ئاشکرایە کـەس پارێزگاریمـان لـێ ناکـات..داوام ئەوەیــە لــە ڕەوشــتی نێــو دەوڵــەتیا بڕیــاری لــە ســێدارە دا نمــان قەدەغەیە..ئێوەی بەریتانیا وەکو کێشەی مرۆڤایەتی پارێزگاریمان بکەن.

ئەوەش ئەو کێشەیەی لەسەر سوك نـەکردن و شـا نوێنـەری نـاردە لای شـێخ ئەحمـەد هەتا هەمویان چەك دابنێن بۆ ئەوەی ئەو نەکوژن..شێخ بەو قسەیە تـوڕە بـو دەنگـی بەسەردا هەڵبڕی:

*هەمو کەسێك لەم هۆزەدا مەلا مستەفایەکە..ئێمە بەوە چاو ترسێن نـابین ..بـەڵکو ڕق دەمانگرێت و تا دوا دڵۆپی خوێن شەڕ دەکەین.

ئــەوە کــاری کــردە ســەریان و بــۆ ڕۆژی دوایــی لەگــەڵ عەقیــد غــەفاری هێنرایــەوە..لەیەکــەم ســاتی پێشــوازی ژەنــڕاڵ هۆمــایۆنی چــونە لای شــێخ ئەحمەد..ئەویش گفتوگۆی لەگەڵ کردن..هەمو داوای شای ڕەت کردەوە:

*تەنیا چارەسەر لەگەڵتان تواندنەوەی بەفرە و دوای ئەوە ئێران بەجێ دەهێڵین.

پاش ئەوەی بەبێ ئەنجام جیا بونەوە..ئەوە نەخشەی تری بۆ ڕژێمی ئێرانی دروست کرد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆك هۆزی ناوچەکەدا و لەگەڵ قـەرەنی ئاغـا یـەك کــەوتن و دو ڕۆژ دوای ئــاگری نــەورۆز لــە دو لوتکــەی شــاخدا شــەڕیان لــە گەڵــدا کردن..دەنگی گولە شاخ و دەشتی پڕ کرد بو..ئەوە یەکەم جاری شەڕی دەستەو یەخەی هۆزەکان و هێزی بارزان بو..بـەوەش خیانـەتی ئـەو سـەرۆك هۆزانـە پێچـایەوە و لـە سەیرکردنی پێشمەرگەوە و داوای تۆڵەی دەکردەوە..هەر ئەو ڕوانینە بو سەر لوتکـە و لا پاڵ و بناریان گرت.

دوای ئەوە هەر سەنگەر بو چۆڵ دەكرا و هەر چەك بـو دەكەوتـە سـەر زەوی.. ئیترهـیچ سەرۆك هۆزێكی تر خۆی لیٚ نەدان.

ئەو شەڕە بە یەكجاری دڵ گرانی كرد..لە كاتی ناشتنی تـەرمی پێشـمەرگەیەك دڵـی پڕ بو:

*ئەگەر ئەم میلەتە سەر لیٚ شێواو نەبوایـە توشـی كارەسـات نـەدەهات ئـالآی كۆمـار هەڵبكات و تێك بشكێت..ئاخ ڕۆڵە تۆ شەهیدیت خـوێنی تـۆش لـە ناچـەوانی ڕژێمـی خوێنمژانی جیهاندایە.

سەری بەرز كردەوە چاوی بەدەور و بەردا گێڕا و چوە ژێر درەختێكـەوە وەسـتا..سـاتێك بیٚ دەنگ بو پاشان كەوتنە ڕۆیشتن.. لـە بەشـی خـواروی ئـەو گونـدەوە لـە ماڵێكـەوە پێشوازیان لیٚ كـرا..لـەو سـاتەی دانیشـتن پیاوێـك بـە هەناسـە بڕكێـوە هاتـە لای و نامەیەكی دایە دەست.

پاش خوێندنەوەی سیٚ فەرماندەی بانگ كرد و نەخشەی بۆ كێشان:

*ئێران هێرش دەكاتە سەرمان و پێویستە هەمو لوتكـە و بـەرزایی گرنگـی نەغـەدە و سەر ڕێگا بگرین.

بە قەڵەم سیٚ نەخشەی نیشـان دان..لوتكـە و تە پۆڵكـەی دیـاری كـرد .. لـەو سـاتدا سفرە ڕاخرا و پاش دەست شتن چونە سەر خوانەكە.

ئـەو ڕۆژە كارەسـاتی سـەخت ڕوی كـردە ئـەو هێـزە..نەخۆشـی و سـەرما و كـۆچ و گواستنەوەی ژن و منداڵ و سەرگەردانی ..بەناچـاری داوای لـە چـەند سـەرۆك هۆزێـك كرد هەتـا بە هانایانەوە بچن..ئێستر و ئەسپ و كەر و ماین ڕیزیان بەست ..گریـان و هاوار و قیژەش بەرز دەبوەوە..گوێچكەی ببو بە مـوروی ئـاوداری دەنگـی گـلان و وڕك و لەرز و گریە..لەبەر شالآوی سـەرمای زۆر لەسـەر ڕێگـا ئاگریـان دەكـردەوە..ئەوانـەی تەواو دەبون خۆیان گەرم دەكردەوە و هی تر دەهاتنە جێگایان.

دوای ئەوە پێشهاتی شەڕ لەگەڵ هێزی سەرمادا گرتنیەوە..لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بۆ کرا ..فڕۆکە دەستی کرد بە بۆمباران و زرێ پۆش و تانك کەوتنە دەست ڕێژ و تۆپ تەقاندن..ئاگر بەسەر سەنگەردا دەباری..لا پاڵ و بن بەرد و دار و ڕوتەنی دادەبێژران.. بە دوربین سەیری دەکرد و دەیکردەوە ملی و گولەی دەتەقاندەوە..فڕۆکەیش دەنگیان دەتەقاندەوە و یەك بەدوای یەکدا نا پاڵمیان دەخستە خوار.

لە پڕ فڕۆکەیەك کەوتە خوارەوە و سوتا ..لەو ساتەدا دەستی بەرز کردەوە.. پێشمەرگە هێرشیان کرد..دوان دو قومبەلەیان فڕێ دایە ناو زرێپۆشێکەوە و سوتا ..ئەوسا هەڵیان کوتایە سەری..دو سەرباز سەریان بەرز کردەوە و یەکسەر پێکران..ئەوە هێزی گەورەی پێ بەخشین و زرێ پۆش هەمو کەوتنە بەر ئەو هەڵمەتە.

لە بن دارێکدا دیقەتی ئەو سەرکەوتنەی دا هێزی گەورەی خستە دڵیەوە و خۆشی گرتیەوە .

لەوەوە ئازایەتی شەڕی گۆجاڕی بیر هاتەوە..لەو شەڕەشدا پێش ئەوەی ڕژێم هێرش بکات لە چۆڵ کردنی گوندەکەوە ئەو زەنگە گرتیەوە :

*سەرۆك هۆزی جەلالی بۆ ئەوە گوندی چۆڵ کردوە هەتا ڕژێم بێنێتە سەرمان.. بە هێمنی نان بخۆن و دەس لە کەلوپەلی ترەوە نەدەن..ڕەنگە توشی شەڕ ببین.؟

لە پڕێکدا بە کتوپڕی چوار دەوری گوندەکە گیرا و فڕۆکە بۆمبارانی دەکردن.. چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵدا بون خۆیان فیدایی کرد و چونە سەر زرێ پۆش و لە ساتێکا سیان بەڕیزی یەکەوە سوتان و سوپای ڕژێمیان کردەوە بە مۆڵگەی خۆیدا.

لە کاتێکدا ئەو وێنەیە بەلایدا ڕابورد ئەو قارەمانێتیەی دیەوە و زەردە سەر لێوی گرتەوە و سرودی مەزن هەمو لەشی پێچایەوە.

ئەو خۆشی یە لە شەڕێکی تریشدا خرۆشاندیەوە.. بە دوربین سەیری دەکرد..سەرباز لە هەمو ڕێگەی گرنگی مەرگەوە هەڵمەتیان برد و لوتکە و بنار و تە پۆڵکەو بەرزایان گرت..کاتێك ئەو هێرشەی بینی بیری لە پلانی نویٚ کردەوە لەو ساتەدا لە سەنگەرێکدا سەیری ئاسمانی دەکرد.. دو فرۆکە هاتن و کەوتنە بەر دەست ڕێژ..لە دورەوە نا پاڵمیان فرێ دایە خوارەوە و گەڕانەوە .

ئەوە قورسایی هێرشەکەی نیشاندا و نەخشەی نوێی کێشایەوە و سیٚ تیپی بچوکی بۆ هێرش دیاری کرد و خەتی لای ڕاستی بۆ کێشان..سیانیش لەلای باشورەوە.. ئاگاداری لوتکە و بەرزایشی کرد فیشەك نەتەقێنن..لە کاتژمێری سفردا دایان کێشا.. سەرباز بە هەلیان زانی و وایان زانی شکان و یەکسەر هێرشیان کرد..لەو ساتەدا هێزەکەی دەنگ دا..لە کتوپڕیەکەیدا سەنگەریان گرتەوە و ئەو هێزە هەموی گەمارۆ بون..فرۆکەش خەتی تریاندا و سەربازی خۆیان بۆمباران کرد..لەو ساتەدا فەرمانی هێرشی داو بە ژێر شالاٚوی گولە باراندا چوە پێشەوە و گولەیەك لەشانی درا و کتو پڕ جامانەکەی داگرت و نیوەی سوتاند و لەسەر برینەکەی دانا و بەوی تر بەستی و کەوتەوە شەڕ.

دەمەو ئێوارە ئاگر لە سەر لوتکەی بەری زەر بەرز بوەوە..سوپای ڕژێم وەك دڕکە زی بەر گەردەلولی لێهات ..زیندو لەسەر جەستەی کوژراوەوە دەستیان بەرز دەکردەوە.

ئەو شەڕە مۆسیقای بەجەستەیدا هێنا..لەو کاتەشدا هەمان چەشن توشی ئاوازی سەرکەوتن هات..لە کاتێك دا برینی برینداریکی بەست هەستایە سەرپیٚ و چاوی بە پێشمەرگەدا گێڕایەوە..ئەوسا بەچیلکەیەك چەند خەتی لەسەر بەفرەکە کێشا و کۆبونەوەی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکاندا کرد.

دوای ئەوە بە هەورازدا سەردەکەوت و پەلی پەك کەوتەی دەگرت و هێزی دەدایە بەریان و باری ڕاست دەکردەوە..چەند کەسێك لەسەر ولاٚخەوە گلان کتوپڕ بە

هاواریانەوە چو..هەتا گەیشتنە ئەو گوندانەی بەری ژورو توشی کارەساتی سەرمای زۆر بون..ئەو کاتەش دەنگی لە سێدارە دانی پێشەوا بلاو بوەوە .

ئەو هەواڵە کاری کردە سەر رۆحی و گرژ بو..لە دەفتەری یادەوەریا چرکەو سەعاتی نوسی و ئەو شەوە دو جار گویٚ ی لەرادیۆ گرتەوە و دڵی پڕ بو..ئەوەندەی فرمێسك باراند تەواو کۆشی تەڕ بو .

چەند ڕۆژ لە ژێر ئەو هێرشە ئاسمانیەدا ئەو جەستەیەی دیەوە و فرمیسکی بۆ ڕشت..کاتێك دەچوە سەر بریندارێك ئەو وێنەیەی دەهاتەوە بەرچاو..لەناو هاوار و فرمێسك و قیژە و ناڵینەوە دەنگی تری بیٚ کەسی دەهاتە گوێیەوە..ئاگر بەسەریاندا دەباری..نەخۆشی و برسێتی و سەرماش کاریان کردە سەری و هەمو ساتێك لە دەنگی ڕادیۆ و هەواڵی خەڵکەوە تەل بەندی سنوری دەبیسترا و بەوانە توشی نەخشەی تر هات.

ماوەیەك بە تەنیا بیری کردەوە..ئەو سا چو بۆ لای شێخ ئەحمەد..ئەویش گریا :

*من خۆم دەکەم بە قوربانی با ئەم خێزانانە لە ناو نەچن ..تۆش خۆت و هێزە کەت تا دڵۆپی خوێن لەسەر هەمو بەردێك خوێنی قارە مانێتی بنەخشێنن.

ئەو قسەیە لە مێشکیدا کاریگەر بو..کاتێکش لەسەر دەریاچەی گادر لێیان جیا بوەوە سەیری کردن..هەتا دوا کەسیان لە سەر پردەکە پەڕیەوە..ئەوسا ڕوی وەر گێڕا و دەستی ڕاکێشا هێزی بارزان بەڕیز هەنگاویان دەنا..لە دۆڵێکدا خڕی کردنەوە و تارێکی کردە مەدالیای ئەو پێشهاتە :

*براکانم چارەنوسمان ونە..ڕەق دەبینەوە یان لە برسان دەمرین یان گولەی دوژمن دەمانکوژێت ؟.. کیٚ ناتوانێت با بگەڕێتەوە ..ئەم گەشتە ترسناکە دەبێتە یەکێك لە داستانی گەورەی دنیا . پێویستە سەد ئەوەندەی تر خۆتان بە هێز بکەن تا ببنە ئەو پاڵەوانە .

قسەکەی تەواو نەکرد سەدان دەنگ بەرز بوەوە :

*مردن بۆ ڕزگاری لە تۆ جیا نابینەوە .
هەمویان بە دەنگی بەرزەوە ئەوەیان گوتەوە و ئەویش لەسەر قسەکەی ڕۆیشتەوە :
*فیشەك تەنیا ئەوەیە کە بە قەدتانەوەیە..بەڵکو هێز و بڕوا بەخۆمان و پەروەردگار لە هێزی سوپای دوژمن مەزن تربێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنین .
ئەوەی گوت و هێزی دابەش کرد.. پێنج سەد و شەست پێشمەرگەی لە پێنج تیپدا دامەزراند.. چوار ئەفسەرەکە هەر بەدیاریەوە وەستا بون .. ماچی کردن و دوا جار دەستی بەرز کردەوە لە بەرایی هێزەکەی و لە سێبەری هەر چواریانی ڕوانیەوە هەتا دور کەوتنەوە..لەگەڵ تەوژمی سەرماکەدا کەفی ئاڵتونی دەهاتە بەرچاویەوە.
لەو کاتەشدا ئەو کەفە لە شرینقەکەوە گرتیەوە و بە جۆرێك پێچایەوە وەکو ئەو گەرداوەی لەو ساتەدا بەدەم برسێتی و حەزی پارویەك نانەوە گرتی و لەدوا سێبەری ڕیزی پێشمەرگەدا بەئازارەوە ڕوی وەرگێڕا.
یەکەم چرکەی گەشتێکی مێژویی لە ژێر هەوری تاڵەوە دەستی پێ کرد و بە کزە بای بە هێزەوە بەڕیز دەڕۆیشتن..نیو کاتژمێر لەسەر بەفر ڕچەی نوێیان شکاند..هەتا لە چڕی و دارستانێکدا وەستان لە چەند لاوە ئاگریان کردەوە گڕو دوکەڵ بەرز بوەوە..لە چوار شیو و سەرە ڕێ و لا ڕێ دا خۆیان دابەش کرد..ئەوە نەخشەیەك بو بۆ ئەوەی هێزەکەی پشو بدات و لە هێرشی لە ناکاو بپارێزرێن بە هیلاکی و ئاوی جۆگە و گۆلاویشەوە هەمو لەشی تەڕ ببو..چاوی بڕیە دێکەی خوار و لەو ساتەدا دو پیاو سەرکەوتن پێشمەرگە بە دەمیانەوە چون ..ئەوانیش گریان :
*وەرن گوندی خواکەرەو لەخزمەتاندایە.
ئەوەیان گوت لەچوار لاوە کەوتنە سەر ڕێ..لە ناو پێشوازی خەڵکدا ئاهەنگی گەورەیان لێ دەردەکەوت..ئاگریش لە سەر گرد و دۆڵ و لا پاڵەوە گڕو دوکەڵیان لێ بەرز دەبوەوە .

ئەو پێشوازیە یادێکی پیرۆز بو لەلای..کاتێك گەیشتنە ناوچەی هەرکی و بنەجیش ئەوەی بیر هاتەوە..هەمان چەشن ژن و مندالٚ و پیاو و لاو باوەشیان بۆ دەگرتنەوە و زۆ پایان بۆ گەرم دەکردن بە چاوی ئەسریناوی یەوە لێیان دەڕوانین ..بەو سەرسامیەوە وەستا هەتا هەمویان لە مالآنا دامەزران.. لەو ساتەدا لەگەلٚ دو پێشمەرگەدا.. مایەوە ژنێك لە سەر بانیژەوە هاواری کرد:

*سەرۆك وەرە مالٚی ئێمە من ئەجێی حەکیمم با برینەکەت بۆ دەرمان بکەم.

بەو قسەیەوە هەنگاوی هەلٚهێنایەوە و بە دارێکی دو پەلکدا سەرکەوت ..ئەویش بە قسەی خۆش هات بە پیریانەوە و ئەوانیش چونە ژورەوە.. لەو کاتەی دانیشتن داو و دەرمانی هێنا و برینەکەی بۆ تیمار کرد و پاشان سینیەك خواردنی هێنا ..کاتێك داینا گەڕایە دواوە و گریا و دەستی بەسەر سنگیدا کێشا:

*بیستم لە گوندی ئاراگوش نوێنەری حکومەت لەو دەرەبەگانە هاتۆنەتە لاتان.. حکومەت گلآوە وریابە سەرۆك..لەوەتەی لەسەر ڕیێ نازداری داخی دەرچون دوعا دەکەم بێنە ئێرە.

بەو قسانەوە ئارامی نەما و بە دەم گوێ گرتنەوە هێلکەکەی قوت داو کەوچکێك ماستی بەسەرا کرد:

*ئێمە لە ئێوە زیاتر کەسی ترمان نی یە .

لەو ساتەدا بانیژەکە لەرزی لاوێك بە دارەکەدا بە پەلە سەرکەوت ..ژنەکەش ئاوڕی دایەوە:

*وەرە عەلی ئەوە بارزانی یە.

عەلی هاتە ژورەوە و چوە لای مقەلٚیە پشکۆکە و دەستی بە پیالٚە شتن کرد..ئەویش درێژەی بە قسەکەی دایەوە:

*هیچ شك نابەم ئەو کوڕە و تفەنگێك نەبێت..هەردوکیان بۆتۆ و ئەم خاکە .

بەو قسەیەوە بروسکە گرتی و قیژەی ژنێك گرتیەوە كە سیانزە ڕۆژ لەوەو بەر دوای ئەوەی لەگەڵیان جیابونەوە لەو بەر پردەكەوە قژی خۆی ڕنیەوە و روی تێكرد:

*چی بكەم سەیدا موحەمەدێكی ترم نی یە بینێرمە لات هەتا بەخوێنی خۆی پارێزگاری لەتۆ و كوردستان بكات .

لەو ساتەشدا لە توانای ئەوەوە ئەوەی بیرهاتەوە.. لەو وێنەیەوە لە سیواخی ژورەكەی روانین ..هەموی قڵیشی برد بو ..درزی گەورە كەوتبوە هەمو لایەكی بنمیچ و تەژە و داریش تەواو بە دوكەڵی زۆ پا رەش ببون و چەند پریاسكە بە بنمیچەوە هەڵواسرا بون ..دیمەنی دو كولەكەی وشك گرتیەوە كە بە دیوارەكەوە بە قایشی ساچمەزەنێكەوە هەڵواسرا بون .

ئەو دیمەنەی لەگەڵ سەرما و جەنگی ئەو هێزەدا بەراورد كرد ..كاتێكش لە گوند دەرچون لە ژێر بۆمبارانی چواردە فڕۆكەدا ئەو وێنەیەی لەلا زیندو بوەوە..لە كاتێكدا ئەوەی دیەوە فەرمانی مان و نەمانی دا.

ئەو هێزە بو سوپای رژێمیان تەفرو تونا كرد..كاتێكش تەرمی دو پێشمەرگەیان ناشت ئەو وێنەیە هەر لەبەر چاوی بو..بەو بیرەوە لە گۆڕستان هاتە خوار.دادە ئەجێی بینیەوە بە هۆرەوە برینداری تیمار دەكرد و بە پڵیتەو پێستە و پەڕۆ و قامیش برینی دەبەستن.. بەو جۆرە چواردە برینداری تیمار كرد..ماوەیەك سەیری كرد ئەوسا سەری ماچ كرد و دەستی خستە سەر سنگی :

*دایكە ئەجێ دڵسۆزی وەكو تۆ لەم نیشتمانەدا هەبێت مەحاڵە هەر سەردەكەوین .

ئەو شەرە ڕۆژێك لەو ناوچەیە هێشتنیەوە..ئەوسا بەرەو گوندی پێدا بەسەر بەفردا ڕێگەیان بڕی..زۆربەی چیا ڕەش ببونەوە و گوند و ماڵی سەر ڕێگا دەهاتنە پێشەوە و دەستە نان و پەنیرو توتن و سیغاریان بۆ دەهێنان ..هەتا زینیا و ئاسنگرا بەو جۆرە بەڕێیان كردن..لەوێش لە گرمە و شەمدینان بڵاو بونەوە..لە ناوچەی چڕی و دارستان و جەنگەڵ و بێشە..فڕۆكەش بەسەریانەوە دەگەڕان.

ئەوەی بە نیشانەی گەڕانی سوپای ڕژێم دانا بۆ دۆزینەوەیان هەتا هێرشیان بۆ بکەن ..بۆیە فەرمانی دا کەس خۆی دەرنەخات و دوربینی بەچاویەوە گرت و کەوتە ڕوانینی شاخ و کێو و دار و درەخت .. پێشمەرگەش لە ژێر گەڵای درەختەوە خۆیان حەشاردا و فڕۆکەیش چەند سوڕێکیان دا و ڕۆشتن..ئەوانیش بە چیایی پیرۆزدا هەڵگەڕان.. هێزی سەربازی ڕژێم لە ترسی خۆیان هەر لە دورەوە تەقەیان لێکردن..گولە بە ئاسمانەوە دەکوژایەوە..هەتا خۆیان کردەوە بە ئێراندا..بەناو گوندی مێرمێدا بڵاو بونەوە.

ئەو چەند ڕۆژە کارەساتی سەخت ڕوی تێکردن..بۆیە خۆی پێش هێزەکەی کەوتبو بە دوربین ڕێگە و لوتکەی پاس دەکرد و نەخشەی نوێی پارتیزانی دادەنا..هەتا لە کەمینی سەر ڕێگا ڕزگاریان بو.

ئەوە هەر لە سەرەتاوە هەستی بەو فێڵە کرد بو..دو تیپی چل کەسی دانا بە لاپاڵدا دەڕیشتن..بەو جۆرە لە گوندی هەرکی و شکاك و دبزی و گۆزە ڕەش و پرس خواران و وادی قتور دەرچون .. پارتیزانانە بەلای ئەو گوندانەدا دەڕۆیشتن و خەڵکی لەسەر ڕێگاوە دەگریان و سنگیان بۆ دەکردنەوە.

ئەو ئاوازانە لە مێشکی هەمویاندا بو..کاتێکش گەیشتنە ناو عەشیرەتی عروس هەمان ئاواز خوێنی دەجۆشاندن.. نان و خواردن بە دەستی منداڵ و ژن و پیاوەوە رادەگیرا..هەزاران فرمێسك ڕچەی ڕێگەی بۆ دەشکاندن.

ئەوە بیرەوەری سەخت بو لەلای..لە بن درەختێکدا دەفتەری یادەوەری دەرهێنا و ئەو قارەمانێتیەی تۆمارکرد :

*لە شکاکەوە هەتا گەلەتیٚ و والند ی و کەلە سورو پەلە ڕەش و عەمباری خەلك سەمای مردنیان لە گەڵدا کردین گەلێکی لەخۆبرد و قارەما نمان هەیە.

ئەوەی گوت و پیاوێکی ڕیش ماش و بر نجی کورتە باڵا هاتە بەردەمی و دەستی خستبوە سەر سنگی.

ساتێك بێدەنگ بو ورتەی لە دەم دەرنەهات وەك بیەوێت بە بێدەنگی گیانی فیدا بكات..هەستی بەو گیانە پاكەی كرد و ئەو شەرمەی شكاند:

*فەرمو چی فەرمانێكت هەیە؟

پیاوەكە دەستی بەرز كردەوە :

*گەورەم چ یارمەتیەكتان پێویستە..من شارەزای ئەم ناوچەیەم .

*تۆ پیاوێكی دڵسۆزیت..شارەزا یمان بكە هەتا سنوری ڕوسیا .

*ئاسانە خوێنم هی ئێوەیە .

ئەوە بیری نەخشەی نوێی خستە مێشكیەوە و چیلكەیەكی شكاند و لە بەردەمی خۆیدا دو خەتی كێشا..ناوی گوندی ئەو ناوچەیەی نیشانە كرد ..ئەویش كتوپڕ لێی گۆڕی :

* پێویستە بچینە ناو توركیاوە من تەواو شارەزام..لە گوندی كلیس و گەند و واغ و داتش چرونەوە ئەوسا دەگەینە ماكۆ و ئەوسا ئاوی ئاراز .

بەو قسەیەوە پێكەنی و دەستی بەسەر شانیدا كێشا:

*ناوت چی یە ؟

*مەحمود .

پیاوەكە كەوتە پێش و تفەنگی بڕنەوی كرد بوە شانی وەكو ئاسك ڕێگەی دەبڕی.. هەتا گەیشتنە ماكۆ..ئەوسا پە نجەی ڕاكێشا :

*ئێرە ترسناكە..ئەو سێ بەرزاییە بگرن تا نان دەخۆین .

كاتێك پێشمەرگە سەركەوتن ئاسمان شڵەقا و زەوی جموجوڵی تێكەوت ..فڕۆكە بۆمبیان فڕێ دەدایە خوار و زرێ پۆش هێرشیان دەهێنا.

ئەو تێكەڵاویەی بە نەخشەی گەورە دانا.. بۆیە كاتێك سەیری كرد نەخشەی هێرشی رژێمی دانا و كتوپڕ چوار خەتی كێشا.. پێشمەرگە هەر چوار نیشانەی ئەو پلانە نوێیەیان گرت..خۆیشی بە ڕەتڵێكی ترەوە بەرەو خوار هێرشی كرد..لە پڕ زرێ

پۆشـێك سـوتـا و كتـو پـڕ دو پێشـمەرگە بـە تفـەنگ چـونە سـەری و گرتيـان..بـە دۆشكەكەی كەوتنە دەست ڕێژ لە فڕۆكە و ناچاريان كردن بەرز بونەوە.

سێ شەو ڕۆژ بەو جۆرە لەو ڕوبەڕوبونەوەيەدا بون..دوا ڕۆژ پێش گزنگ نەخشەی نوێی دانا..دو تيپی لە بەشی باكور و باشور بەڕێ كرد و دو تيپيش لـەناو جەرگـەی شـەڕدا هێرشيان كرد..دەمەو عەسر هـەمو يـەكيان گرتـەوە و سـوپای رژێم دابـڕاو بـون..لـە پانتاييەكـدا دو سـەد و حـەفتا و يـەك سـەرباز تفـەنگيان فـڕێ دا و بەسـەر تـەرمی سەدەها دا هەنگاويان دەنا.

ئەو شەڕە قورسايی گەورەيەی خستە سەريان و بەو هيلاكـی يـەوە جـارێكی تـر توشـی شەڕێكی خوێناوی بونەوە..بەر لە تەقە ئەو كرۆكە دياری دا و لە روانـينی سروشـت و دەور و بەرەوە ئەو هەسـتەی وەرگـرت و ئامۆژگـاری پێشـمەرگەی كـرد..كـاتێكيش لـە ديوەخانی عومەر ئاغا دانيشتبون لە ئاكاری دو دڵ بو.. هـەر ئـەوە بـو بـە گەيشـتنی پياوەكەی بۆ بنكەی سەربازی چوار دەوريان گيرا و فڕۆكە كەوتە بۆمباران.

لەگـەڵ هێـزی فڕۆكـەدا گرنگـی ئـەو هێرشـەی زانـی بۆيـە كتـوپڕ نەخشـەی نـوێی دانايەوە..لە كاتژمێرێكدا لەدو تيپی تێكەڵاوی ئێرانی دا لەگەڵ كەوتنـە خـوارەوەی يەك فڕۆكەدا پێنج زرێ پۆش كەوتنـە بـەر ئـاگر..دەيـان ئەسپيش بـە پشـتی ڕوتـی دەيان حيلاند لەو ساتەدا فەرمانی دا :

*ئەو ئەسپانە بگرن برينداری پێ دەگوێزينەوە .

ئەوەی گوت و چوە سەر تەرمی چوار پێشمەرگە..لە كتوپڕيەكدا لەسەر دو ولاّخ دايـان بەستن..هەتـا لەو گوندە دەرچون لەسەر گردێك گۆڕيـان بـۆ هەڵكەنـدن..دوای ئـەوەی دو فرمێسكی ڕشت و نيشانەی ڕۆيشـتنی بـۆ هێزەكـەی گرتـەوە و لـەناو ماتـەمی ئـەو شەهيدانەيا مات ببو..هەتـا نزيك مەخفەری سراجلو بونەوە.. پياوێكی كرد بە نوێنەر هەتـا گفتوگۆی پـەنا بـەريان بـۆ ڕوسـيا بكـات.. پـاش ئـەوە گيرفـانی هەڵتەكانـد و

هـەموی خسـتە سـەر یـەك و ژمـاردی بیسـت دینـار بـو.. خسـتیە كاغەزێكـەوە و لە پەڕۆیەكیەوە پێچا و مەحمودی ماچی كرد:

*ئەوە سەروەتی هێزی بارزانە ئێمە دەچینە روسیا چی لەم پارەیە بكەین ..؟ ئەوەش ئالآیەكی كوردستانە و ئەو تفەنگەش یادگاری منە بۆ تۆ .

دوای ئـەوە چـوە سـەر ئاوەكـە و ورد لـە شـە پۆلەكانی روانـی..سـاتێك رامـا و ئەوسـا ئەوانـەی جیـا كـردەوە كـە مەلـەوانی كارامـە بـون و بـە وردی نەخشـەی پەڕینـەوەی كێشا..سەر بەرزایی و دەور و بەر بە پاسەوان گیران و دەستیان بە پەڕینەوە كرد .

دو ڕۆژ بە دوربین لـە هـەمو خشـە و دەنگێكـی روانـی هـەتا هـەمویان چـونە ئـەو بـەر ئاوەكەوە و جوڵەی دوا كەسیانی خوێنـدەوە و ئەوسـا خـۆی هەڵدایـە نـاوی و لەسـەر شە پۆل و كەفی ئاوەكەوە دە پەڕیەوە .

لـەو ساتەشـدا ئـەو تەوژمانـە بـەر چـاویان گرتـەوە..لـە كـەفی شـرینقەكەوە ئـەو شە پۆلەی دیەوە و بـە كەشـێتی ژورەكەیشـەوە ڕیپۆرتـاژ دەبـوەوە و كـەف لـە نیگایـدا دەچڕا و بە وێنەی شێر پە نجەوە لە مێرد منداڵیەوە هەتا پیری نیگایان دە پۆشیەوە و گومانی ژەهری كوشندە لە دەماریدا دەزولەی دەكردەوە و چاوی كـەوتبوە نـاو شـە پۆلی سامناكەوە و بەرە و نەمری دەكشا .

چەند چركە بو لەو پرۆڤەیەدا شە پۆلی بیرەوەری لەگەڵ تیشكی خۆر و تەمی شاراوەی واشنتۆندا تێكەلآو دەبون و لە گەردونی تواوەوە لەسەر گوڵی شاخ و كێوا دەنیشتەوە و پرۆڤەی هەزاران هەزار ڕۆحی شاراوەیان لەسـەر گـۆڕ و بێشكە دەكـردەوە و بـرۆی بـۆ ئاسـۆ بـەرز دەكـردەوە.. بلیتـی فرۆكەكـە لەبـەر چـاوی دا بـو پرسـگە و پلیكانـەی سەركەوتنی دەدیەوە و بە ئاسمانەوە لە لوتكەی بڵندی دەروانیەوە و تیشكی چركەی مـۆڵ بـوی بـە پرسـیاری نـەزانراو دەتـەنرا..تـەزوی ئـەو سـاتە دەیگرتـەوە كـە پەسا پۆرتەكەی تەنیا بە ئەمەریكا مۆر كرا..لەوەوە ئەو گەشتەی بـە ژەهـراو سیواخ درا و لەناو فرۆكەكەشدا هـەمان وێنـەو شـە پۆل پێچـایەوە و لەگـەڵ ئـەو گومانەیـدا

ئاوێته دەبونەوە..لە سەیرکردنی زەویەوە ئەو ساڵانەی بیر دەهاتەوە کە فڕۆکە ئاماژەی مردن و ئاگر بارانی گوند و باخ و شار و شارۆچکە بو .

جارێك لە نیشتنەوەی هەلی کۆپتەرێکەوە ئەو وێنەیە گرتیەوە بە حەژمەتەوە کەوچکەکەی دانا و پارووەکەی قوت دا :

*بچن بە تایەر یەحیا بڵێن با سەرۆك کۆمار خۆی ئامادەی گفتوگۆ ببێت .

بەو قسەیەوە هەستایە سەرپێ و ڕوی وەرگێڕا..چاوی بڕیە سورە چناری چوارتا ..ئەویش پەروانەی جولاندەوە.

لەو ساتەشدا پزیشکەکە بە نیشانەی نامۆوە شرینقەکەی لێدا و ڕەنگی گۆڕا و تفتی هاتە ناو دەمیەوە.. وەك هێزی تەلەسکۆباوی هەمو وێنەی بونی تێکەڵاو کرد و لەناو هەزارەها وێنەدا مۆمیا ببو.. بە شەپۆلی ئەو تەمەوە سڕ ببو وەکو درۆزەی خوێن و گۆشتی بکەن..لە توانەوەی ئەو وێنانەوە لەگەڵ مۆسیقای شۆڕشدا ئاهەنگی ڕۆحیان دەسازاند ..گوڵ و کەشێتی و تیشك و بیرەوەری تێکەڵاو دەبون و وێنەی تابوت و گۆڕی ئەو هەواڵە ترسناکانەیان دەکێشا کە ڕۆژانە دەهاتنە گوێیەوە.. ماوەیەك لەوەبەر بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتێك ئەو ئازارە تێکەڵاویەی گرتیەوە:

*گوندەکان دەگەڕێنەوە و ئەم تەوقەش تێکدەشکێت ..ئێمە نەوەی ئیسماعیل و قابیلین دەبێت سەبری ئەیوبتان هەبێت ..دوژمنان ئاگریان خستۆتە سەر ئێسکمان ئە نجامیش هەر سەرکەوتنە.

بە خەیاڵ ڕۆحی خۆی تواندەوە و بوەوە بە لاوی چواردە ساڵان.. سەرکردەی پێنج بە قوڵی سەیری دەکرد لە پڕ بیری گرموڵە کرد :

*بەڵکو خوا بگاتە فریای ملوێنان هەناسەی بێ تاوان و کراسی عەلیت بۆ بنێرێت .

بەو قسەیەوە ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە لە بارەگای کۆماری بولگارستان ئەتەناسۆن وەڵامی سەرکردەی هەشتی دایەوە:

*ئەگەر هەڤاڵی راستەقینەی لایەنگری جیهانی سۆشیالیزمی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستا هەبێت تەنیا مستەفا بارزانیە.

بەو وێنەیەوە لێی روانیەوە ئەویش بێدەنگ بو بیری پەرش گرتیەوە..بە وێنەی هەواڵی جەنگ و کاول کاری و سێدارە و کوشتن و بەندیخانەوە پرۆڤەی خەیاڵی دەکردەوە. .هاواری ڕۆژانە لە مێشکیدا بەرز دەبوەوە :

* ئای .. کوژرام .. کوردستان .

*منداڵم کوژرا.

*مێردم لە سێدارە درا .

*کورەکەمیان بە تێزاب سوتاند .

ئەو هاوارانە مێشکیان گرتبوەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیان دەسەند و بزەی شادی و کاتی نان و پشوی لێ گۆڕا بو.. ڕۆژانە یەك دو جار چەند پاروی دەخستە ناو دەمیەوە و دەکەوتە خویندنەوە.. پاش ماوەیەك تەزوی نەخۆشی دەیگرتەوە و رادەکشایەوە و لە ڕوانیندا نوقم دەبو..لە ئاوێنەی بونیەوە گوڵ بە گوڵی دەژمارد و دەچوەوە ناو سەنگەر و بروسکەی گۆشە گیری لە نیگایەوە دەسڕایەوە و لە توانەوەی رۆحەوە مێژوی نوێیان بەرجەستە دەکردەوە .

ئەو توانەوەیە زۆر جار دەیگرتەوە.. هەر لەو ساتەی دو کوڕی چونە بەرەی رژێمەوە رۆحی تواندەوە و هێزی نەتەوە روانینی پۆشیەوە:

*من سزای چاوی خۆیشم دەدەم ئەگەر لە بیرو باوەڕی بەرزی کوردایەتی لابدات..ئەرکی کوڕی من خزمەت کاری رەش و روتی کوردستانە.

بەو هێزەوە لە خۆی و بارەگای روانیەوە و وێنەی هێزی پێشمەرگە ئەو بۆشاییەیان پڕ کردەوە .. لاوانی نیشتمان ڕوانینیان پۆشی بو.. سەدان نەوەی گرتە باوەش و فرمێسکی هەزارانی سڕی و لە بۆتەی شۆڕشدا توایەوە.

لـەو ساتەشـدا تـۆڕی وێنـەی بـون لـە فیلمێکـی چـرکەیی تێکەڵـە زەمـەنا هاتنـەوە بەرچاوی و نـەوە و کـوڕ و سـێ ژنەکـەی دیـەوە .. لەگـەڵ وێنـەی نەتـەوەدا تێکـەڵاو دەبونـەوە و شـرینقەکەش لەجەسـتەیدا دەیتەنیـەوە و مێشـکی کـەوتبوە سـەر شـێی خۆخوارد و.. رەنگ و دەنگ و هاوار و بانگەشـە کەوتـە سـەر شـە پۆل و دەتەقینـەوە و هەست و نەستی تێکـەلاو بـون..چـاوی نـوقمی شـە پۆلی دەریـای شـۆڕش ببـو..لەسـەر گوڵزار و کەشێتیشەوە تیشـکی ئاسـۆیی دەکشـا و ئاوێنـەی کۆجیتـۆی لـەناو هـەزاران شەوقدا ڕەنگیان دەدایەوە..تیشك و گڕ و هەتـاو روانینیان دەگرتەوە.. ڕوحی خەفـەی لـە نـاو بورکـانی نەبینـدا پزیسـکیان بـەرز دەکـردەوە ..لەگـەڵ نیشـانەی گومـانی لێزەریشدا دەتوایەوە و مۆمیای نەمری دەبو..تیشکی خۆریش لە ژێر پەڵـەی هـەورەوە باڵی دەکێشا..واشنتۆن لە تـارای هەڵمی چڕو پڕ دابو..لە زەویـەوە بـۆ ئاسمـان بـەرز دەبوەوە و لەگەڵ شالاوی دیدەیا بە نمـە بـارانی سـەر شوشـەی پە نجەرەکـەوە یاریـان دەکرد و وێنەی سەرەتـا و کۆتـایی وێنە و دیمەنی فەزای زەمـەنی ( بـا ) نمـەی بـارانی شوشەی سەر پە نجەرەی ژورەکەی گرت بو.؟؟

سلێمانی ئەنتەرنێتی شار١٥:٤:٢٠٠٨

**له بڵاوكراوەكانی نوسەر:**

***كفن پۆش و كەون ١٩٩٠+جەنگی جیهانی سفر ١٩٩٣+ شارای شیعریم..ئەزمونی دوای ئەوان ..جارێكی تربەناوی كەوتنە خوارەوەی گەردونەوە بە ژمارەی كەم بڵاوم كردەوە.٢٠٠٠.. ٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم كردەوە.**

***ئۆڤیانوسی مەرگەسات| شانۆیی |١٩٩٢ ..٢٠٠٧ بە ژمارەی كەم بڵاوم كردەوە. ٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم كردەوە.**

*** مۆسیقای مەرگی ناوەختە| رۆمان ١٩٩٢.. بە ژمارەی كەم بڵاوم كردەوە.٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم كردەوە.**

***بەرەو دامەزراندنی شانۆی كوردی |چەند لێكۆڵینەوەیەكی شانۆیی.ئاركیۆلۆژیای شانۆی كوردی ..سوسیۆلۆژیای گوتارە جیارەكان ..خوێندنەوەی جەستە لە بونیادی شانۆدا..فەزای سیمیایی سیدرا رەمز و كۆدەكانی نمایشت..لە سلێمانی و هەولێر و بەغداد چەندین جار لە كۆڕی تایبەتیدا پێشكەشكراون .١٩٩٢ ..٢٠٠٧ بە ژمارەی كەم بڵاوم كردنەوە ..جارێكی تر لە رۆژنامە و گۆڤارەكاندا بڵاوبونەتەوە و ئامەدەن بە كتێبێك بڵاوببنەوە.**

*چیای ئاو | شانۆیی٢٠٠٠..٢٠٠٧ بە ژمارەی کەم بڵاوم کردەوە. ٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم کردەوە.

*نەفخ و وێنەکانی با| رۆمان ٢٠٠٠..٢٠٠٧ بە ژمارەی کەم بڵاوم کردەوە. ٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم کردەوە.

*سقوگ الکون| مجموعە الشعریە|الگبعە الاولی ٢٠٠٣| بە ژمارەی کەم بڵاوم کردەوە. ٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم کردەوە.

*نسیان النفخ..٢٠٠٧ مجموعە الشعریە. لە ئینتەرنێتدا بڵاوم کردەوە. ٢٠٠٧ لە ئەنتەرنێتدا بڵاوم کردەوە.
*فەلسەفەی مەرگی صلاح جلال ٢٠٠٧+ ئیمپریالیەتی سەگ٢٠٠٧+ بانگەشەی سەگەلی فەلسەفە ٢٠٠٧+ سیدرەو سێو و زەیتون٢٠٠٨.چوار چامە شیعری نوێ. لە ئینتەرنێتدا بڵاوم کردونەتەوە.
* شوناسی نادیارو سروشتی رۆمانی کوردی \ لێکۆڵینەوەیە لەسەر رۆمانی کوردی٢٠٠٧. لە ئینتەرنێتدا بڵاوم کردەوە و دوجار لە رۆژنامەی پاشکۆی کوردستانی نوێ و هیومانیزم دا بە زنجیرە بڵاوبۆتەوە.
* سەرلەنوێ نوسینەوەی کوژاوەکان| وەرگێڕانی کۆمەڵەچیرۆکی عباس عبد جاسم لە عەرەبیەوە٢٠٠٧. لە ئینتەرنێتدا بڵاوم کردەوە و لە رۆژنامەکانا بڵاو بونەتەوە.
* ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ |رۆمان بە ژمارەی کەم بڵاوم کردەوە ١٩٩٣..بورکانی رۆح ٢٠٠٨,
* قرأە جنونیە صلاح جلال ل ( حفریات فی زاکرە الوعی المهمل ) للبروفیسور د مالك المگلبی٢٠٠٨.حائز للنشر

* بەدەیـەها بـاس و لێکۆڵینـەوەی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارەکانـدا بـە عـەرەبی و کـوردی نوسیوە و لەسـەر نوسـینەکانی بڵاوبونەتـەوەو لەسـەر ئاسـتی عـەرەبی تـەواو بـاوەڕ پێکراو و ناسراوە.